# دۆزی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان

ئامادەکردنی:

بەشی زانیاریی پارتی دیموکراتی کوردستان

وەرگێڕانی:

د. سەنگەر حاجی

# ناوەرۆک


- نامەیەک لە مستەفا بارزانییەوە.......................................................۷

- نامەیەک لە م.م.ئا. ڕەحمان و م. دزەیی..............................................۹

١. پاشخانی قۆناغی ئێستای جەنگ لە کوردستان.......................................١٣

٢. حکومەتی عێراق جەنگێکی هەمەلایەن لە دژی گەلی کورد بەرپادەکا.....١٩

٣. بانگەواز بۆ گەلی کورد بۆ پەنابردن بۆ ئامرازە یاساییەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکانی..........................................................................................٢٧

٤. تاوانی کۆمەڵکوژیی دژی گەلی کورد.....................................................٣٣

٥. چەوساندنەوەی سیاسی و ڕەگەزپەرستیی دژی گەلی کورد.......................٣٥

٦. حکومەتی عێراق سیاسەتی جیاکاریی ڕەگەزی لە دژی گەلی کورد پەیڕەودەکا............................................................................................٣٩

٧. ئیستیغلالکردنی ئابووری و جیاکاریی لە گەشەپێدان و دامەزراندن........٤١

٨. جیاکاری دژ بە کلتور و خوێندنی کوردی..............................................٤٧

٩. ئەنجامەکان..........................................................................................٥٣

**پاشکۆی A:** لەبارەی بزاڤی کورد لە عێراق............................................٥٥

**پاشکۆی B:** لەبارەی پاشخانی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠.........................٧٣

**پاشکۆی C:** چەند پوختەیەکی ڕێکەوتننامەی ئاشتی...............................٨١

**پاشکۆی D:** لە چوار ساڵ بە دامەزراوەییکردنی حوکمی زاتیی کورد

(١٩٧٠-١٩٧٤) چــی ڕوویــدا؟............................................................٨٩

**پاشکۆی E:** "بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق لە دژی کوردستان"...................١٠١

**پاشــکۆی F:** لیســتی نــاوی ١٥ شــارەدێ و ٢٠٤ گونــدی بۆمبارانکــراو لــە ناوەڕاســتی نیســانەوە تــا کۆتایــی ئایــاری ١٩٧٤..............................١٠٧

**پاشــکۆی G:** چەنــد نموونەیەکــی کۆمەڵکــوژی لــە دژی هاوڵاتیــانی کــورد؛ بۆمبــاران، گــۆڕی بەکۆمــەڵ، ئابڕووچــوون، دەرکــردن، ڕاگــواستن و کاری تیرۆرســتی.....................................................................................١٢٣

**پاشکۆی H:** چەند نموونەیەکی قوربانیانی تیرۆری سیاسی.........................١٣٣

**پاشکۆی I:** لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە....................................................١٣٥

**پاشکۆی J:** نامەیەک لە گوندنشینانی جەبەل بۆر.....................................١٣٩

**پاشکۆی K:**  پلانە ڕەگەزپەرستانەکانی حکومەتی بەعس...........................١٤١

**پاشکۆی L:** پێشنیاز و هاوکاریکردن.....................................................١٥٣

**پاشکۆی M:** ناوی ئەو قوتابخانە کوردییانەی لە دوو پارێزگا داخراون......١٦٥

# جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی

## ڕابـەری لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و سـەرۆکی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان

**٢٨ی ئایاری ١٩٧٤**

**زۆر بەڕێز دکتۆر کورت وۆڵدایم**

ئـەم بارودۆخـە کارەساتبارەی دیسـان بەسـەر گـەلی کـورددا سـەپێنراوە، بووەتـە پێویسـتیی تـا سـەرنجی جیهـان ببرێتەسـەر ئـەو تاوانانـەی حکومەتی عێـراق دژی هاوڵاتیـانی خـۆی کـە کـوردن، ئەنجامیانـدەدا. لەمـاوەی سـێزدە سـاڵدا، ئەمـە پێنجەمیـن جەنگی یەک لـەدوای یەکە، حکومەتە یـەک لەدوای یەکـەکانی عێـراق لـە دژی کوردسـتان هەڵیدەگیرسـێنن. سـێ لـەو جەنگانـە لەلایەن بەعسـییەکانەوە بووە. ڕەنگە دروسـت بێ بڵێین، لەماوەی ئەم سێزدە ساڵەی دواییـدا، گـەلی کـورد بەردەوام لەناو شـەڕدا بـووە، تەنیـا جارناجارێک ئاگربەسـت و دانوسـتان هەبوون و ئەوانیش لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە بـۆ کۆکردنـەوەی هێـزی نـوێ و دووبـارە هێرشـکردنەوە قۆستراونەتەوە.

ڕێـک بەهـۆی گرتنبـەری ئـەم ڕێگەیـەوە، حکومـەتی حـزبی بەعـس نەیتـوانی و شکسـتیهێنا لـە پابەندبـوون بـە بەڵێنـەکانی ڕێکەوتننامـەی بەناوبانگـی یـازدەی ئـادار کـە لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ مۆرکـرا کـە بەداخـەوە لـە ١١ی ئـازاری ١٩٧٤و دوای هێرشـکردنە سـەر گـەلی کـورد لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە، بووەتـە مەرەکـەبی سـەر کاغـەز. هەنوکـەش کـە دانوسـتان و ئاشـتی لەگۆڕێـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە نێودەوڵەتییـەکان، حکومـەتی عێـراق توندتریـن جەنگـی لەسـەر گـۆی زەوی لـە دژی گـەلی کـورد دەسـتپێکردووە. بارودۆخـی بـاو لـە کوردسـتانی عێـراق بریتییـە لـە کۆمەڵکـوژی، خاپوورکـردن، برسـیکردن و سـوتماکی گونـد و بەروبـووم. نیـوەی کـورد لەنـاو مەترسـیی بۆمبـی ناپاڵـم و گازی ژەهـراوی دەژییـن و نیوەکـەی دیکـەش لـە تیـرۆری دەوڵـەت تۆقیـون.

چیدی ناکرێ ئەم بارودۆخە بە کێشەیەکی ناوخۆیی حکومەتی عێراق دابنرێ، لەکاتێکدا گەلی کورد لە سادەترین مافی ژیان بێبەشە. جیهان و بە دڵنیاییەوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ناکرێ ڕاستیی ئەم تاوانانەی دژ بە مافی مرۆڤ دەکرێن، پشتگوێیان بخا، بۆیە بڕیارماندا بەڕێز م.م. عەبدولڕەحمان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەزیری پێشووی کاروباری باکوور لە حکومەتی عێراق، هەروەها بەڕێز م. دزەیی ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەزیری پێشووی نیشتەجێکردن لە حکومەتی عێراق بنێرینە دەرەوە، تا کاری شاندی کوردستان لە دەرەوە تۆکمەتر بکەن و نامەیەکیش پێشکەشی بەڕێزتان بکەن لەبارەی جەنگی کۆمەڵکوژ و پێشێلکاریی حاشاهەڵنەگری حکومەتی عێراق کە لە بەرانبەر مافی مرۆڤ لە کوردستان کردوویەتی. لەباتی گەلەکەم، داواتان لێ دەکەم ئەم پەیامە بەهەند وەربگرن و بینێرنە لێژنە تایبەتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست.

ئێمە دەمانەوێ بە خۆشەویستی لەگەڵ گەلانی دیکەی عێراق کە ئەوانیش بەدەست چەوساندنەوە و تیرۆر دەناڵێنن، بژیین و هەماهەنگی لەنێوانمان هەبێت. ئەوەی پەیوەندیشی بە مافی مرۆڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان و شەڕی بەرگریکردن لەخۆ هەبێ، ئەوا خاچی سوورمان لە پابەندیی خۆمان بە ڕێککەوتننامەی جنێف ئاگادارکردووەتەوە. ئێمە هەر دەستەیەک کە بۆ پشکنین دێن، یان نوێنەری تایبەتی ئێوە، پێشوازیيان لێدەکەین. داواتان لێدەکەین هەوڵە ژیرانەکانتان بخەنەگەڕ، بۆ کۆتاییهێنان بەم کۆمەڵکوژییە.

**من و گەلی کوردستان سوپاستان دەکەین.**

**مستەفا بارزانی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی**

**شاندی کورد لە دەرەوە**

**٦ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

خاوەنشکۆ؛

ئێوە دووبارە خەریکی ئاشتەوایین کە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان. گەلی کورد ئاواتەخوازی سەرکەوتنتانە لە هەوڵەکانتان بۆ وەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی، بەتایبەتی کە ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لێیەوە نزیکن. گەلەکەمان داواکارە کەمێک لە کات و بایەخدانی خۆتان بۆ هەوڵ و تێکۆشانی دۆزی کورد تەرخان بکەن کە هەنووکە ڕەواترین دۆزە لە جیهاندا.

ڕێگەمان پێبدەن سوپاستان بکەین بەهۆی بایەخدانتان بە نامەی (SO 215/1IRAQ، بەشی مافی مرۆڤ، ٣ ئایاری ١٩٧٤) کە ئاماژەیە بە وەرگرتنی نامەی شاندی کورد لە تاراوگە، ئەوەی ڕێکەوتی ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤ی لەسەرە و زانیاریی سەرەتایی بۆ ئێوە تێدایە. سوپاسی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست دەکەین بۆ کار لەبارەوە کردنی.

بەداخەوە، ئەو ترسانەی لە نامەکەدا باسکراون، ئێستا بوونەتە واقیع. حکومەتی عێراق جەنگێکی سەرتاپاگیری دژی گەلی کوردستان دەستپێکردووە. ئەو چەکەی سەربازی عێراق هەیانە، نوێترین چەکن و بێ بەزەیی دژی گەلی ئێمە بەکاردەهێنرێن، ئەو گەلەی کە جگە لە قوربانیدان لەپێناو دادوەری و ئازادی و یەکسانی هیچی دیکەی نییە لە نیشتمانە جوانەکەی بیبەخشێ.

لـە کوردسـتان؛ لـە ناوەڕاسـتی نیسـانەوە تۆپبـارانی گوند و گونـدەوارەکان و لەسـێدارەدانی پیـاو و ژن لــە گۆڕەپانــەکان و کوشــتنی گیانــداران و سـوتاندنی بەروبـووم و برسـیکردنی بـە کۆمەڵـی هاوڵاتیـان بـاوە و لەلایـەن حکومەتێکـەوە دەکـرێ کـە بـە هەمـوو پێـوەرەکان ئـەو بەرپرسـیارە لـە خۆشـبژێنی ئـەم گەلـە بەدبەختـە.

لــە ســەردەمی مــافی چارەیخۆنووســینی گــەلان و ئازادبوونیــان و کۆتاییهاتــن بــە داگیرکــەر، گــەلی ئێمــە داوای مافێکــی زۆر ســەرەتایی خــۆی دەکا کــە حوکمــی زاتییــە لــە چوارچێــوەی وڵاتێکــی دیموکراتیــدا.

وەڵامــی حکومــەتی عێــراق بــۆ ئــەم داواکارییــە، بریتییــە لــە شــەڕی ڕەگەزپەرســتی و داگیــرکاری لەگــەڵ کۆمەڵکــوژی و بنپێخســتنی ڕوونی مافــەکانی مــرۆڤ، ئەمانــە ڕۆژانــە دژی ئــەو کوردانــە دەگیرێنێبــەر کــە لــە ناوچــە ئازادکــراوەکانی کوردســتان نیشــتەجێن، هــاوکات دژی ئــەو کوردانــەش ئەنجامدەدرێــن کــە لــەو شــارۆچکە و شــارانە دەژییــن کــە لەبەردەســتی خۆیانــدان. دەبــێ ئەمــەش بڵێیــن کــە گــەلی عەرەبیــش لــە عێراقــدا ئەوەنــدە دڵخــۆش نیــن، ئەوانیــش لــە ســایەی حــزبی بەعــس ئازادییــە تاکەکەســی و سیاســییەکانیان لەدەســتداوە. نیــەتی حکومــەتی ئێسـتا، وەک ئـەوانی دیکـە ئەوەیـە؛ ئـەم جەنگـە ماڵوێرانکـەرە لـە جیهـان و بــە تایبــەتی لــە نەتەوەیەکگرتــووەکان بشــارنەوە. هــەروەک ویســتی ئەوەشـیان هەیـە، جەنگەکـە بـە جەنگێکـی تـەواو ناوخۆیـی لـە قەڵـەم بـدەن، بـەڵام کۆمەڵکـوژی و پنپێخسـتنی مافـەکانی مرۆڤـی مرۆڤـی کـورد ئێسـتا لـە ئاسـتی دنیـاوە نـاسراوە، بۆیـە بەهیـچ شـێوەیەک ناکـرێ وەک پرسـێکی ناوخۆیـی لـێ بڕوانـرێ.

ئێمە درکی پێدەکەین و دڵیشمان خۆشە بەوەی؛ نەتەوەیەکگرتووەکان پێشتر لەو وڵاتانە بایەخی بە بنپێکردنی مافەکانی مرۆڤ داوە کە پێشێلکارییەکان کەمتریش بوون، بۆیە پێشکەشکردنی بەلاغێکی فەرمی لەبارەی کۆمەڵکوژی و پێشێلکردنی سەختی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە بەشێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو زیاتر لە دەیەیەکە لە دژی گەلی کورد کە کەمینەیە لە عێراق ئەنجامی دەدا، ئێستا لە هەموو کات پێویستترە.

بە هاوپێچ ئەو ڕاگەیێندراوەتان بۆ دەنێرین لەبارەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و عێراق کە ڕووداوە خەمهێنەکانی کوردستان دەخاتەڕوو. بەوپێیەی ئێمە نوێنەری جەنەڕاڵ مستەفا بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردین، داواتان لێ دەکەین، نامەی هاوپێچ کە هی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانییە، وەریبگرن، کە داوای لە ئێمە کردووە، پێتان ڕابگەیەنین کە ئەو ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازێ.

گەورەم لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم

**م. م. عەبدولڕەحمان**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**م. دزەیی**

**ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**م. دزیي**

**بۆ بەڕێز سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نیویۆرک ، نیویۆرک ١٠٠١٧**

**ڕاگەیەنراوێــک لەبــارەی پێشــێلکارییە گــەورەکانی مــافی مــرۆڤ لــە کوردســتان (عێــراق)**

**یەکەم: پاشخانی قۆناغی ئێستای جەنگ لە کوردستان**

١. بەپێــی پەیماننامــەی ســیڤەر (١٩٢٠) گــەلی کــورد؛ هاوشــێوەی تــەواوی میللەتــانی ژێــر دەســەڵاتی دەوڵــەتی عوســمانی، مــافی چــارەی خۆنووســینی پێــدراوە، بــەڵام بەرژەوەندیــی نێودەوڵــەتی بــووە هــۆکاری جێبەجێنەکــردنی پەیمانناکــە. لــە ســاڵی ١٩٢٥ ویلایــەتی موسڵ(کوردســتان) لــە ئینتیــدابی بەریتانیــاوە خرایــە ســەر عێــراق. بەریتانیــا بەڵێنــی بــە کۆمەڵــەی نەتــەوەکان دا، مــافی نەتەوەیــی کــورد بپارێــزرێ و ئەمــەش مەرجــی خرانەپاڵەکــە بــوو. لەوکاتــە بــەدواوە خەڵکــی کوردســتان بــە هەمــوو ڕێگایــەک هەوڵــی وەدەســتهێنانی مافــە نیشــتمانییەکانی داوە، بەدرێژایــی ئــەم شۆڕشــە، تێکۆشــاوە بــۆ حوکمــی زاتی لــە چوارچێــوەی دەوڵەتێکــی فیدڕاڵــدا.

٢. ئــەم کێشــەی مانەوەیــە کــە هەنووکــە بــەرەوڕووی کــورد بووەتــەوە، لــە ١١ی ئەیلــوولی ١٩٦١ دەســتیپێکرد، کاتێــک ئــەو دەم حکومــەتی عێــراق جەنگــی دژی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گــەلی کــورد بــە ســەرکردایەتی جەنــەڕاڵ مستەفا بــارزانی و پــارتی دیموکــراتی کوردســتان (کــە لــە ١٦ی ئــابی ١٩٤٦ دروســتبووە) دەســتپێکرد. کاردانــەوەی کوردیــش لەبەرانبــەر هێرشــەکە ڕاگەیانــدنی "شــۆڕشی کــورد" بــوو.

٣. لـــەکاتی هێرشـــەکەوە تـــا ئێســـتا، پێنـــج ڕژێـــم و نـــۆ حکومـــەت شکســـتیان هێنـــا -کـــە هیچیـــان هەڵنەبژێردرابـــوون- بەڵکـــو بـــە پێچەوانـــەوە هەموویـــان یـــان دیکتاتـــۆری عەســـکەری بـــوون یـــان کەســایەتی عەشــایەر، چونکــە دوا هەڵبــژاردن لــە عێــراق کرابــێ، لــە ســاڵی ١٩٥٨ بــوو. ئــەم ڕژێمانــە یــەک لــەدوای یــەک هەوڵیانــدەدا کێشــەی کــورد بــە زەبــری هێــز چارەســەر بکــەن، ئــەوەش ڕوونــە کــە عێــراق، ئەگــەر کێشــەکانی بــە ئاشــتی و بــە دیموکــراتی چارەســەر نــەکا، ئــەوا ئــارام نابــێ. بــۆ زانیاریــی زیاتــر بنــۆڕە پاشــکۆی أ (لەبــارەی بزاڤــی کــورد لــە عێــراق).

٤. لــە ســاڵی ١٩٧٠ حکومــەتی عێــراق بــە ســەرکردایەتی حــزبی بەعــس دوای زنجیرەیەکــی شــەڕی دۆڕاو لــە دژی کــورد، بڕیــاری دەســتپێکردنی دانوســتانی ئاشــتی لەگــەڵ پــارتی دیموکــراتی کوردســتان دا. بەمشــێوەیە؛ ڕێکەوتننامــەی بەناوبانگــی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠ مۆرکــرا. بــۆ بینینــی دەقــی ڕێکەوتننامەکــە، ســەیری پاشــکۆی ج بکــە ("چەنــد بڕگەیەکــی ئاشــتی لــە ١١ی ئــادار لــە ١٩٧٠"). لــە یەکێــک لــە بڕگــە نهێنییەکانــی ڕێکەوتننامەکــەدا ڕەزامەندیــی دراوە لەســەر ئەنجامــدانی ســەرژمێریی گشــتی لــە مــاوەی ســاڵی ١٩٧٠ دا. بڕیاربــوو ناوچــە کوردنشــینەکان، ئەوانــەی ڕێــژەی کــورد تێیانــدا ٪٥١ ە، کوردســتانیان لــێ پێکبهێــنرێ. هــەروەک ڕازیبــوون بــە دروســتکردنی دەســتەیەکی نیشــتمانی لــە بەغــدا بــۆ نوێنەرایەتیکــردنی نەتــەوەی کــورد و عــەرەب بــە دادپەروەرانــە. بەهەمانشــێوە؛ مــافی گــەلی کوردیــشی لــە نوێنەرایەتیکــردنی لــە حکومــەتی ناوەندیــی عێــراق لەخۆگرتبــوو.

٥. بەداخــەوە؛ بـۆ یەکەمجـار ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی لـە ٤ی نیسـانی ١٩٧٠ پێشـێلکرا، ئەوکاتــەی بەکرێگیــراوانی حکومــەت لــە موســڵ هێرشــی چەکدارییـان کـردە سـەر بـارەگای پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان. هەرگیـز سـەرژمێریی دانیشـتووان نەکـرا. لەبـاتی ئـەوە، حکومـەت سیاسـەتێکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوی تەعریبکـردنی ئـەو ناوچانـەی کوردسـتانی گرتەبـەر کـە نـەوتی زۆریـان لێیـە، بەتایبـەتی کەرکـووک و خانەقیـن و شـەنگار. هەروەهـا دەرکـردنی خەڵکـی بێ تـاوان لە ماڵـەکانی خۆیان و دەمودەسـت سـەرلێکردنەوەی هەندێکیـان. زەوی و مـاڵ و سـامانی کـورد درا بـەو عەرەبانـەی لـە ناوچـەی دیکـەوە هێنرابـوون، تـا لە ناوچـە کوردنشـینەکان نیشـتەجێ بکرێـن. ئەندامـانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە "قـەسری نیهایـی" ناوبانـگ زڕاو و گرتووخانـەی دیکـە، تـووشی ئەشـکەنجە و لـە سـێدارەدان بوونـەوە. هەروەهـا حکومـەتی بەعسـیی عێـراق دووجـار هەوڵـی تیرۆکـردنی جەنـەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی داوە. وا چـاوەڕان دەکـرا، جێبەجێکـردنی حوکمـی زاتی لەنێـوان حـزبی بەعـس و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـەو ماوەیـەدا بـەردەوام بـێ، ئـەوە ڕاسـتییەکەیە کـە نوێنەرانی کـورد زۆر بـە ڕوومـەت کاری خۆیـان ڕادەپەڕانـد.

٦. گـەلی کـورد لەمـاوەی ئـەم چـوار سـاڵەدا، تـووشی ئازارێکـی لـە ڕادەبـەدەر و کەمەرشـکێن بـووەوە، بـەڵام هێشـتا پابەندیـی ڕێکەوتنـی ئاشـتی بـوو. ئەوەشـیان لەبەرچاوبـوو کـە چـۆن داهـاتی زیـادەی نـەوت، زۆر بەخراپـی کەڵکـی لـێ وەردەگیـرێ بـۆ کڕینـی چەکـی تایبـەت و نـوێ و گازی ژەهراویـی کۆمەڵکـوژ. هـاوکات حـزبی بەعـسی دەسـەڵاتدار خەریکـی لەناوبـردنی حـزب و کۆمەڵـە عەرەبییـە ئۆپۆزسـیۆنەکان بـوو.

٧. بەدرێژایی ساڵی ١٩٧٣ حکومەتی ناوەندی خەریکی دەستپێکردنەوەی توندوتیژی بوو، ئەوکاتەی تاکلایەنە، ئەوەی ناویان ناوە "یاسای حوکمی زاتی" لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ ڕایانگەیاند و بەشی هەرە زۆری سوپا و هێزی ئاسمانیی عێراقیان هێناوەتە کوردستان.

بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی ئاشتی، "یاسای حوکمی زاتی" کوردی ناچارکردووە، بۆ هەتاهەتایێ دەستبەرداری سێیەکی خاکەکەی بێ کە کەرکووک و خانەقین و شەنگار و بەشێکی مەندەلی و بەشێکی حەمدانیەش دەگرێتەوە. لەم ڕاگەیێنراوەدا ناوی کورد وەک بەشدار لە حکومەتی ناوەندیدا نەهاتووە و ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقیش نەهێنراوە و هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەش نەدراوەتەوە ناوچەی حوکمی زاتی. بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە ژمارە ٣٠٧ (١٦ی ئاداری ١٩٧٤) کە بڕیاری لە یاسای ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان داوە، ئەمەی لەخۆگرتووە: ماددەی ١ ئەمەیە: "ئەنجومەنەکە لە ٨٠ ئەندام پێکدێ کە لە هەڵبژارنێکی ئازاد و پاک و ڕاستەوخۆ و بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان، هەڵدەبژێردرێن".

هەروەها مادەی ١٠ ئەوەی لەخۆگرتووە کە "دەکرێ ئەندامانی یەکەم ئەنجومەنی یاسادانان بەبێ هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێن".

لەڕاستیشدا حکومەتی ناوەندی داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی ڕاگەیاند کە خۆی هەڵیاندەبژێرێ. لەگەڵ ئەوەشدا؛ تەنانەت لەمەشدا شکستی هێنا، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەمی کورد لەم بارودۆخەدا ئامادەن خۆیان بەربژێربکەن. مادەی ٢٠ (أ) ئەوەی بە "یاسای حوکمی زاتی"

نـاسراوە، ئـەوەی لەخۆگرتـووە کـە "سـەرۆک کۆمـار مـافی ئـەوەی هەیـە ئەنجوومــەنی یاســادانان هەڵبوەشــێنێتەوە، ئەگــەر هاتــوو دووجــار زیاتــر ڕەتیکــردەوە متمانــە بــە ئەنجوومــەنی جێبەجێکــردن بــدا".

هەروەهــا "یاســای حوکمــی زاتی" هەرێمــی کوردســتانی لــە دەســەڵاتی جێبەجێکـــردن بارنجـــی کـــردووە لـــە بـــوارەکانی دادوەری، کاروبـــاری ئاودێـــری، پلانی هەرێمـــی، پیشەســـازی، ئاســـایشی ناوخـــۆ و تەنانـــەت پۆلـیسی هەرێمیــش. ئــەم یاســایە گەشەســەندنی ئابــووری بــۆ هەرێمــی کوردســتان نارەخســێنێ، ســەرەڕای ئــەوەی زۆربــەی داهــاتی عێــراق لــە بیـرە نەوتـەکانی کوردەوەیـە و وێـڕای ئـەوەی بڕیـاری حکومـەت دان بـە پاشــکەوتوویی هەرێمـــی کوردســـتاندا دەنـــێ (بڕوانــە پاشــکۆی ج). لــە ڕاسـتیدا ئـەوەی نـاوی نـراوە "یاسـای حوکمـی زاتی" تەنیـا پەردەپۆشـییەک بــوو بــۆ هەڵگیرســاندنەوەی شــەڕ دژی کــورد.

٨. پــارتی دیموکــراتی کوردســـتان جگـــە لـــە ڕەتکردنـــەوەی ئـــەم جـــۆرە حوکمـــی زاتییـــە، هیـــچ بژاردەیەکـــی دیکـــەی نەبـــوو. ئەمـــە پێشـــێلکردنێکی ڕوونی ڕێکەوتننامـــەی ئاشـــتی ســـاڵی ١٩٧٠ و مـــافی مـرۆڤ بـوو دژی گـەلی کـورد. چەندیـن وەزیـر و پارێـزگار و بەڕێوەبـەر و قازیــی کــورد و دەوروبــەری ١٠٠٠٠٠ کــەس لــە چینــە جیــاوازەکانی کۆمەڵگــە لەشــارەکان بــە بەرفــراوانی بــەرەو ناوچــە ئازادکــراوەکانی کوردســـتان لــە چیــاکان کۆچیــان کــرد. بــۆ زانیاریــی زیاتــر بڕوانــە پاشــکۆی هاوپێــچ (لــە ســاڵانی نێــوان ١٩٧٠ و ١٩٧٤ چــی ڕوویــدا؟)

**دووەم: حکومــەتی عێــراق جەنگێکــی هەمەلایــەن لــە دژی گــەلی کــورد بەرپــا دەکا**

١. "جەنــگ ناخۆشــترین کارەســاتە بەســەر هــەر میللەتێــک دا هاتبــێ لەســەر گــۆی زەوی. کوردســتان لــە ســاڵی ١٩٦١ەوە پێنــج شــەڕی خوێنــاوی بەخــۆوە بینیــوە و گــەلی کــورد بــە تــەواوی لــە نەهامەتییــەکانی شــەڕ تێــدەگا، بۆیــە هەمــوو جــۆرە هــۆکارە مومکینــەکانی بەکارهێنــا، تــا خــۆی لــە شــەڕ بــەدوور بگــرێ، کەچــی حــزبی بەعــس بڕیــاری دەســتپێکردنەوەی شــەڕی لــە دژی کوردســتان دا، هــەر بۆیــە دژی هەمــوو پێشــنیازەکانی کــورد بــوو بــۆ چارەســەری. حکومــەتی عێــراق بەپێــی هەبــوونی ڕێژەیەکــی زۆری چەکــی نــوێ لــە جبەخانــەکانی و داهــاتی لەڕادەبــەدەری نــەوت کــە لــە ژێردەســتیدابوو، هەســتی دەکــرد بەهێــزە. بەعســییەکان لەســەر ئــەو بــاوەڕەن کــە تەحــەدای ڕای گشــتی عێراقــی و جیهانیــش دەکــەن، هــەروەک چــۆن پێشــتر لەچەنــد بۆنەیەکــدا کردوویانــە.

بەمشــێوەیە؛ بــەر لــە نوێبوونــەوەی شــەڕ لەگــەڵ کوردســتان، حکومــەت ســوپای عێراقــی لــە تــەواوی ناوچــەکانی کوردســتان بڵاوکــردەوە. چــوار فیرقــەی پیــادە و دوو فیرقــەی زرێپــۆش و فیرقــەی هێــزی تایبــەت، هەروەهــا فڕۆکــەی جەنگیــی (میــگ ١٧، میــگ ١٩، میــگ ٢١، ســیخۆی ٧، ســیخۆی ٢٠، بادجــەر و تۆبۆلــۆف ٢٢) لــە نزیــک مەیدانــەکانی شــەڕ لــە کەرکــووک و موســڵ و هەولێــر جێگیــر کــراون. ســەرەڕای ئــەوەی پرۆتۆکــۆلی جنێــڤ بەکارهێنــانی قەدەغەکــردوون، حکومــەتی عێــراق لــە کۆتاییــەکانی ١٩٧٢ەوەوە بڕێکــی زۆری گازی ژەهــراوی هــاوردە کــردووە.

هەروەها حکومەت ئامێرەکانی تیشکی لێزەر و ژمارەیەکی زۆری چەکی کۆمەڵکوژی دیکەی کڕیوە، تا لە دژی هاوڵاتیانی کورد بەکاریانبێنێ.

٢. بەهۆی ئەو بارانە زۆرەی لە نێوان ١١ی ئادار تا ١٥ی ئەپریلی ١٩٧٤ باریوە، شەڕەکە شێوەی وردەتەقەی وەرگرتووە. بە هاتنی نیسانیش حکومەتی عێراق هێرشە سەرتاپاییەکەی بۆ سەر گەلی کورد دەستپێکرد. بە سەرکردایەتیی جەنەڕاڵ بارزانیی بە ئەزموون، پێشمەرگە هیچ بژاردەیەکی نەبوو، بێجگە لە سەنگەرگرتن لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان کە سوپای عێراقی ناچارکرد لە زۆر ناوچەی چیایی و شارەکان بکشێنەوە. شەڕی سەخت لەو شاخانەی بەسەر ڕێگا سەرەکییەکانیاندا دەڕوانی بەردەوام بوو، لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی و لە کەرکووکەوە بۆ باشووری ڕواندز لە ڕێی هەولێر و لە موسڵەوە بۆ زاخۆ لە نزیک سنووری تورکیا. دەستەوەستانیی سوپای عێراق شکستی لێکەوتەوە و هیچ پێشکەوتن یان هاتنەناوەوەیەکی سەرکەوتوویان نەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق یەکەی زیاتری سوپا بهێنێتە ئەو ناوچانەی بارودۆخیان خراپە و لە شەڕی وشکانی گورزی گەورەیان بەرکەوت. بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە پاشکۆی "هـ"ی هاوپێچ ("بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق لە دژی کوردستان"). ورەی سەربازەکان داتەپیوە، چونکە دەزانن شەڕێکی زاڵمانە دەکەن و شەڕەکەش دەدۆڕێنن. پێشمەرگە بە ورەیەکی بەرزی بێ وێنە بەرگری لە نیشتمان و گوند و ماڵ و ماڵباتیان دەکەن. ئەوان بە تەواوی لەوە تێگەیشتوون، شکستیان، واتە کۆتاییهاتنی بزووتنەوەی کوردی، بگرە کۆتایی گەلی کوردیشە.

٣. زیانـــەکانی شـــەڕ لـــە ژمـــار نەدەهاتـــن. تـــا کۆتایـــی مانگـــی ئایـــار حکومـــەت نزیکـــەی ٥٠ تانـــک و ١٠٠ ئۆتۆمبێـــلی زرێپـــۆش و زرێپـــۆشی ســـەربازانی لەدەســـتدا. پێشـــمەرگە ٣٢ فڕۆکـــەی جەنگییـــان خســـتەخوارەوە. بـــە وردی ژمـــارەی ئـــەو ســـەربازە عەرەبانـــەی بوونـــە قوربانیـــی سیاســـەتی ئـــەو شـــەڕەی حکومـــەتی بەعـــس هەڵیگیرســـاند، نادیـــارە. پێشـــمەرگە ٦٠٠ تـــەرم زیاتـــری بنخـــاک کـــردووە کـــە لـــە مەیدانـــەکانی شـــەڕ بەجێهێڵدرابـــوون. ســـوپای عێـــراق ئـــەوانی دیکـــەی لـــە نزیـــک ئـــەوێ شـــاردنەوە و کەسوکاریشـــیانی لـــێ ئاگادارنەکـــردەوە. ئامانجـــی حکومـــەتی عێـــراق؛ پاراســـتنی یەکێتیـــی گـــەلی عێراقـــە لـــە ڕێـــی گۆمـــاوی خوێـــن کـــە ڕۆژانـــە لـــە کوردســـتان دروســـت دەبـــن و قوربانیەکانیـــشی عـــەرەبی عێراقـــی و کـــوردی عێراقیـــن.

لـــە ڕاســـتیدا؛ ژمارەیەکـــی زۆر ســـەرباز ســـوپایان بەجێهێشـــت و هەندێکیشـــیان لێـــی جیابوونـــەوە و هاتنـــە ڕیـــزی شۆڕشـــگێڕان و ئـــەوانی دیکـــەش لـــە دەشـــتەکانی باشـــووری عێـــراق خۆیـــان شـــاردەوە.

٤. وەک کاردانـــەوەی ئەمـــە، ڕژێمـــی بەعـــسی ڕەگەزپەرســـت هەڵمـــەتی شـــەڕی کۆمەڵکـــوژی لـــە دژی گـــەلی کوردســـتان دەســـتپێکردووە، ڕێـــک وەک ئـــەوەی لـــە هـــەردوو ســـاڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٩ کـــردی (بڕوانـــە پاشـــکۆی یەکـــەم). ئەوانـــە فڕۆکـــە نوێیـــە جەنگییەکانیـــان بـــۆ بۆمبارانکـــردنی دێهاتـــەکانی کوردســـتان لـــە بەرزایـــی زۆرەوە بەکاردێنـــن. هەندێـــک لـــەو ناوچانـــە زیاتـــر لـــە ســـەت کیلۆمەتـــر لـــە مەیدانـــەکانی شـــەڕ دوورن. هێـــزی ئاســـمانیی عێـــراق بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی بۆمبـــی ســـووتێنەر و بۆمبـــی ناپاڵـــم لـــە دژی هاوڵاتیـــان بەکاردێنـــێ.

ئەمـەی خـوارەوە چەنـد ئابڕوچوونێکـن کـە لـە دژی هاوڵاتیـانی کـورد ئەنجامـدراون:

لـە ١٦ی نیسـانی ١٩٧٤ شـارۆچکەی ئاکـرێ کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی لـە ٧٠٠٠ کـەس زیاتـرە، بـە چـڕی بۆردومانکـرا. ژمارەیەکـی زۆر خانـوو و کڵێسـا و مزگـەوت خاپـوور بـوون و بەسـەر جەسـتەی دانیشـتووانەکەیان کـە هەموویـان هـاوڵاتی ئاسـایی بـوون، دارِمـان.

لـە ٢٤ی نیسـانی ١٩٧٤ قـەڵادزێ کـە ژمـارەی دانیشـتووانەکەی ٢٠ هـەزار کەسـە، بـە چـڕی بۆردومانکـرا. ١٣١ هاوڵاتـی کـوژران و ٣٠٠ زیاتریـش برینداربـوون. زۆربـەی شـەهیدەکان ئـەو ژن و منداڵانـە بـوون کـە دەچنـە قوتابخانـە، چونکـە دوو قوتابخانـە بـە ئەنقەسـت بۆردومانکـران.

لـە نێـوان ٢٣ و ٢٧ی نیسـانی ١٩٧٤ ناوچـەی چۆمـان بۆردومـان کـرا و گەڵاڵـەشی گرتـەوە کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ٥٠٠٠ کەسـە. ٤٠ کـەس کـوژران و ٥١یـش برینداربـوون. (سـەیری وێنـەی پاشـکۆی "و" بکـە).

لـە ٢٥ و ٢٦ی نیسـانی ١٩٧٤ دهـۆک کـە ژمـارەی دانیشـتووانی ٤٠ هـەزار کەسـە، بۆردومانکـرا و خەڵکێکـی زۆر برینداربـوون.

لــە ٢٨ی نیســانی ١٩٧٤ شــاری هەڵەبجــە کــە ٨٠ کیلۆمەتــر لــە مەیدانــەکانی شــەڕ دوورە، بۆردومانکــرا و ١٠٠ خانــوو خاپــوور کــران. ٤٢ کــەس کــوژران و ١٠٠ کــەس زیاتــر برینداربــوون. دانیشــتووانەکەی ناچاربــوون شــارەکە چۆلبکــەن و بچنــە چیــاکان.

لـە نێـوان ٢١ی نیسـان و ١٠ی ئایـاری ١٩٧٤ شـارۆچکەی زاخـۆ کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ٢٥٠٠٠ کەسـە، بـە چـڕی تۆپبـاران کـرا و لەمـاوەی ئـەو بیسـت ڕۆژەدا شـارۆچکەکە بـەردەوام دەسـووتا.

تـا ٣١ی ئایـار قوربانیـانی بۆردومـان و بۆمبارانـەکان گەیشـتە ١٥٣٤ کـوژراو و نزیکـەی ٣٥٠٠ برینـدار. هەروەهـا ١٥ شـارۆچکە و ٢٠٤ گونـد بـە چـڕی بۆرودمانکـران. بـۆ زانیاریـی زیاتـر تەماشـای پاشـکۆی "و"ی هاوپێـچ بکـە (لیسـتی ١٥ شـارۆچکە و ٢٠٤ گونـد لـە ناوەڕاسـتی نیسـان تـا کۆتایـی ئایـاری ١٩٧٤ بۆمبـاران کـراون)

لـە ١٤ی نیسـانی ١٩٧٤، ١١ کـەسی نیشـتمانپەروەری کـورد لـە هەولێـر لـە سـێدارە دران، دوای ئـەوەی لـە بەغـدا حوکمـی لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەرچـوو و ئەشـکەنجە دران. بەڕاسـتیش؛ دەسـتی هەندێکیـان بڕابـوو و چـاوی هەندێکیشـیان هەڵکۆردرابـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ هەندێـک لـەو شـەهیدانە لای حکومـەتی عێـراق بـۆ مـاوەی سـاڵێک بـۆ دوو سـاڵ بـە تۆمـەتی بـێ بنەمـا زیندانیکرابـوون. ئـەو لـە سـێدارەدانەی ئـەو کات، ئیسـتیفزازێکی بـە ئەنقەسـت بـوو لـە دژی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان.

لـە ٣ی نیسـانی ١٩٧٤ بڕیـاری لەسـێدارەدان بـۆ پێنـج قوتـابی کـورد کـە لـە کۆلێـژی ئـادابی زانکـۆی بەغـدا دەیانخوێنـد دەرچـوو و فەرمـانی لـە سـێدارەدانەکانە دەمودەسـت جێبەجێکـرا، لەنێویانـدا کچێـک هەبـوو نـاوی لـەیلا قاسـم بـوو.

لە ٨ی ئایاری ١٩٧٤ شەش قوتابی دیکەی زانکۆ لەسێدارەدران.

ئـەم شـەهیدانە هەموویـان؛ لەلایـەن دادگای سـەربازیی بەغـدا کـە پێـی دەگوتـرێ دادگای شـۆڕش، بڕیـاری لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەرکـراوە، کـە بڕیـارەکانی یەکلاکـەرەوەوەن و ناتوانـرێ لەلایـەن دادگای بـاڵای دیکـەوە تێیهەڵبچنـەوە و مـافی بەرگـری لەخۆکردنیـش نییـە. ئـەو کەسـانەی لـە

سـێدارەدران ژمارەیـان گەیشـتە ٢٢ کـەس. زیاتـر لـە ٨٠ هـەزار کـەس ناچاربـوون کوردسـتان بەجێبێڵـن و بـەرەو ئێـران ڕابکـەن و هەندێکیشـیان ئـاوارەی تورکیـا بـوون، چونکـە مەحـاڵ بـوو بتوانـن لەژێـر ئـەم بۆردومانـە چـڕەدا بژییـن و کاربکـەن. ڕاسـتییەکەی؛ هەندێـک شـوێن ٢٠٠ جـار زیاتریـش بۆمبـاران کـران. سـەرەڕای ئـەوەش نزیکـەی ملیـۆن و نیوێـک کـەس لـە کوردسـتانی ئازادکـراو لـەو بارودۆخـە سـەختەی جەنـگ و کۆمەڵکوژی دەژییـن. ئێسـتا زۆربەیـان ئـاوارەن و لـە ئەشـکەوت و چیـاکان دەژییـن. هیـچ ڕۆژێـک بەبـێ هـەزاران هێـرشی ئـاسمانی تێناپـەڕێ و شـەو و ڕۆژێـک نییـە قوربانیـی نـوێ نەبـن. هیـچ ڕۆژێـک نییـە دەسـەڵاتی بەعـس ئـەو ماڵباتانـەی ماڵیـان کاول بـووە، ناچـار نـەکا گوندەکانیـان بـەرەو چیاکان بەجێبهێڵـن، ئەمـە دوای ئـەوەی سـامانەکەیان لـێ زەوت دەکـەن.

حکومـەتی عێـراق بـە فەرمـی و ڕاگەیەنـراو گەمـارۆی ئابـووری خسـتووەتە سـەر کوردسـتان، بەجۆرێـک؛ زۆر بـە بەرفـراوانی بەروبوومـەکان دەسـوتێنرێن. ئامانـج لـە هەمـوو ئەمانـە، برسـیکردنی خەڵکـی کوردسـتان و مراندنیـەتی. وێـڕای هـەزاران برینـدار، بـە هـەزاران نەخۆشـیش هـەن، بـە تایبـەتی سـیل و مەلاریـا و نەخۆشـیی دیکـە کـە ناتوانـن دەرمـان و چارەسـەری پزیشـکی وەدەسـتبێنن.

حکومـەتی بەعـس ئـەم کۆمەڵکوژیـە و زۆر ئابڕوچـوونی دیکـە و کاری وەحشـیانەی دیکـەی لەمـاوەی دوو مانگـدا کـردووە، بۆیـە دەکـرێ مـرۆڤ پێشـبینی ئـەوە بـکا کـە چـی بەسـەر گـەلی کـورددا دێ، ئەگـەر نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕێکخـراوە تایبەتمەنـدەکانی هەنـگاوی خێـرا نەنێـن بـۆ دانـانی سـنوورێک بـۆ ئـەو شـەڕە وەحشـیگەرییە.

٥. هەروەها مەترسیی ڕووداوی ڕووداوی ڕوودانی ڕووداو و لێکەوتەی نێودەوڵەتیش هەیە. هێزی کورد بە تەواوی لەسەر سنووری عێراق و تورکیا زاڵە کە درێژییەکەی ٢٠٧ میلە. تا ئێستا گوندە سنوورییەکانی تورکیا سێ جار بۆردومان کراون و حکومەتی تورکیا بەفەرمی ناڕەزایی دەربڕیوە. ئەم هەستیارییەش لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران کەمنابێتەوە کە تاڕادەیەکی زۆر هێزی کورد تێیدا باڵادەستە. لەلای ئێرانیشەوە، کەمپی پەنابەران هەیە و بە ئاسانی شەڕ لەسەر ئەم سنوورانە دەگوازرێتەوە.

**سـێیەم: بانگــەواز بــۆ گــەلی کــورد بــۆ پەنابــردن بــۆ ئامــرازە یاســاییەکان بــۆ پاراســتنی مــافی مرۆڤــەکانی**

١. ڕوونــە؛ لــە پێنــاو مانــەوەی گــەلی کــورد و لــە پێنــاو ســەقامگیریی نیشــتمانی لــە عێــراق، هەروەهــا پاڵپشــتیکردنی ئاشــتی و ئاســایشی نێودەوڵــەتی لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتی شــێوادا، پــارتی دیموکــراتی کوردســتان هەمــوو ڕێــکارە پێویســتەکان دەگرێتەبــەر. پــارتی بــە فەرمــی داوا لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەکا هــاوکاری بــێ و ســەرکۆنەی ئــەو پێشــێلکارییە زەقانــەی حکومــەتی عێــراق بــکا کــە لــە بــواری مــافی مــرۆڤ دژی گــەلی کــورد ئەنجامیــان دەدا. بــۆ ئەمــەش پــارتی پشــت ئەســتوورە بــە پەیماننامــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و ڕاگەیانــدنی جیهــانی بــۆ مــافی مــرۆڤ (١٩٤٨). کۆمــاری عێــراق لایەنێکــە لــەم پەیماننامــە و ڕێکەوتــن و بەڵێنانــەی بناغــەی یاســایی بەرگریکــردنی نەتــەوە یەکگرتــووەکان لــە مافــەکانی مــرۆڤ پێکدێنــن. لەگــەڵ ئەوەشــدا عێــراق ژێرپێیــان دەخــا:

| ناوی پەیماننامە | پشکداریی عێراق | واژۆی عێراق | ژمارەی ئەو وڵاتانەی ڕاستاندوویانە |
|---|---|---|---|
| پەیماننامەی قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی و سزادان لەسەری (١٩٤٨) | ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ | | ٧٥ |
| پەیماننامــەی نێودەوڵەتــی بــۆ کۆتاییهێنــان بــە هەمــوو شــێوازەکانی جیاوازیــی نەتەوەیــی | ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ | ١٨ی شوباتی ١٩٦٩ | ٥٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥ of ٢٦<br>پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری | ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ | ١٨ی شوباتی ١٩٦٩ | ٢٦ لە ٣٥ |
| ٣٥ of ٢٦<br>پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦) | ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ | ١٨ی شوباتی ١٩٦٩ | ٢٥ لە ٣٥ |

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی بزاڤی حوکمی زاتی دەکا لە کوردستان، وەک لایەنی زەرەرمەند ئاگاداری ئەوەیە دەتوانێ کەڵک لە خزمەتگوزاریی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێ بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. هەر لەبەر ئەوە لەناو کۆمەڵێک بابەت سەرنج دەباتە سەر ئەم بڕیارانە: بڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی 728Fلە (٣٠ی تەموزی ١٩٥٩)، "ڕاگەیەنراوە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤ". بڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ١٥٠٣(XLVIII) (٢٧ی ئایاری ١٩٧٠)، "ڕێکار گرتنەبەر لەگەڵ ئەو بەیاننامانەی پەیوەندیدارن بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە کەسییەکان". بڕیاری لێژنەی فەرعی بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری و پاراستنی پێکهاتەکان ١ (XXIV) (١٣ی ئابی ١٩٧١) بڕیاری ٢ش (XXIV) (١٦ی ئابی ١٩٧١)، "پرسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکان، لەناویشیاندا سیاسەتی جیاکاری و جودایی ڕەگەزپەرستان و جودایی ڕەگەزپەرستی لە تەواوی ناوچەکان، بە ئاماژەدانێکی تایبەت بەو هەرێمانەی لەدەست ئیستیعماردان، لەگەڵ وڵاتە پاشکۆکان".

٣. بەپێـی بڕیـاری ١٧٦٨ (LIV) (١٨ ئایـاری ١٩٧٣)، ئەنجوومـەنی ئابووری و کۆمەڵایـەتی بڕیاریـدا پابەندی بەرپرسـیاریەتی بەردەوامی خۆی بێ بەپێی میسـاقی سـاڵانە، بەتایبـەتی ئـەوەی پەیوەندیـی بـە پاراسـتنی مافـەکانی مرۆڤـەوە هەیـە. بڕگـەی ١١ لەسـەر ئـەم بنەمایە، ئەمەی داڕشـتووە:

بـۆ هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریی بەپێـی هـەردوو مـادەی ٥٥ و ٥٦ لـە پەیماننامـە و پتەوکـردنی ڕێـزی جیهـانی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتییـەکان و پاراسـتنیان، ئەنجوومەنەکـە دەڕوانێتـە ڕاپـۆرتی دەسـتە هونەرییـە بەرپرسـیارەکان لـە بـوارەکانی مافـەکانی مـرۆڤ و لەسـەر ئـەم بنەمایـە، (ئەنجوومەنەکـە) ئەمـە ڕادەپەڕێنـێ:

أ. پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو لەم بوارەدا بە کۆمەڵەی گشتی، و

ب. بەدواداچـوون بـە بەرنامـەی کاری نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە بـواری مافـەکانی مـرۆڤ و پەسـندکردنی.

ئـەم ڕاگەیەنـراوە بەپێـی ئـەو حوکمانـەی هـەن و بـە تـەواوی بـاوەڕەوە بـەوەی ڕێـکاری پێویسـتی لەبـارەوە دەگیرێتـە بـەر، ئەمـە پێشـکەش دەکا.

٤. مـافی مـرۆڤ کـە لـە هەمـوو پنتێکـی عێـراق پێشـێل کـراوە، بەتایبـەتی لـە کوردسـتان، بەڕێـزەوە ئـەم ناونیشـانە گشـتییانە لـە بـارەی مافـەکانی مـرۆڤ پێشـکەش دەکا:

ڕێزگرتن لە تاکەکەس

- پاراستنی مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی
- قەدەغەکردنی سزای لە ڕادەبەدەر و نامرۆڤانە و بێ ڕێزی

- قەدەغەکردنی بارنجیکردن لە ئازادی
- قەدەغەکـردنی دەسـتوەردانی زاڵمانـە لـە ژیـانی تاکەکـەس یـان ماڵبـات، یـان خێـزان و پاراسـتنی نهێنـی پۆسـتە و قەدەغەکـردنی لەکەدارکـردنی ناوبانـگ و شـەڕەف.

پارێزبەندیی یاسایی

- مافی داننان بە کەسێتیی یاسایی.
- یەکسـانیی لەبـەردەم یاسـا و پاراسـتنی یاسـایی یەکسـان بـە بـێ جیاکاریـی ڕەگـەزی.
- زەمانی یاسایی لە کاری زیندانیی یەدەگ و جێبەجێکردنی حوکمی زیندان.
- هەبـوونی مـاف بـۆ دادگاییکـرانی ئاشـکرا و بـۆ ڕێـکارە یاسـاییە پێویسـتەکان لەبەردەم  دادگا.
- بێ تاوانی و زامنکردنی بەرگری
- گەرەنتیکردنی کارپێ نەکردنی یاسای تاوان بە ئەسەری ڕەجعی
- ئازادیی هاتوچۆ
- مافەکانی هاوڵاتیبوون:
- مافی هەبوونی ڕەگەزنامە.
- جیاکاری نەکردن کاتێک لەگەڵ بێگانەیەک هاوسەرگیری دەکا.
- مافی خاوەندارێتی:
- ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕین و کۆبوونەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە:

- مافی فیکر و ویژدانی ئازاد.
- مافی ڕادەربڕین
- مافی گردبوونەوەی ئاشتیخوازانە.
- مافی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراو.
- مـافی بەشـداری کـردن، چ بـە ڕاسـتەوخۆ بـێ، یـان لەڕێـی نوێنـەری بـە ئـازادی هەڵبژێـردراو لـە بەڕێوەبـردنی کاروبـاری وڵات.
- بەشـــداریکردن لـــە کاروبـــاری ســـیاسی و کۆمەڵایـــەتی و ڕۆشـــنبیری و ئابـــووری و یاســـایی.
- مافی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە میللییەکان.
- یەکسانی لە ماف بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی شارستانی.

٥. پەنـا بـۆ هەمـوو ڕێـگاکانی بەردەسـت بـراوە، بـەڵام هیـچ قەرەبوویەک لە حکومـەتی عێراقـەوە وەدەسـتنەهات. هیـوای گـەلی کـورد هەڵپەسـێردراو دەمێنتـەوە. گـەلی کـورد بـە سـەرکردایەتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان؛ لـە هەوڵـدان، تـا وەک هاوڵاتیـی بـێ کێشـە لـە عێراقێکـی دیموکراتـدا بژییێـن کـە تێیـدا مافـە بنەڕەتییـەکانی مـرۆڤ پارێـزراو و ڕێزلێگیـراو بـن. هەروەهـا کـورد بـە هاوبـەشی لەگـەڵ عـەرەب و تـەواوی پێکهاتـەکانی دیکـە ئـارەزووی پێشخسـتنی عێراقـی هەیـە، تـا ببێتـە وڵاتێکـی دیموکـراتی پەرەسـەندوو بـۆ تـەواوی هاوڵاتیـانی و دراوسـێیەکی چاکیـش بـێ بـۆ هـەردوو جیهـانی عـەرەبی و نـا عـەرەبی.

**چوارەم: تاوانی کۆمەڵکوژیی دژی گەلی کورد**

١. حکومـەتی عێـراق سیاسـەتی کۆمەڵکـوژی لـە دژی گـەلی کورد پەیـڕەودەکا (تەماشـای بڕگـەی ١١ و پاشـکۆی ز، هەروەهـا پاشـکۆی هــ، و، ح، و ک بکـە). لـە ڕێکەوتنـی قەدەغەکـردنی کۆمەڵکـوژی و سـزادان لەسـەری (١٩٤٨)، کـە عێـراق لـە سـاڵی ١٩٥٩ پشـکداری تێـدا کـرد، ئـەو لایەنانەی واژۆیـان کـردووە، جەخـت دەکەنـەوە کـە کۆمەڵکـوژی بەپێـی یاسـای نێودەوڵەتـی تاوانـە و بەڵێنـی قەدەغەکـردن و سـزدانیش دەدا.

کۆمەڵکـوژی وا ناسـێنراوە: "هەمـوو کردارێـک بـە مەبەسـتی لەناوبـردنی بـە کۆمـەڵ یـان پاژیـی کۆمەڵەیەکـی نەتەوەیـی یـان ئیتنـی یـان ڕەگـەزی یـان دینـی دەگرێتـەوە، بـەم خەسـڵەتانەی:

أ. کوشتنی چەند ئەندامی گروپێک.

ب. زیانگەیاندنی بەرچاوی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گروپێک.

ج. ملکەچکـردنی بەئەنقەسـتی کۆمەڵێـک لەپێنـاو باروگـوزەران کـە مەبەسـت لێـی لەناوبردنیـەتی جـا بـە گشـتی بـێ یـان پـاژی.

٢. مادەی ١ ئەمەی لەخۆگرتووە:

"ئـەو لایەنانـەی مۆریـان کـردووە، جەخـت دەکەنـەوە کـە کۆمەڵکـوژی چ لـەکاتی ئاشـتی و چ لـەکاتی شـەڕدا، بەپێـی یاسـای نێودەوڵـەتی تاوانـە". گومانـیشی تێـدا نییـە کـە کۆمەڵکـوژی و پیلاندارێـژی و هانـدان بـۆ کۆمەڵکـوژی یـان ئەنجامـدانی یـان تێـوەگلانی، تەنانـەت ئەگـەر لەلایـەن حکومەتێـک لەسـەر خاکـی خـۆشی ئەنجامبـدرێ، لـە بنەڕەتـدا ناچێتـە چوارچێـوەی پسـپۆری ناوخۆیـی وڵاتـەکان، بەڵکـو پرسـێکی نێودەوڵەتییـە.

٣. لـەو لیسـتە درێـژە جێـی داخـەی تـاوانی کۆمەڵکـوژی کـە حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکـەکانی عێـراق ئەنجامیانـداوە، بەتایبـەتی ئەوانـەی حـزبی بەعـس، لێـرە بـەدوا چەنـد نموونەیـەک دەهێنینـەوە تـا تیشـک بخەینەسـەر ئـەو مەرگەسـاتانەی بەسـەر گـەلی کـوردی خۆڕاگـردا هاتـوون، لەگـەڵ پێویسـتیی پێشکەشـکردنی هاوکاریـی دەمودەسـت. تەماشـای بڕگـەی ١١ بکـە، هەروەهـا بـۆ زانیاریـی زیاتـر تەماشـای پاشـکۆی (ز)ی هاوپێـچ بکـە (چەنـد نموونەیـەک لەبـارەی کۆمەڵکوژییـەکان لـە دژی گـەلی کـورد لـە عێـراق: تەقاندنـەوەی هاوڵاتیـان، گـۆڕی بەکۆمـەڵ، لەسـێدارەدان، ئابڕووبـردن، دەرکـردن، ڕاگوێـزان، کۆمەڵکـوژی..."). گـەلی کـورد کۆمەڵکـوژ دەکـرێ، چونکـە دەیـەوێ دڵسـۆزی کلتـور و میللەتەکـەی و وڵاتی عێراقـی دیموکـراتی بـێ.

## پێنجەم: چەوساندنەوەی سیاسی و ڕەگەزپەرستیی دژی گەلی کورد

١. حکومـەتی عێـراق، دژی گـەلی کـورد، جیاکاریـی سیاسـیی پـلان بـۆ داڕێـژراو و پشـت ئەسـتوور بـە تیـرۆر جێبەجـێ دەکا و لە مافە سیاسـییە بنەڕەتییـەکان بێبـەشی کـردووە. مـادەی ٢١ لـە ڕاگەیەنـراوی جیهـانی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ ئەمـەی لەخۆگرتـووە: "هەمـوو تاکێـک مـافی ئـەوەی هەیـە بەشـداربێ لـە بەڕێوەبـردنی کاروبـارە گشـتییەکانی وڵاتەکـەی، چ بـە ڕاسـتەوخۆ یـان بـە ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕێـی ئـەو نوێنەرانـەی بـە ئـازادی هەڵیاندەبژێـرێ"

ئـەو بنەمـا گشـتیەی لێژنـەی فەرعـی لـە سـاڵی ١٩٦٢ نـاردی و بـۆ لێژنـەی مـافی مـرۆڤ نێـردرا، ئەمـە لەخـۆ دەگـرێ:

- تەواوی میللەتان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە.
- هـەر هاوڵاتییـەک لـە هـەر وڵاتێـک بـێ، مـافی ئـەوەی هەیـە هەمـوو مافـە سیاسـییەکانی بـۆ دەسـتەبەر کرابـێ.
- ئازادیـی ڕادەربڕیـن و ئازادیـی گردبوونـەوەی ئاشـتیخوازانە و دامەزراندنی کۆمەڵـە و ڕێکخـراوەکان بنـەڕەتی دەسـتەبەربوونی مافە سیاسـییەکانن.
- ئـەم ئازادییانـە و ئاسـانکاری کـردن و ڕەخسـاندنی ئامـرازی پێویسـت بـۆ دەسـتەبەرکردنیان، بـۆ هەمـوو تاکێـک و هەمـوو کاتێکـن.

بنەمـاکانی دیکـە؛ پەیوەندییـان هەیـە بـە هەمەلایـەنی هەڵبـژاردن و یەکسـانی و دەنگـدان بـە نهێنـی و هەڵبـژاردن لـەکاتی خۆیـدا و سروشـتی ڕاسـتەقینەی هەڵبـژاردن و شـتی دیکـەش لـە گفتوگـۆی گشـتیدا. هەروەهـا شـیمانەی وەرگرتنـی پۆسـتی گشـتی بـە هەڵبـژاردن یـان بـە دامەزرانـدن.

٢. لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە ڕێـی ئەنجوومـەنی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی، حکومەت و ڕێکخـراوە حکومییـە نێودەوڵەتییـەکان و هەرێمییـەکان و لێژنـەی مافـەکانی مـرۆڤ ئـەم بنەمایانەیـان پـێ ڕاگەیەنرابـوو. ڕێکخـراوەکان هیواداربـوون حکومەتـەکان ئـەم بنەمایانـە بـە هەنـد وەربگـرن لـە بابـەتی جیاکاریـی لـە دژی مافـە سیاسـییەکان.

٣. مـاددەی دووەمـی ڕێکەوتنـی ئاشـتیی سـاڵی ١٩٧٠ بـە ڕوونی ئەمـەی نووسـیوە: "بەشـداریکردنی برایـانی کوردمـان لـە حکومـەت بەبـێ جیاکاریـی لـە دامەزراندنیـان لـە کـەرتی گشـتی لـە نێـوان و کـورد ئـەوانی دیکـە، لـە ناویشـیاندا پۆسـتە گرنـگ و سـەرەکییەکانی ئەنجوومـەنی وەزیـران و وەزارەتـەکان و سـەرکردەکانی سـوپا و هـی دیکـەش. ئەمانـە ئـەوکات و ئێسـتاش، گرنگتریـن خاڵـن کـە حکومـەتی شـۆڕش دەیـەوێ وەدەسـتیان بێنـێ. لەکاتێکـدا حکومـەتی شـۆڕش بڕیـاری لەمـەداوە، ئـەوا جەخـت لـە پێویسـتیی جێبەجێکـردنی دەکاتـەوە بـە دادپـەروەری، لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنـی کارامەیـی و ڕێـژەی دانیشـتوان و ئـەو بارنجـی بوونـەی برایـانی کوردمـان لـە ڕابـردوودا بەدەسـتییەوە دەیانناڵانـد".

ئەمـە تەنیـا بـە فەرمـی داننـان نییـە بـەو ڕاسـتییەی کـە گـەلی کـورد لەلایـەن تـەواوی حکومەتـەکانی پێشـوو زوڵمـی لێکـراوە، بەڵکـو بەرنامەیەکیـش دادەنـێ بـۆ بەشـداریکردنی کـورد لـە سیاسـەت لـە وڵاتی عێـراق، کەچـی ئەمـە هەرگیـز ڕووینـەدا.

٤. ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش (تەماشـای بڕگـەی ٦ بکـە) تاکـە دەسـتەی بەرپرسـیارە لـە بڕیـاردان لـە سیاسـەتی دەوڵـەتی عێـراق و هەمـوو دەسـەڵاتەکانی جێبەجێکـردن و یاسـادانان و کارگێـڕی و قەزایـی

بەدەستە لەگەڵ ئەو بڕیارانەی پێگەی یاساییان هەیە. بەهۆی کەمی ژمارەی ئەندامانی کە لە نێوان ٦ تا ١٢ ئەندامن و تەنیا سەرکردە هەرێمییەکان(قیادەی قوترى) حزبی بەعسی ئیشتیراکی دەتوانن ببنە ئەندام تێیدا، بۆیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەربەستێکی ڕشتە لەبەردەم بەشداریی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لەو بڕیارانەی حکومەت دەیاندا.

ڕاستییەکان ئەم قۆرخکارییە لە بەشداریپێنەکردن لە حکومەت دەردەخەن. ٪٣٠ خەڵکی عێراق کوردن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵانی ڕابردوودا کورد لە پۆستەکانیان تووشی تۆقاندن و دەرکردن و دوورخستنەوە بوونەوە. لە وەزارەتی بەرگری و سەرکردەکانی سوپا، تەنیا دوو کورد لە پۆستەکەیان هێڵدراونەتەوە.

وێڕای ئەوەی ٪٧٠ی نەوتی عێراق لە کوردستانەوە دێ، بەڵام هیچ کوردێک هیچ پۆستێکی گرنگی لە وەزارەتی نەوت نییە. بەهەمانشێوە؛ هیچ کوردێک لە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق (INOC) هەروەها لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک و خانەقین و عەین زالە کە هەموویان لە کوردستانن، پۆستی بەڕێوەبەریان نییە.

٥. پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیبوون گەیشتووەتە ئاستێک، حکومەتی عێراق دەیان هەزار کورد کە لە عێراق لەدایکبوون، لە ڕەگەزنامەی عێراقی بێبەش کردووە. بڕوانە پاشکۆی هاوپێچ ("لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە"). لە ماددەی ١٥ لە ڕاگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ جێگیرکراوە؛ هەموو تاکێک مافی هەبوونی ڕەگەزنامەی هەیە، ناشبێ بە خورتی لە هیچ کەس زەوتبکرێ.

وێـڕای پێـدانی مـافی سـیاسی بە گـەلی کـورد، حکومـەت بـەرەو بەکارهێنانی تیـرۆری سـیاسی هەڵکشـا، تـا کـورد بتۆقـێ و بوێـری ئـەوەی نەبـێ تەنانـەت داوای مافـە سیاسـییەکانیشی بکا.

سیاسـەتە تۆقێنـەرە سیاسـییەکەی کـە حکومـەت وەک بەرنامـە لەسـەری دەڕۆیشــت، زیانێکـی بـێ ئەنــدازەی لـە ژمارەیەکـی زۆری بەرپرسـان دا. نموونـەش بـۆ ئەمـە؛ ئەشـکەنجەدانی تامردنـە بـۆ هەریـەک لـە حوسـێن شـێروانی عەقیـدی پۆلیـس و مەجیـد حاجـی قـادر و فایـەق کەرکـووکلی و فەریـق کەرکـوکلی حەسـەن دەربەنـد، لەگـەڵ ٨٣ ئەندامـی دیکـەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و لەسـێدارەدانی ١٤ هـاوڵاتی کـورد لـە ١٤ی نیسـانی ١٩٧٤ (تەماشـای برگـەی ١١ و پاشـکۆی ز) بکـە. بـۆ زانیاریـی پتر، بنـۆڕە پاشـکۆی (ح)ی هاوپێـچ (نموونـەی چەنـد قوربانییەکـی تیـرۆری سـیاسی). پێشـێلکردنی مـافی بنەڕەیتیـی هاونیشـتیمانی بـوون گەیشـتووەتە ئاسـتێک حکومـەتی عێـراق دەیـان هـەزار کـورد کـە لـە عێـراق لەدایکبـوون لـە ڕەگەزنامـەی عێراقـی بێبـەشی کـردوون. تەماشـای هاوپێچـی ژمـارە ١ بکـە (بێبەشـکردن لـە ڕەگەزنامـە). مـادەی ١٥ لـە بانگەشـەی جیهانیـی مـافی مـرۆڤ ئـەوەی لەخۆگرتـووە کـە هەمـوو تاکێـک مـافی هەبـوونی ڕەگەزنامەی هەیـە و نابـێ هیـچ کـەس بـە خـورتی ئـەو مافـەی لـێ زەوت بکـرێ. لـە بەرانبـەردا و لـە کوردسـتان گـەلی کـورد لەگـەڵ تـورکمان و کرسـتیانە کلـدانی و ئاشـوورییەکان و پێکهاتـەکانی دیکـە برایانـە دەژییـن.

## شەشـــەم: حکومــەتی عێــراق سیاســەتی جیاکاریــی ڕەگــەزی لــە دژی گــەلی کــورد پەیــڕەودەکا

١. لــە ســاڵی ١٩٦٣ کۆمــکاری گشــتی ئیعــلانی نەتــەوە یەکگرتــووەکانی بڵاوکــردەوە بــۆ نەهێشــتنی هەمــوو جــۆرەکانی جیاکاریــی ڕەگــەزی. جەختکراوەتــەوە کــە جیاکاریــی لەنێــوان مرۆڤــەکان لەســەر بنەمــای ڕەگــەز یــان ڕەنــگ یــان نەتــەوە بــە ئیهانەکــردنی کەرامــەتی مــرۆڤ و نکۆڵیکــردنی بنەمــاکانی پەیماننامەکــە دادەنــرێ، هەروەهــا پێشــێلکردنی دەقــی دانپێدانــراو لــە ئیعــلانی جیهانیــی مافــەکانی مــرۆڤ و دەشــبێتە بەربەســـت لەبـــەردەم پەیوەندیـــی بـــاش و ئاشـــتیخوازانەی نێـــوان نەتــەوەکان. هەروەهــا بەشــێوەیەکی مەترســیدار ئاشــتی و ئاســایشی نێـــوان میللەتـــان تێکـــدەدا. لـــە ســـاڵی ١٩٦٥ کۆمـــکاری گشـــتی پشــتی بــە ڕێکەوتنــی نێودەوڵــەتی بەســت بــۆ بنەبڕکــردنی هەمــوو جـــۆرەکانی جیاکاریـــی ڕەگـــەزی، ئـــەوەی عێـــراق لـــە ســـاڵی ١٩٧٠ پشـــکداری تێـــدا کـــرد و دەرگای واژووکـــردن و ڕاســـتاندنی کـــردەوە. جیاکاریــی ڕەگــەزی بریتییــە لــە "جیــاکاری یــان دوورخســتنەوە یــان کۆتوبەنـــد یـــان پەســـندکردن لەســـەر بنەمـــای ڕەگـــەز یـــان ڕەنـــگ یـــان ڕەچەڵـــەک یـــان نـــەژاد یـــان نەتـــەوە دەگرێتـــەوە. هەروەهـــا ئامانجـــی بـــێ یـــان ببێتـــە هـــۆی پوچەڵکردنـــەوە یـــان بەربەســـت خســـتنەبەر دانـــان، ڕخســـاندن یـــان پراکتیزەکـــردنی مافـــەکانی مـــرۆڤ و ئازادییــە بنچینەییــەکان بــە یەکســانی لــە بــواری ســیاسی و ئابــووری و کۆمەڵایـــەتی و کلتـــوری یـــان هـــەر بوارێکـــی دیکـــە لـــە بـــوارە جۆراوجـــۆرەکانی ژیـــان".

٢. لــە ســاڵی ١٩٧٢ کۆمــکاری گشــتی گرێبەســتی کاری بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی ڕەگەزپەرســتی و جیــکاری ڕەگــەزی دەرکــرد و لــە ١٠ی کانــوونی یەکەمــی ١٩٧٣ چالاکییــەکانی دەســتپێکرد کــە بۆنــەی یــادی بیســت و پێنــج ســاڵەی ڕاگەیانــدنی جیهانییــە بــۆ مافــەکانی مــرۆڤ. گرنــگ ئەوەیــە لەوکاتــەی کۆمەڵگــەی نێودەوڵــەتی خەریکــی ڕیشەکێشــکردنی خــراپ بەکارهێنانــەکانی دەســەڵاتە کــە بریتییــە لــە ڕەگەزپەرستی، گــەلی کــورد، لەســەر دەســتی حکومەتەکــەی، دووچــاری سیاســەتی جیاکاریــی ڕەگەزیــی پــڕ ســووکایەتی و ئازارهێــن دەبێتــەوە، لەڕێــی سیاســەتی تەعریبکــردن کــە حکومــەتی عێــراق پەیــڕەوی دەکا.

گــەلی کــورد ئەوپــەڕی توانــای بەکارهێنــا، تــا بــە تەبایــی لەگــەڵ عــەرەبی عێــراق بژیــێ، لەســەر بنەمــای یەکســانی و ڕێزگرتنــی دوولایەنــە و هەبــوونی مافــە نیشــتمانییەکان. لەگــەڵ ئەوەشــدا؛ حکومــەتی عێــراق، گــەلی کــورد ناچــاردەکا شــەڕێکی ســێزدە ســاڵەی ڕەگەزپەرســتانەی ئاشــکرا بــکا. حکومــەت دانیشــتوانی عــەرەب دەباتــە ئــەو شــوێنانەی موڵکــی کــوردن و بەمــەش ئامادەیــان دەکا بــۆ تەعریــب کــردن. بڕوانــە هاوپێچــی ("نامــەی گونــدەکانی چیــای بــۆر").

ئامانجــەکانی گرێبەســتەکە خــۆی لــە پتەوکــردنی مافــەکانی مــرۆڤ و ئازادییــە بنچینەییــەکان دەبینێتــەوە بــۆ هەمــووان و بــێ هیــچ جــۆرە جیاکارییــەک. ســەختییەکانی کــورد چەشــتوویەتی، هــەروا تێناپــەڕن، بــا تــەواوی گــەلانی عێراق و هەمــوو جیهــان هاوکاریــی یــەک بکــەن بــۆ دانــانی ســنوورێک بــۆ ئــەو غــەدرە ڕەگەزپەرســتییە. بــۆ پتر زانیــاری، بڕوانــە پاشــکۆی "ک"ی هاوپێــچ ("پلانــە ڕەگەزپەرســتانەکانی حکومــەتی بەعــس")

## حەفتەم: دەستبەسەرداگرتنی ئابووری و جیاکاریی لە گەشەپێدان و دامەزراندن

١. سەرەڕای ئەوەی ناوچەکانی کورد بە دەوڵەمەندترین ناوچەی عێراق دادەنرێ، چونکە نەوت و کانزا و کەرەستە سروشتییەکانی دیکەی لێ زۆرە، هەروەها ژینگەیەکی گونجاوی بۆ کشتوکاڵ هەیە و چاوەڕێی دواڕۆژێکی پڕشنگداری لە ڕووی گەشتوگوزارەوە لێ دەکرێ، کەچی بڕە پارەی دەستنیشانکراو بۆ گەشەپێدانی هەرێمەکە، تەنانەت لە چوار ساڵی سەردەمی ڕێکەوتنی ئاشتیشدا، کەم و لە هەڵکشان و داکشان دابوو و لە نێوان ٧٪ بۆ ١٢٪ بوو.

وێڕای ئەوەی ٧٠٪ی داهاتی نەوتی عێراق لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستانەوە دێ، بەڵام ٥٪ی ئەو داهاتە بۆ هەرێم دەنێردرێ. پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیازی کردووە، ئەو داهاتەی بۆ گەشەپێدانی خزمەتگوزاریی گشتی تەرخانکراوە، بەپێی ژمارەی دانیشتوان و بە یەکسانی بەسەر تەواوی ناوچەکانی عێراقدا دابەش بکرێ.

٢. لە ساڵی ١٩٧٠ بڕیاری دروستکردنی پاڵاوگەی نەوت درا، سەرەڕای ئەوەی کەرکووک ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوتە، کەچی پرۆژەی دروستکردنی پاڵاوگەکە بردرایە حەمام عەلیل و ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی تێچووی پرۆژەکە بە ڕێژەی ٢٠٪. ئەمەش بە ڕوونی بۆ ئەوە کرا، کوردستان لە سوودەکانی ئەم پرۆژەیە بێ بەش بکرێ.

لەکاتێکدا کەرستەی خاوی پیشەسازیی ئاسن و پۆڵا لە کوردستانەوە دێ و کەرستەی خاوی ئاسن لە سلێمانییەوە و غازی سروشتی لە کەرکوک، حکومەت لاگیرانە بڕیاریدا ئەم پرۆژانە لە بەسرە کە دەکەوێتە باشوور، دروست بکا.

لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، بڕیار لەبارەی دروستکردنی زۆر پرۆژەی دروستکردنی ڕێگا لە کوردستان درا. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پرۆژەکان ڕاگیران، تەنانەت ئەوانەی دەستیشیان پێکرابوو. لە پلانی پێنج ساڵی یەکەم و پێنج ساڵی دووەمی ئابووریی عێراق، تەنیا پلانی دروستکردنی دوو ڕێگا هەیە بۆ کوردستان؛ یەکێکیان لە کەرکووکەوەیە بەرەو مووسڵ لە ڕێگای مەخموور و بە هەولێردا تێدەپەڕێ و دروستکردنیشی بۆ ئاسانکارییە بۆ ئەنجامدانی تەعریب. ئەوەی دیکەشیان ڕێگای مووسڵە بەرەو زاخۆ و ئەویش بۆ لایەنی سەربازی دروستکراوە. بەشێوەیەکی گشتی؛ بڕیار هەیە بۆ دروستنەکردنی ڕێگا کە دەبنە هۆی پێشخستنی ڕێگای پەیوەندیکردن لە کوردستان. مەودای نێوان گەلالە و قەلادزێ تەنیا ٣٥ میلە، بەلام مرۆڤ ناچارە ٢٠٠ میل ببڕێ بۆ سەفەرکردن.

تەنیا ٪٣ی پیشەسازیی عێراق دەکەوێتە کوردستان. لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی پلانی ئابووری کە ژمارەیان ٢٥ ئەندامە، تەنیا یەک کوردی تێدایە.

٣. لە ساڵی ١٩٧٣، لە کوردستان ١٠٠٠ گوند زیاتر دووچاری وشکەساڵییەکی سەخت بوونەوە و ئاوی خواردنەوەیان نەبوو، حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت، تەنیا بە زارەکی

خزمەتگوزاریــی فریاگــوزاری لــەکاتی کارەســاتەکان پێشــکەش کــرد. ســەرەڕای ئــەوەی ڕووبــاری دیجلــە و لقــەکانی لــە بــەشی باشــووری کوردســتان هەڵدەقوڵێــن، کەچــی حکومــەت سیاســەتی دروســتکردنی پــرۆژەی ئاودێــری لــە ناوەڕاســت و باشــووری عێــراق گرتووەتەبــەر. هەروەهــا ئــاوی دوو گەورەتریــن بەنــداو لــە عێــراق کــە لــە دوکان و دەربەندیخانــن لــە بــەشی باشــووری کوردســتان، دەگوازرێنــەوە. پــرۆژەی ئاودێریــی کەرکــووک کــە ٢٠٠ ملیــۆن دۆلاری تێدەچــێ، خراوەتــە خزمــەت ئاودێریــی باشــوور و باشــووری ڕۆژئــاوا کــە هــۆزی عــەرەبی بــۆ دەهێنرێــن و نیشــتەجێ دەکرێــن. لــەکاتی دانوســتانی جێبەجێکــردنی حوکمــی زاتی لــە کوردســتان، حکومــەت پێداگربــوو لەســەر ئــەوەی؛ هیــچ دەســەڵاتێک لەبــواری ئاودێــری نەداتــە کوردســتان.

دەرکــردنی جووتیــارانی پەنجــا عــەلی لــە گوندەکەیــان کــە داوایــان کردبــوو حکومــەت ڕیگەیــان بــدا بگەڕێنــەوە. وەزارەتی کاروبــاری باکــوور بانگەوازەکــەی بــە (ژمــارە ٢٤-٦-٨٩٦ لــە ڕێکــەوتی ٣٠ی کانــوونی دووەمــی ١٩٧١) ڕەوانــەی لای پارێــزگاری کەرکــووک کــرد، بــەڵام دەســەڵاتدارانی ئیسڵاحــی زراعــی ڕێگەیــان نــەدا جووتیــارەکان بگەڕێنــەوە (ژمــارە ١٠١٠٥١ لــە ڕێکــەوتی ٢٥ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٧١) نەشیانهێشــت کشــتوکاڵیش بکــەن. هــەروەک لــەو نامانــەش دەردەکــەوێ کــە ئاڵوگۆڕیــان کــردووە، ٦٠٠ دۆنــم زەوی دراوە بــە کەســانێک کــە لــە دەرەوەی گوندەکــە هــێنراون و ١٥٠٠ دۆنمیــش تایبــەت کــراوە بــۆ دروســتکردنی باخچەیەکــی تایبــەت بــە دەوڵــەت، دانیشــتوانی ڕەســەنی گوندەکەشــیان داوەتــە دەســت ڕەحمــەتی بێکاری و برسیەتی. بەمشــێوەیە؛ ئــەو زەوییانــەی لــە کەرکووک و خانەقیــن

و شـەنگار لـە خـاوەن موڵکـە کـوردەکان دەسـتێندرێ، دەدرێتـە عەرەبـە هـاوردەکان، ئەمـە لەبـاتی ئـەوەی لەسـەر جووتیـارە کـوردەکانی ناوچەکـە دابـەش بکـرێ، ئەوانـەی کـە زەوییەکانیـان دادەچانـد و پشـتیان بـە بەروبوومەکـەی دەبەسـت بـۆ ژیـان.

گونـدی چـراغ لـە دبـس گوندێکـە، هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەبی بـە ڕێـژەی نزیکـەی ٥٠:٥٠ تێدایـە. لـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٣ حکومـەتی عێـراق ٥٠ ماڵبـاتی عـەرەبی لـە دیوانییـەی باشـووری عێـراق هێنـاوە و لـەوێ نیشـتەجێی کـردوون، تـا ژمـارەی عـەرەب زیادبـکا، سـەرەڕای ئـەوەی دانیشـتووانی ڕەسـەنی گوندەکـە، بـە کـورد و عەرەبـەوە دژی ئـەم ڕێـکارەی دەسـەڵاتداران بـوون.

دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەی کوردیـان لـێ نییـە، هەمـوو جـۆرە هاوکارییەکیـان لـەڕووی ئامێـری کشـتوکاڵی و پاڵپشـتییەکان پـێ دەگا، هەرچـی لـە کوردسـتانە، کشـوکاڵ بـە تەمـای خـوا بەجـێ هێڵـدراوە.

٤. جیاکاریـی دژی کرێـکارانی کـورد لـە کێڵگـەکانی نـەوت، بووەتـە جێـی دڵەڕاوکـێ. وێـڕای ئـەوەی بـە هـەزاران کرێـکاری کـورد لـە ناوچـەی کەرکـووک و خانەقیـن و زومـار بێـکارن، بـە هـەزاران کرێـکار و فەرمانبـەری عـەرەب هێنراونەتـە کێڵگـەکانی نـەوت و پاڵاوگـەکان. مەترسیی جیاکاریـی کرێـکاری نـەوتی کـورد دەخاتـەڕوو: ١٩٦٧-٢، ٤٧٦، ١٩٧٣-٥٠٠، شـوبات ١٩٧٤-٤٠٠، ئایـار ١٩٧٤-١٦٠. لـە کاتی دەرکـردنی ٥٠٠ کرێـکاری کـورد لـە کار، کۆمپانیـای نـەوتی عێـراق نووسراوێکـی بـە (ژمـارە ٥٣٦٦/٤٠٣٦٢ لـە ڕێکـەوتی ٧ی ئـابی ١٩٧٣) بـۆ نووسـینگەی دارایـی نـاردووە و داوای ٥٠٠ کرێـکاری عـەرەب دەکا.

٥. مـادەی ٢٥ لـە ڕاگەیەنـراوی جیهـانی مافـەکانی مـرۆڤ ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە هەمـوو کەسـێک مـافی ئـەوەی هەیـە ژیانێکـی شایسـتەی هەبـێ، لەوانـەش؛ خـۆراک و جلوبـەرگ و مـاڵ و چاودێـری پزیشـکی کـە بـەشی خۆشـگوزەرانی خـۆی و خانەوادەکـەی بـکا.

بەهـۆی جیاکاریـی حکومـەتی عێـراق لـە دژی کوردسـتان و ئـەو کۆمەڵکوژییـەی هەنووکـە لـە ئارادایـە، بارودۆخـی ئابـووری گـەلی کـورد وا دەکا؛ توانـا ئابوورییـەکانی کوردسـتان بۆگەڵەکـەی نەبـێ و ئـەو سـوودە ئابوورییانـەی باسـیان کـرا، ئاسـان دەسـتەبەر نابـن.

ئـەم بارودۆخـە نەخـوازراوە نـوێ نییـە. لـە ڕاپـۆرتی گەشـەپێدانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە بـاشی وەسـف کـراوە و وەک بەڵگـە هەڵگیـراوە، نێـردەی بەدواداچـوون بـۆ باکـووری عێـراق (٩-٢٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٠ ئۆکتۆبـەر). وەک وەڵامێـک بـۆ داواکاریـی فەرمـی لـە حکومـەتی عێـراق و لـە کاتی شـەڕی ئـەم دوایـەی کوردسـتان، پرۆگرامـی پەرەپێـدانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەمودەسـت نێردەیەکـی بـە سـەرۆکایەتی دکتـۆر مالـک بەسـبوس لـە بەیـروت نـارد، بـۆ ڕووپێـوی و لێکۆڵینـەوە لـە بارودۆخـی ئابـووری و ئـەو دووبـارە بنیاتنانەوەیـەی دوای جەنـگ دەبێتـە پێویسـتی و گەشـەپێدانی ئایینـدەی کوردسـتانی دەوڵەمەنـد.

گەڕانـەوە بـۆ ڕاپـۆڕتی پرۆگرامـی پەرەپێـدان لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، بەکارێـک دادەنـرێ، هـەر کـەس بیـەوێ بیرۆکەیەکـی ڕوونی لەبـارەی بابەتەکـە و زانیاریـی وردی لەبـارەی بارودۆخـی ئابـووری کوردسـتان هەبـێ، ناتوانـێ پشـتگوێی بخـا. پرۆگرامـی پەرەپێـدانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕاپۆرتەکـەی بـە پێشـنیازکردنی بەرنامەیەکـی فریاگوزاریـی خێـرا و

ڕاســپاردەیەک کۆتایــی پێهێنــا، هەروەهــا پلانی پەرەپێــدانی کوردســتان بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ و ئــەوەی دیکــەش بۆمــاوەی حەفــت ســاڵ لــە ســاڵی ۱۹۷۰، ئـەوەی کـە خەریـک بـوو ببێتـە نموونەیـەک و لـە هاوکاریـی نێـوان ڕێکخـراوەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان چـاوی لـێ بکـرێ. بـۆ ئاشـنابوون بـە بەرەنجامـەکانی پرۆگرامـی پەرەپێـدان لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، تەماشـای پاشــکۆی (ل)ی هاوپێــچ ("ڕاســپاردە و بەهاناوەچــوون") بکــە. حکومــەتی عێـراق نـە سوپاسـێکی پێشـکەش کـرد و نـە وەڵامـی پرۆگرامـی پەرەپێـدانی لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دایـەوە و هیـچ هەنگاوێکـیشی کـە شـایەنی بـاس بــێ، بــۆ جێبەجێکــردنی نەهاوێشــت.

**هەشتەم: جیاکاری دژ بە کلتور و خوێندنی کوردی**

١. لـە کانـونی یەکەمـی ١٩٦٠ یونسـکۆ ڕێکەوتنـی بەرەنگاربوونـەوەی جیاکاریـی لـە پـەروەردە مۆرکـرد. جیاکارییەکـەش هـەر پەرتەوازەکـردن، دوورخسـتنەوە، کـۆت و بەنـد یـان پەسـندکردنێک دەگرێتـەوە کـە بنەماکـەی ڕەچەڵـەک، ڕەنـگ، ڕەگـەز، زمـان، ئاییـن یـان بۆچـوونی سـیاسی یـان شـتی دیکـە یـان ڕەسـەنایەتی نەتـەوە، کۆمەڵایـەتی، مەرجـی بـە دەوڵەمەندیـی یـان بـە هـەژاری لەدایکبـوون و ئامانجـی بـێ یـان ببێتـە هـۆی نەهێشـتن یـان کاڵکردنـەوەی یەکسـانیی لـە مامەڵەکـردن لـە پـەروەردە. وێـڕای ئەمـەش ڕۆڵـی فێربـوون لـە پەرەپێـدان لـە ئاسـتی دنیـا دانـی پێدانـراوە.

عێـراق لـە سـاڵی ١٩٧١ چـووە نـاو ڕێکەوتنـی پـەیمانی نێودەوڵەتیـی تایبـەت بـە مـافی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کەلتـووری (١٩٦٦)، ئـەوەی کـە مـادەی ١٣ەی بـە ڕوونی دەڵـێ "هەمـوو تاکێـک مـافی فێربـوونی هەیـە..." هەروەهـا "پێویسـتە فێربـوون هەمـوو تاکێـک وا لێبـکا چالاکانـە بەشـداری لـە کۆمەڵگـەی ئـازاددا بـکا و لێکتێگەیـشتن و لێبوردەیـی و دۆسـتایەتی لەنێـوان هەمـوو نەتـەوەکان و هەمـوو کۆمەڵـە نەتەوەیـی و نـەژادی و ئایینییـەکان پتـەو بـکا" و "چالاکانـە هەوڵـی پەرەپێـدانی سسـتەمی قوتابخانـە بـدات لـە هەمـوو ئاسـتەکانی".

٢. سیاسـەتی حکومـەتی عێـراق، بـە بەردەوامـی ئـەم بنەمایانـەی پێشـێلکردووە، بەتایبـەتی لەمـاوەی ئـەو سـێزدە سـاڵەی ڕابـردوو لـە جەنـگ لـە دژی گـەلی کـورد.

ژمـارەی قوتابیـان لـە هـەر هـەزار کەسـێک لـە دوو پارێـزگای کوردنشـین و دوو پارێـزگای عەرەبنشـین، لاوازیـی پـەروەردە لە کوردسـتان پێشـاندەدا.

| ژمـارەی قوتابیـانی لـە هـەر ١٠٠٠ کەسـێک | پارێزگا | ناوچە |
|---|---|---|
| ١٢٢ | دیالە | کورد نین |
| ١٢٠ | بەسرە | کورد نین |
| ٧٠ | هەولێر | کورد |
| ٦٩ | سلێمانی | کورد |

* ژمـارەکان هـی ١٣ی ئەیلـوولی ١٩٧١ن. ڕێـژەی قوتابیـانی کوردسـتان لـە کـۆی ژمـارەی قوتابیـانی وەرگیـراو لـە زانکـۆکانی عێـراق، هەبـوونی جیاکارییەکـی سـەربار لـە دژی کـورد لـە خوێنـدنی بـاڵا دەسـەلمێنێ. ڕێـژەی کـورد لـە عێـراق لایـەنی کـەم ٢٥٪ دەبـێ.

| ڕێژەی سـەدی قوتابیـان لە ناوچە کوردنشـینەکان لە کۆی ڕێـژەی ئـەو قوتابییانەی لە زانکـۆکانی عێراق وەرگیراون | ساڵ |
|---|---|
| ٪٦,٤ | ٧١-١٩٧٠ |
| ٪٦,١ | ٧٢-١٩٧١ |

لـە دە سـاڵی ڕابـردوودا ڕێگـە بـە هیـچ کوردێـک نـەدراوە بچێتـە نـاو کۆلێـژی هێـزی ئـاسمانی. ڕێـژەی کـوردی وەرگیـراو لـە کۆلێـژەکانی سـەربازی و پۆلیـس نزیکـەی ٢٪ لـە کـۆی ڕێـژەی قوتابیـان و زۆر بەدەگمەنیـش قوتابیـانی کـورد لـە کۆلێـژی پزیشـکی و ئەندازیـاری و پزیشـکیی ددان

وەردەگیرێـن. جیاکارییەکـی ڕوون دژی زانکـۆی سـلێمانی کـە لـە کوردسـتانە، دەکـرێ، لـە ڕێـی تۆمـاری ناوەنـدی کـە لـە بەغـداوە بەڕێوەدەبـرێ.

سـەرەڕای ئـەوە؛ کەرکووک بەشـێکە لە کوردسـتان و زۆرینەی دانیشـتووانی کـوردن، کەچـی داواکاریـی سی قوتـابی کـورد ڕەتکرایـەوە کـە داوایانکردبـوو لە قوتابخانـەی ناوەندیـی کشـتوکاڵیی ڕیـاز وەربگیریـن لـە پارێـزگای کەرکـووک لـە ٢٣ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٢ هیـچ کوردێـک وەرنەگیـرا.

ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشی عێـراق لـە ٣١ی ئـابی ١٩٧٢ بڕیاریـدا، حکومـەتی عێـراق دان بـە هیـچ بڕوانامەیەکـدا نانـێ کـە قوتابیـی عێراقـی لــە دەرەوە بەدەســتی بێنــێ، ئەگــەر هاتــوو خوێندنەکــەی لەلایــەن ســەرچاوەیەکی دەرەکییــەوە پــێ بەخشرابــێ و پێــشتر ڕەزامەندیــی وەزارەتی خوێنــدنی بــاڵای وەدەســت نەهێنابــێ. ئـەم بڕیــارە دژی ئــەو کوردانەیـە کـە زۆر بـە دەگمـەن حکومـەت کـورسی خوێندنیـان بـۆ دابیـن دەکا، ئەوانیــش لەبــەر هــۆی ســیاسی ناتوانــن ئــەو مۆڵەتــەی لەســەرەوە ئامــاژەی پێــدراوە وەدەســتی بێنــن.

٣. وەزیــری کاروبــاری باکــووری ئــەوکات؛ ئەندامــی مەکتــەبی ســیاسی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە ٢٤ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٢ ئەوەیـان ڕاگەیانـد کــە لایەنــە فەرمییــەکانی خانەقیــن؛ لەوانــە بەڕێوەبەرایــەتی پــەروەردە و بەڕێوەبەرایــەتی ئاسـایش و سـەندیکای کرێـکارانی هێڵـی ئاســنین، لــە ڕێــی ترســاندنەوە، ئــەو کوردانــەی لــەو پارێزگایــەدا نیشــتەجێن، ناچاریــان کــردوون منداڵەکانیــان لــە قوتابخانــەی خوێنــدنی کوردییــەوە بگوازنــەوە بــۆ قوتابخانــەی خوێنــدنی عــەرەبی. تــا ئــەو ڕێکەوتــەش ٤٠٠ قوتــابی ناچــار کــراون بگوازرێنــەوە.

ئەمـــەش بەردەوامیـــی جەدەلێکـــی تاڵـــە. وێـــڕای ڕێکەوتنـــی ئاشـــتی، ١١٠ قوتابخانـــە زیاتـــر لـــە پارێـــزگای دهـــۆک و ناوچـــەی کـــوردی دیکـــە لـــە پارێـــزگای موسـڵ تـــا کۆتایـــی ســاڵی ١٩٧٠ داخـــراون. بـــۆ ئاشـــنابوون بـــە نـــاوی قوتابخانـــەکان بڕوانـــە (م) هاوپێچـــی ("لیســتی نـــاوی قوتابخانـــە داخـــراوەکانی هـــەردوو پارێـــزگا")

ئەنجوومـــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش لـــە ســـەرەتای مانگـــی ئایـــاری ١٩٧٣ (بەپێـــی نامـــەی ژمـــارە ٢٧-٢٣-١٧١٠) بڕیـــاری هەڵوەشـــاندنەوەی خوێنـــدنی بـــە زمـــانی کـــوردی لـــە قوتابخانـــەکانی عەنـــکاوە دا. ســـەرەڕای ئـــەوەی ٩٠٤ هـــاووڵاتی داوایـــان لـــە ئەنجوومـــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش کـــرد کـــە ڕێگـــە بـــە منداڵەکانیـــان بـــدەن بـــە زمـــانی کـــوردی بخوێنـــن، بـــەڵام ئەنجوومەنەکـــە لەســـەر بڕیارەکـــەی مکـــوڕ بـــوو.

لــــە ڕووپێویێکــــی ئاماریــــی ئــــەو گوندانــــەی دەکەونــــە ســــنووری ناوەنــــدی پارێــــزگای هەولێــــر کــــە ژمــــارەی قوتابخانــــەکان لەچــــاو ناوچــــەکانی دیکــــەی کوردســــتان زیاتــــرن، دەرکەوتــــووە کــــە ئاســــتی نەخوێنــــدەواری هێشــــتا زۆر بەرزتــــرە لــــە ناوەڕاســــتی عێــــراق. لەنێــــوان ئــــەو منداڵانــــەی تەمەنیــــان لەنێــــوان ٦ تــــا ١٥ ســــاڵە ڕێژەکــــە ٪٨٠ یــــە و لەنێــــو ئــــەو پیاوانــــەی تەمەنیــــان لەنێــــوان ١٥ و ٤٥ ســــاڵە ڕێژەکــــە ٪٨٠یــــە لەنێــــو ژنانیشــــدا دەگاتــــە ٪٩٩,٥. دەبــــێ ئــــەوەش وەبیربهێنرێتــــەوە کــــە بەپێــــی یاســــا خوێنــــدن لــــە عێــــراق ناچارییــــە.

٤. لەمـاوەی سـاڵی ١٩٧٢ دا وەزارەتی ڕاگەیانـدن ١٠٠ کتێـب زیاتری لەبارەی بابـەتی جیـاواز چاپکـردووە، یـەک کتێبیـشی نـە بـە زمـانی کـوردی تێدایـە و نـە هیـچ کامیشـیان لەبـارەی کـورد و کوردسـتان نـووسراون.

وێــڕای ئەمانــە؛ دەزگای تەلەفزیۆنیــی ناوەندیــی لــە بەغــدا هیــچ بەرنامەیەکــی بــە زمــانی کــوردی نییــە، ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی تەلەفزیۆنێکــی تایبــەت بــە بینــەری کــورد نییــە. بەرنامــەی وەبەرهێنــان بــڕی ١٤,٢١٤,٠٠٠ دینــاری بــۆ بنیاتنــانی ئیزگــەی ڕادیــۆ و تەلەفزیــۆنی نــوێ تەرخانکــردووە و هیــچ بــڕە پارەیەکــی بــۆ ناوچــە کوردییــەکان دانەنــاوە.

## کۆتایی

١. چیرۆکی بەرخودانی گەلی کورد لەپێناو چارەی خۆنووسین و یەکسانی و ئاشتی و ئەو ئازارەی لەپێناو ئەو ئامانجە چەشتوویەتی، دوور و درێژ و تا بڵێی خەمهێنە، بەجۆرێک ناتوانرێ لەم نامەیەی کە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، هەمووی بگێڕدرێتەوە. ئەم نامەیە تەنانەت بەشی پوختەی ئەو پێشێلکارییە بێ وێنانەش ناکا کە پاڵپشتیی ئەو بانگەشانە دەکا کە دژی بنەڕەتەکانی مافی مرۆڤ لە دژی گەلی کورد لە عێراق ئەنجام دەدرێن. ئەم نامەیە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا بەوپەڕی ڕشتی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە و بانگەشە و ئەو پەیمانانەی لەبارەی مافی مرۆڤ داونی، پێیانەوە پابەند بێ و شەڕی کۆمەڵکوژیی لە کوردستان کۆتایی پێ بێنێ و مافی تاکی کورد لەم سەردەمە مێژووییەی مافی مرۆڤ بپارێزێ.

# پاشکۆی A

## لەبارەی بزاڤی کورد لە عێراق

کوردســتان دووجــار دووچــاری دابەشــکاریی گــەورە کــراوە؛ یەکەمیــان لــە ســەدەی حەڤــدەم کاتێــک بەســەر هــەردوو ئیمپراتۆریــی عــوسمانی و فارســیدا دابەشــکرا، دووەمیشــیان دوای جەنگــی یەکەمــی جیهــانی ئەوکاتــەی خاکــی پارچەکــرا و پارچــەکانی خرانەســەر وڵاتــانی نوێــی عێــراق و ســووریا و تورکیــا. لــەم ســۆنگەیەوە؛ دەکــرێ بڵێێــن ئێســتا بــەشی باکــووری ڕۆژئــاوای ئێــران و بــەشی ڕۆژهــەڵات و باشــووری ڕۆژهــەڵاتی تورکیــا و بــەشی باکــووری ڕۆژهــەڵاتی ســووریا و بەشــێکی بچووکــی ئەرمینیــا لــە یەکێتــی ســۆڤیەت و بــەشی باکــوور و باکــووری ڕۆژهــەڵاتی عێــراق کوردســتانە. ژیــانی کۆمەڵگــەی کــوردی وردەوردە گۆڕانکاریــی بەســەرداهات و لــە ژیــانی کۆچەرییــەوە بــەرەو کۆمەڵگــەی نیشــتەجێ چــوو و بەشــێوەیەکی ســەرەکی پشــت بــە کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری و بازرگانیــی ســنووردار و کاری دەســتی و پیشەســازیی بچووکــی ناوچەیــی دەبەســتێ. بەهەمانشــێوەی ئــەوەی لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدا بــەدی دەکــرێ، کوردســتانیش دابــەشی ســەر کۆمەڵگــەی شارســتان و گوندنشــین بــووە و خەڵــک لــە گونــد و شــارۆچکە و بنکــە شارســتانییەکان دەژییــن. هەرچۆنێــک بــێ، بەگشــتی کوردســتان لەچــاو ئــەو وڵاتانــەی بەســەریدا دابەشــکراوە، لــەڕووی گەشــەی ئابوورییــەوە لــەدوای ئەوانەوەیــە.

کـورد گەلێکـن لـە گـەلانی هیندۆ-ئەوروپـی، بـە زمـانی کوردیـش قسـەدەکەن کـە ئەویـش زمانێکـی هیندۆ-ئەوروپییـە و یەکێکـە لـە زمانـە سـەرەکییەکانی کۆمەڵـەی ئێـرانی، هاوشـێوەی فـارسی و تاجیکـی و پەشـتویی و هیدیکـە. ڕەنگـە دیارتریـن خەسـڵەت کـە ناسـنامەی کـوردی پـێ جیادەکرێتـەوە، زمانەکەیـان و جلوبەرگـە درەوشـاوەکەیان بـێ کـە پیـاو و ژنی کـوردی پـێ دەناسرێنـەوە، هەروەهـا خاکەکەشـیان کـە چەندیـن سـەدەیە لەسـەری دەژییـن.

سـەرەڕای ئـەوەی تـا ئێسـتا هەوڵێکـی یەکلاکـەرەوە نـەدراوە بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕەچەڵەکـی کـورد، بـەڵام ژمارەیەکـی زۆر پسـپۆری بوارەکـە لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە میدییـەکان بـاوانی ئـەو کوردانـەی ئێسـتان و بـۆ ئەمـەش پشـتیان بـە بەڵگـە زمانییـەکان و شـێوازی کۆچـی گـەلان بەسـتووە لـە ئاسـیای ناوەڕاسـت.

دەکـرێ کـورد بـەوە بناسرێتـەوە کـە بـە چیاکانـدا هەڵدەگـەڕێ و بەتـەواوی لەگـەڵ کـەش و هـەوا و بەرزونزمـی نیشـتمانەکەی گونجـاوە. بەگشـتی وا چـاو لـە کـورد دەکـرێ کـە ئـازا و پیاوانـە و ڕاسـتگۆ و میواندۆسـت و پیـاوی باشـن بـۆ ماڵباتیـان و باوکـی دڵسـۆزن. عادەتـەن ژنی کـورد لـە چـاو ژنـانی نەتـەوەکانی دەوروبەریـان ئازادتـرن. هەرچـی پەیوەندیـی بـە لایـەنی ئاینییـەوە هەیـە، ئـەوا کـورد پابەنـدن و باوەشـیان بـۆ ئایینـی ئیـسلام کردووەتـەوە و ئیـسلام ئایینـی زۆرینـەی هـەرە زۆریانـە. وێـڕای ئـەوەی ئامـارەکان لەبـارەی ژمـارەی کـورد لەیـەک جیـاوازن، بـەڵام دەکـرێ ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتان لـە نێـوان ١٨ بـۆ ٢٠ ملیـۆن کـەس دابنرێ کـە لەنێـوان تورکیـا و ئێـران

و عێـراق و سـووریا دابەشـبوون و ژمارەیەکـی کەمیشـیان کەوتوونەتـە نـاو یەکێتیـی سـۆڤیەت.

بـە ڕوانیـن لـە کلتـورە میللیـە دەوڵەمەندەکەیـان، کـورد بـە سـەرقاڵیی زۆریـان بـە مۆسـیقا و سـەما و شـیعر دەناسرێنـەوە. لەنێـوان شـاعیر و وێژەوانـە دیارەکانیانـدا نـاوی ئەحمـەدی خـانی و حاجـی قـادری کۆیـی و پیرەمێـرد و مەولـەوی و گـۆران و هـەژار و بێکـەس دەبینرێـن. هەروەهـا "کۆمەڵـەی تەلیعـی و تەرەقـی"ی سـاڵی ١٩٠٨ و ڕۆژنامـەی کـوردی کـە بـۆ یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٨٨٢ هـەردوو دامـەزراوەی "خۆییبـوون" ١٩٢٧و هیـوا ١٩٣٨ مشـتێکن لـە خەروارێکـی هەوڵـی ئـەدەبی و سـیاسی کـە کـورد لەمـاوەی هـەردوو سـەدەی نۆزدەیـەم و بیسـتەم بەرهەمیـان هێنـاوە.

پەرەسەندنی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستاندا

ئـەو هەوڵـە هەمەلایەنانـەی کۆمەڵـە جیـاوازەکانی کـورد لـە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتان داویانـە، بەرهەمـی تێکۆشـانی نەبـڕاوە و سـەختی گـەلی کـورد بـۆ بەرگـری کـردن لەخـۆی و بەرەوڕووبوونـەوەی هەوڵـی نکۆڵیکـردن لـە بـوونی و پشتگوێخسـتنی داواکارییـە ڕەوا نەتەوەییـەکانی.

لەمـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی و دوای ئـەوەش گـەلی کـورد لەسـەر بنەمـای مـافی چـارەی خۆنووسـین خەبـاتی کـرد و وەکـو بەرەنجامـی ئەمـەش لـە پەیماننامـەی سـیڤەری سـاڵی ١٩٢٠ وەک نەتـەوە دانپیێدانـرا کـە بـە ڕوونی بـاسی دروسـتکردنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردسـتان دەکا.

ئـەو بنەمایـەی کـوردە نەتەوەییـەکان لەمـاوەی جەنگـی دووەمـی جیهـان و دواتریـش لەسـەری دەڕۆیـشتن، ئـارەزووی بنیاتنـانی هەوڵـی

سیاسـیی بەرفـراوانتر و ڕێکخراوتـر بـوو کـە توانـای کۆکردنـەوەی تـەواوی گروپـە کوردییـەکانی هەبـێ و یـەک ڕێبەریـان هەبـێ. ئەنجامـی سروشـتیی ئەمـەش دروسـتکردنی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوو لـە ١٦ی ئـابی ١٩٤٦ بـە ڕێنمایـی و ڕاسـپاردەی سـەرۆک مسـتەفا بـارزانی. ناسـرەوەی دیـاری ئێسـتای بزاڤـی نەتـەوەی کـورد ئەوەیـە؛ لەمـاوەی سـێ دەیـەدا بـە سـەرکردایەتی کەسـایەتییێکی نـاودار کـە بارزانییـە و بـە فەزڵـی پارتێکـی سـیاسی گەشەسـەندوو و ڕێکخـراو کـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانە، گەشەیسـەندووە.

پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان پارتێکـی نەتەوەیـی پێشـکەوتنخوازە، لەڕێـی بەرجەسـتەکردن و سـەرکردایەتی کـردنی گۆڕانکاریـی کۆمەڵایـەتی و ئابووریـی بـەردەوام لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا. پارتـیمان بـاوەڕی بـە بنەمـای دیموکـراتی و یەکسـانیی کۆمەڵایەتیـی هەیـە و ئـەو بنەمایانـەش لـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخۆیـدا دەدرەوشـێتەوە کـە پشـت ئەسـتوورە بـە چەمکـی مەرکەزیبـوونی دیموکـراتی. ئەمـەی خـوارەوە چەنـد بنەمایەکـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانە هـەروەک لـە پەیڕەوەکەیـدا هاتـووە:

**مـاددەی ٣:** "لەپێنـاو ئـازادی و جێبەجێکـردنی دەقاودەقـی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئـازار تێدەکۆشـین، هەروەهـا بـۆ وەدەسـتهێنانی حوکمـی زاتی و پاراسـتنی ئـەو دەسـەڵاتە و ڕسـکاندن و پەرەپێـدانی لـە کوردسـتان و لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا".

**مـاددەی ٦:** "لەپێنـاو دامەزرانـدنی سسـتەمێکی حوکمـی شۆڕشـگێڕی و دیموکراتیـی هەڵبژێـردراو لەلایـەن گەلـەوە تێدەکۆشـین. هەروەهـا خەبـات دەکەیـن لەپێنـاو گۆڕانکاریـی کۆمەڵایـەتی و ئابووریـی بەرفـراوان لـە هەموو

لایەنـەکانی کۆمەڵگـە و گەرەنتـی کـردنی ئازادیـی ئایینـی و بیروبـاوەڕ و ڕۆژنامەگـەری و کۆبوونـەوەی سـیاسی بـۆ تـەواوی هاوڵاتیـان"

**مــاددەی ٧:** "ئێمــە لەپێنــاو ئەمانــە تێدەکۆشــین: أ) پتەوکــردنی برایـەتی لەنێـوان گـەلی کـورد و گـەلی عـەرەب، ب) بەهێزکـردنی ڕیشـەی پێکەوەژیــان لەنێــوان عــەرەب و کــورد کەمینــەکان لــە عێراقــدا و پتەوکــردنی یەکێتیــی نیشــتمانی، ج) پتەوکــردنی بنەمــاکانی دۆســتایەتی لەنێـوان گـەلی کـورد و تـەواوی گـەلانی جیهاندا"مـاددەی ٨. أ) لەپێنـاو ئاشـتی لـە جیهـان و کەمکردنـەوەی تەنگـژە نێودەوڵەتییـەکان خەبـات دەکەیــن و بنەمــاکانی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و بڕیــارەکانی کۆنگــرەی باندۆنـگ و بنەمـاکانی پێکەوەژیـانی ئاشـتیانە و چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشمەکێشــە نێودەوڵەتییــەکان و قەدەغەکــردنی چەکــی ئەتۆمــی و تاقیکردنـەوەی دەکەینـە بناغـەی ئـەو تێکۆشـانە. ب) سیاسـەتی نەتەوەیـی دژە ئیمپریالیـزم دەگرینەبـەر و بـە هەمـوو توانایەکمانـەوە هەوڵدەدەیـن پەیوەندیـی دۆسـتانەمان لەگـەڵ تـەواوی گـەلانی جیهانـدا هەبـێ لەسـەر بنەمــای ســوودی دوولایــەن و پشــتگیریکردن لــەو بزاڤــە ڕزگاریخــوازە نەتەوەییانــەی گــەلان بــۆ ســەربەخۆیی و دیاریکــردنی مــافی چــارەی خۆنووســین ئەنجامــی دەدەن.

**مــاددەی ٩:** "لــە هەوڵدایــن بــۆ پتەوکــردنی دۆســتایەتی و هــاوکاری لەنێـوان پارتـیمان و تـەواوی حـزب و ڕێکخـراوە عێراقییـەکانی دیکـە کـە باوەڕیـان بـە ڕەوایـی دۆزی کـورد هەیـە و ئەوانـەی پاڵپشـتی لـە تێکۆشـانی هاوبـەش دەکـەن لەنێـوان پارتـیمان و ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکانی دیکـە لــە هەمــوو کوردســتان. هەروەهــا پتەوکــردنی دۆســتایەتی لەنێــوان

پارتـیمان و هەمـوو حـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان لـە کـۆی ناوچـەکانی جیهانــدا ئامانجمانــە".

**مــاددەی ١٢:** تێدەکۆشــین بــۆ ئابوورییەکــی نیشــتمانی و بەرزکردنــەوەی ئاســتی ژیــانی هاوڵاتیــان بــە پەیڕەوکــردنی بنەمــای ئابــووری و کۆمەڵایــەتی هەمەلایــەن، لەگــەڵ لەبەرچاوگرتنــی ســەرچاوە مرۆییــەکان و سروشــتی خــاک. ئومێدەواریشــین پێداویســتییە بنەڕەتییــەکانی گەشــەپێدان دابینبکرێــن و هــەردوو کــەرتی گشــتی و تایبــەت لــە ڕووی ئابووریــیەوە هانبدرێــن بــە گەرەنتیکــردنی ڕۆڵــی سەردەســتە بــۆ کــەرتی گشــتی".

**مــاددەی ١٦:** "پاڵپشــتی لــە یاســای ئیسڵاحــی زراعــی نــوێ دەکەیــن بــە ژمــارە ٣٧ بــۆ ســاڵی ١٩٧٠، بــەو ئومێــدەی هەمــوو جووتیــارانی کوردســتان ببنــە خــاوەن پارچەیــەک زەوی و بەمشــێوەیەش دەرەبەگایــەتی لــە کوردســتان کۆتایــی پــێ دێ"

**مــاددەی ١٧:** "باوەڕمــان بــە ڕێکخســتنی بازرگانیــی ناوخۆیــی و دەرەکــی هەیــە بــە پاڵپشــتیکردن و پارێزگاریکــردن لــە کــەرتی کارکــردن و لەبەرچاوگرتنــی بەرژەوەندیــی کــەرتی تایبــەت و کــەرتی گشــتی کــە هەردووکیــان لــە پاراســتنی بەرژەوەندیــی نیشــتمانی ســەرچاوەیان گرتبــێ، هەروەهــا قەڵاچۆکــردنی قۆرغــکاری و شــاردنەوە. هەروەهــا باوەڕیــشمان بــە پەیوەندیــی بــازرگانی هەیــە لەگــەڵ وڵاتــانی دیکــە لەســەر بنەمــای مامەڵــەی هاوشــێوە و زیادکــردنی هــاوردە و بەرتەســککردنی هــاوردە لــە کاڵا بنــەڕەتی و پێویســتەکان".

**مـاددەی ٢٢:** "ئێمـە پاڵپشـتی مـافی سـیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کلتـوری ئافـرەت دەکەیـن و هەمـوو هەوڵێـک دەدەیـن بـۆ دەرکـردنی یاسـای پێویسـت کـە تـەواوی مافـەکانی ئافـرەت بـەر لـە لەدایکبـوونی منـداڵ و لـەکاتی لەدایکبـوون و لـەدوای لەدایکبوونیـش لەخۆبگـرێ، ئەمـە بێجگـە لـە مـافی دایـکان و منداڵەکانیـان".

**مـاددەی ٢٣:** "بـە هەمـوو تواناوە هەوڵدەدەیـن بـۆ:أ) زامنکـردنی مـافی قوتابیـانی کـورد و کۆتاییهێنـان بـە نەخوێنـدەواری و پێـدانی مۆرکـی نیشـتمانی و دیموکـراتی بـە خوێنـدن و بەرەنگاربوونـەوەی کێشـەی کۆنەپارێـزی و فاشـیزم و ڕەگەزپەرسـتی. ب) زیندووکردنـەوەی مێـژوو و ئـەدەب و هونـەری کـوردی و دەوڵەمەندکـردنی بـە ڕەگـەزی مرۆڤایەتـی لـە کلتـوری دیکـە، هەروەهـا پاراسـتنی شـوێنەوارە مێژووییـەکان لـە کوردسـتان و دروسـتکردنی مۆزەخانـە بۆیـان. ج) گەشـەپێدانی زانکۆی سلێمانی و پاراسـتنی سـەربەخۆییەکەی و کـردنی بـە دامەزراوەیـەک بـۆ توێژینـەوەی ئەکادیمـی، هەروەهـا بایەخـدان بـە زمـانی کـوردی لـە تـەواوی عێـراق و دروسـتکردنی ئەکادیمیـای کـوردی بـۆ زانسـتەکان و دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوە و ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆنی سـەربەخۆ لـە کوردسـتان. هــ) خوێنـدنی سـەرەتایی بـۆ هـەردوو ڕەگـەز بکرێتـە خـورتی و قوتابخانـەی شـەوان بـۆ کرێـکاران و جووتیـاران و ئـەوانی دیکـە بکرێتـەوە و ژمـارەی کتێبخانـە و تاقیگـە و یانـەی ئـەدەبی زیادبکـرێ، تـا ئاسـتی ڕۆشـنبیری و فێربـوونی گـەل پتر بکـرێ. و) پاڵپشـتیکردنی هونـەر و ڕۆشـنبیری کـوردی و کەڵـک لێوەرگرتنـی بـۆ خزمـەتی مرۆڤایـەتی بەشـێوەیەکی گشـتی و سـوود لـێ وەرگرتنـی لـە خزمـەت ئامانـج و بەرژەوەندییـەکانی گـەلی کـورد بەتایبـەتی. پـەرەدان بـە بزاڤـی ئـەدەبی و

هونـەری لەڕێـی زیادکـردنی هـاوکاری و زەمالـەی خوێنـدن و بنیاتنـانی هۆڵـی شـانۆ و کردنـەوەی یانەکانـە و زامنکـردنی مـافی مامۆسـتایان لـە کوردسـتان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتیان لـە لایەنـە جیـاوازەکانی پیشـەکەیان"

## شۆڕشی کورد و ئامانجەکانی

شـۆڕشی کـورد ئـەوەی لـە ئەیلـوولی ١٩٦١ سـەریهەڵدا، کاردانەوەیەکـی سروشـتی بـوو دژی سیاسـەتی لەناوبـردن و جیاکاری کە حکومـەتی عێراق دژی گـەلی کـورد پەیـڕەوی دەکرد. بـۆ بەرەوڕووبوونـەوەی گێچەڵـە بەردەوامەکان و بەرگـری لـە بـوون و نیشـتمان و مافەکانیـان، گـەلی کـورد ناچاربـوو چـەک هەڵبگـرێ. لەمـاوەی سـاڵانی کۆتایـی خەبـات، شـۆڕشی کـورد بـووە بزاڤیکـی سیاسـیی ڕسـکاو و ئامانجەکـەی حوکمـی زاتی بـوو لـە چوارچێـوەی عێراقـدا.

بەوپێیــەی کــورد دووەم نەتــەوەی ســەرەکین لــە عێــراق، بۆیــە وەک گەلێـک داوای داننـان بـە ناسـنامەی نیشـتمانیی سـەربەخۆ و دیاریکراویـان کــردووە لەگــەڵ ڕێزلێگرتنــی. بــە تێپەڕبــوونی ســاڵانێکی دوورودرێــژ لــە پێکەوەژیــان لەگــەڵ عــەرەب لــە عێــراق و ئــەو تێکۆشــانە تاڵــەی بەیەکــەوە دژی دامــەزراوە عێراقییــە جیــاوازەکان کردوویانــە، بەتایبــەتی ئــەوەی ســاڵی ١٩٦١، کــورد گەیشــتوونەتە ئــەو بــاوەڕەی تاکــە زامنــی پـاراستن و پشـتەوانی خەباتـە نیشـتیمانییەکەیان بریتییـە لـە وەدەسـتهێنانی حوکمــی زاتی لەچوارچێــوەی عێراقــدا.

بەوپێیـەی چەمکـی حوکمـی زاتیـی کـورد و جێبەجێکـردنی لەچوارچێوەی فـراوانی دەوڵـەتی عێراقـدا دانـراوە، ئەوا گرنگە هیـچ دژبوونێک نەبـێ لەنێوان کارگێڕیی هەرێم(کورد) کە پێشـنیازکراوە لەگەڵ سسـتەمی نیشتمانی(عێراقی) بەرفـراوان. هەربۆیـە یەکێـک لـە ئامانجەکانی شـۆڕشی کـورد دەسـتەبەرکردنی دیموکراتییـە بـۆ تـەواوی عێـراق، بـە پشـت بـەستن بـەو بـاوەڕەی؛ باشتریـن ژینگـە بـۆ گەشەسـەندنی حوکمی زاتیی کورد، چوارچێوەی گشـتیی سسـتەمی حوکمـی دیموکراتیـی عێراقە بەشـێوەیەکی گشـتی.

شـــۆڕشی کـــورد لەلایـــەن پـــارتی دیموکـــراتی کوردســـتانەوە بـــە سـەرکردایەتی بـارزانی، سـەرکردایەتی دەکـرێ کـە لەپـاڵ ئـەوەی سـەرۆکی حزبـە، ڕێبـەری گـەلی کـورد و شۆڕشەکەشـیەتی، ئـەو تاکـە سـەرکردەیە بـە سـەرکەوتوویی بزاڤـی نەتـەوەی کـوردی لـە عێـراق بـە ئامانـج گەیانـد کـە سـەرکردایەتی کردنەکـەی جێـی بـاوەڕ و پەسـندی گـەلی کـوردە زۆر بـە بەرفـراوانی.

بارودۆخـی سـیاسی لـە عێـراق بەشـێوەیەک بـوو، وایکـرد شـۆڕشی کـورد بـەردەوام پەرەبسـێنێ لـەڕووی ڕێکخسـتن و کاردانـەوە ئەرێنییەکـەی بـۆ بنەمـای چارەسـەری ئاشـتیانەی دۆزی کـورد لەنـاو عێـراق، ئەمـە لەکاتێکـدا ڕژێمـە یـەک لـەدوای یەکـە عێراقییـەکان بـەردەوام بـوون لـە سیاسـەتی دژایـەتی و نەگـۆڕان بەرانبـەر گـەلی کـورد و بزاڤەکـەی. شکسـتی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و دوژمندارانـە لەلایـەک و مکـووڕی گـەلی کـورد لەسـەر داواکارییـە ڕەواکانی لەلایەکـی دیکـەوە، دواجـار و دوای چەندیـن سـاڵ لـە نائومێـدی و شـکاندنی پەیمانـەکان، بـووە هـۆی تێگەیشـتنی بـاشتر لەلایـەن پـارتی بـەعسی عـەرەبی ئیشتراکـی و حکومـەتی ئێسـتای عێـراق لـە سروشـتی دۆزی کـورد و ئـەم تێگەیشـتنەش بـووە هـۆی ڕێکەوتنـی یـازدەی ئـادار.

بەمشـێوەیە لـە ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ خەبـاتی دوورودرێـژ و سـەختی گـەلی کـورد بـە سـەرکەوتنی ئیـرادەی گـەلی کـورد کۆتایـی پێهـات، ئـەو سـەرکەوتنەی ڕێکەوتننامـەی ئـاداری لێکەوتـەوە کـە دان بـە حوکمـی زاتی بـۆ کوردسـتان دادەنـێ ودەیسـەلمێنێ. بەردەسـیلەی هاوپەیمانیـی داهاتـووی نێـوان پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و حـزبی بـەعسی عـەرەبی ئیشتراکـی بریتییـە لـە داننـانی بـەم دوایـە بـە مافـە

نیشـتمانییەکانی گـەلی کـورد و پـێ قایـل بـوونی، ئەمـە ڕێکەوتنـەش، بەبـێ جێبەجێکـردنی تـەواوەتی بڕگـەکانی، نییـەت پاکـی نەبـێ جێبەجـێ نابـێ.

ڕێکەوتننامـــەی ئـــادار بنەمایەکـــی داهێنـــا کـــە چوارچێوەیەکـــی دەســـتووری و کارگێـــڕی و ئابـــووری بـــۆ ڕەخســـاندنی چەمکـــی حوکمـــی زاتی کـــورد و پراکتیزەکـــردنی داڕشـــت. حـــزبی بـــەعسی عـــەرەبی ئیشتراکـــی فەرمانـــڕەوا و حکومـــەتی عێـــراق، تەنانـــەت دوای ســـێ ســـاڵ و نیـــو لـــە چاودێـــری و هیـــوا لەلایـــەن گـــەلی کـــوردەوە، دەستەوەســـتان بـــوون لـــە هێنانـــەدی ئەمـــە. مەبەســـت لەمـــە نکۆڵـــی کـــردن نییـــە لـــە جێبەجێکـــردنی بڕگـــە ناوەنجییـــەکانی ڕێکەوتنەکـــە لـــەو ماوەیـــەدا، بەڵکـــو ئـــەو ڕاســـتییە وەکـــو خـــۆی دەمێنێتـــەوە کـــە ئـــەو بڕگانـــەی کاریگەریـــی ڕاســـتەوخۆیان لەســـەر پتەوکـــردنی ناســـنامەی نیشـــتمانیی کـــورد هەیـــە لەگـــەڵ بـــوونی گـــەلی کـــورد لـــە کوردســـتانی نیشـــتمانیدا، نـــەک تەنیـــا پشـــتگوێخراوە، بەڵکـــو هەوڵێکـــی گـــەرم و بەرنامەبۆداڕێـــژراو هەیـــە بـــۆ شـــێواندنی واقیعـــی بـــوونی کـــورد لـــە باشـــووری کوردســـتان و تێکـــدانی گونجـــانی کوردســـتان لـــەڕووی جوگرافـــی و ڕەگـــەزی و شـــێواندنی.

ئـــەو سیاســـەتەی تەعریـــب کـــە ئێســـتا زۆر بـــە ڕشـــتی لـــە کوردســـتان جێبەجـــێ دەکـــرێ، باشتریـــن نموونەیـــە لەســـەر گۆڕینـــی هەوڵـــە ڕاســـتگۆکان بـــۆ جێبەجێکـــردنی حوکمـــی زاتی بـــۆ پلانی پیـــس و بەرنامـــە بۆداڕێـــژراو بـــۆ پارچەکـــردنی ناوچـــەی پێشـــنیازکراوی حوکمـــی زاتی کـــورد و دابەشـــکردنی کوردســـتان و دانیشـــتووانەکەی. بـــۆ ئەمـــە ئـــەوە بەســـە؛ شـــوێنپێی سیاســـەتی شـــۆڤێنی لـــە ناوچـــەی کەرکـــووک و خانەقیـــن و شـــەنگار و چەنـــد بەشـــێکی پارێـــزگای نەینـــەوا و دهـــۆک بکەویـــن، تـــا ڕێـــکاری وەک هێنـــانی هـــۆزە

عەرەبییـــەکان و نیشـــتەجێکردنیان لـــە کوردســـتان ببینیـــن، هەروەهـــا دنـــەدانی دوژمنایـــەتی بـــە ئەنقەســـت لەنێـــوان کـــورد و کەمینـــە نەتەوەیـــی و ئایینییـــەکان لـــە کوردســـتان و پەنابـــردن بـــۆ تیـــرۆر و چەکدارکـــردن و پارەدارکـــردنی گروپـــی گومانلێکـــراو و لاگیـــری حکومـــەت و ڕاگواســـتنی بەکۆمەڵـــی ماڵبـــات و هـــۆزە کـــوردەکان، هەروەهـــا پەیڕەوکـــردنی سیاســـەتی جیاکاریـــی پلان بۆداڕێـــژراو دژ بـــە کـــوردی ئـــەو ناوچانـــە بـــە دانەمەزراندنیـــان لـــە کـــەرتی حکومـــی و گواســـتنەوەی بەرپرســـە مـــەدەنی و ســـەربازییەکانی کـــورد بـــەزۆر بـــۆ باشـــووری عێـــراق. ئەمـــە هەمـــووی بـــۆ ئـــەوە دەکـــرێ، ژیـــانی ئـــەو کـــوردە ڕەســـەنانەی لـــەو ناوچانـــە دەژییـــن، مەرگەســـات بـــێ، تـــا ناچاربـــن ناوچەکەیـــان بەجێبهێڵـــن. بـــۆ ئەمـــە مـــرۆڤ هیچـــی بەدەســـتەوە نامێنـــێ، ئـــەوە نەبـــێ پرســـیار بـــکا؛ ئایـــا ئـــەو مامەڵەیـــەی حکومـــەت هیـــچ جـــۆرە وەلا و لاگیرییـــەک لای هاوڵاتیـــان بـــۆ سســـتەمێک دروســـت دەکا کـــە تـــا ئـــەو ئاســـتە جیـــاکاری بـــکا و دوژمنکارانـــە بـــێ. ئەمـــە وێـــڕای ئـــەو پیلانانـــەی دژ بـــە ژیـــانی بـــارزانی دەگێڕدرێنـــەوە، لەگـــەڵ هێرشـــە ســـەربازییە ناوخۆییـــەکان کـــە دژی چەنـــد ناوچەیەکـــی کوردســـتان لەوانـــە ئاکـــرێ و بـــارزان و ئـــەوانی دیکـــەش ئەنجامـــدراون.

بێگومـــان کەڵەکەبـــوونی ئەمانـــە، جێبەجێکـــردنی بڕگـــەکانی ڕێکەوتننامـــەی ئـــاداری قـــورستر کـــرد، ئەمـــە ســـەرەڕای ئـــەوەی شـــۆڕش و گـــەلی کـــورد لەلایـــەن خۆیانـــەوە هەوڵـــدەدەن چاوپـــۆشی لەلایـــەنی نەرێنـــی سیاســـەتی ئێســـتا بکـــەن و بـــەدوای خاڵـــی هاوبەشـــدا بگەڕێـــن، تـــا لـــەو بارودۆخـــە ئاڵـــۆزە ڕزگاریـــان بـــێ و گـــەلی عێـــراق لـــە دووبارەبوونـــەوەی ڕووداوە ناخـــۆش و بـــە ئـــازارەکانی ڕابـــردوو دووربخەنـــەوە. سیاســـەتی شـــۆڕشی

کــورد کــە خــۆی لــە داواکاریــی بــەردەوام لــە حکومــەت دەبینێتــەوە، بــەوەی کۆتایــی بــە هەندێــک سیاســەتی نەخــوازراو و جێبەجێنەکــراو بهێنــێ و لەبــاتی ئــەوە هاریــکار بــێ لەپێنــاو جێبەجێکــردنی ڕاســتەقینەی ڕێکەوتننامــەی ئــادار، چونکــە پشــتبەستن بــە بــاوەڕی هاریــکاری یــەکتر، تاکــە هــۆکارە بتوانــرێ لەڕێگەیــەوە ســەروەریی عێــراق و ســەربەخۆییەکەی دەســتەبەربکرێ و لەڕێــی ئەویشــەوە ئاشــتی و بەرقــەراری بــارودۆخ بێتــە گــۆڕێ، ئەمــەش نــەک تەنیــا لــە عێــراق، بگــرە ڕەنگــە کــۆی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت بگرێتــەوە. لەلایەکــی دیکــەوە؛ ئەگــەر بەپیــر عەقڵــەوە نەچوویــن و گــوێ پێنــەدان و دوژمنــکاریمان پــێ پەســندتر بــوو، ئــەوا بێگومــان گــەلی کــورد بــە مــافی ڕەوای خــۆی دەزانــێ هــەرکات و لــە هــەر کوێیــەک پێویســت بــوو، بەرگــری لــە خــۆی بــکا.

هەســتی دادپەروەرانــە و بەرپرســیاریەتی کــە ســەرکردەی شــۆڕشی کــوردی پــێ دەناسرێتــەوە، هەروەهــا ئــەو هەســتە گشــتییەی لەناوەوەیــە بــەوەی هــاوکاری و دۆســتایەتی لەگــەڵ کۆمەڵگــەی کرســتیانی نــەک تەنیــا پێویســتە، بەڵکــو زۆریــش جێــی پەســندە و ئەمــەش وایکــردووە شــۆڕشی کــورد بایەخێکــی تایبــەت بــە چارەســەرکردنی کێشــەکانی ئــەم کۆمەڵەیــە بــدا و خۆشــگوزەرانییان بــۆ لــە کوردســتان بڕەخســێنێ. بــۆ جێبەجێکــردنی ئەمــەش بەشــێوەیەکی پراکتیکــی کــورد و پــارتی دیموکــراتی کوردســتان چەنــد لێژنەیەکــی هاوبەشــیان لەگــەڵ نوێنــەرانی پێکهاتــەی کرســتیان پێکهێنــاوە، تــا لەگــەڵ پیــاوانی ئایینــی کاربکــەن و هاوکاریــان بــن، بەتایبــەتی لــە بابــەتی پاراســتنی شــوێنی خواپەرســتییان، هەروەهــا بــۆ گفتوگۆکــردن بــە زمــانی ئاشــووری و تیشــک خستنەســەر کێشــەکانیان لەڕێــی بڵاوکردنەوەیــان

لــە بڵاوکــراوەکانی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان و بــۆ داواکــردن لــە پێکهاتــەی کرســتیان، تــا لیســتی ئــەو ناوانــە پێشــکەش بکــەن کــە دەکــرێ لــە ناوچەکانیــان بکرێنــە بەرپــرس، بەشــێوەیەکی گشــتیش؛ بــۆ هەوڵــدان و شرۆڤەکــردنی ئــەو مــاف و جیاوکانــەی لــە چوارچێــوەی حوکمــی زاتی کوردســتان وەدەســتی دەهێنــن.

شــۆڕشی کــورد بزاڤێکــی کۆمەڵایەتیشــە، بۆیــە پشــت بــە گــەلی کــورد دەبەســتێ و هەمــوو هەوڵێــک دەدا، تــا دەســکەوتەکانی وەک خزمەتگوزاریــی بەرجەســتە پێشــکەش بــە گــەلی کوردســتان بــکا. دوای ســاڵانێک لــە پشتگوێخســتنی فەرمــی و نەبــوونی پێشــکەوتن، هێشــتا کۆمەڵگــەی کــوردی بەدەســت چەندیــن کێشــەی کۆمەڵایــەتی و ئابــووری دەناڵێنــێ کــە پێویســتی بــە بایەخپێــدانی دەمودەســت و هەمەلایــەن هەیــە. هێشــتا ٧٥٪ی دانیشــتوانی کوردســتان نەخوێنــدەوارن، کەڵەکەبــوونی ئەمــەش بەهــۆی دابــڕانی بەردەوامــە لەخوێنــدن کــە هۆکارەکــەی نەبــوونی ئاشــتی بــەردەوام و نەبــوونی قوتابخانەیــە لــە ناوچــە ئازادکــراوە کوردییــەکان. ئەمــە هەمــووی بــووە هــۆی ئــەوەی نەوەیــەک بەتــەواوی لــە کــورد بــێ بــەش بــێ لــە خوێنــدن. بڵاوبوونــەوەی نەخــۆشی وەک ســیل و نەخۆشــییەکانی گورچیلــە و کۆکــە زۆر نەخۆشــیی کــوژەری دیکــە، بەڵگــەن لەســەر تێکچــوونی بەردەوامــی بــاری تەندروســتیی دانیشــتوانی کوردســتان. وێنەکــە تاریــکتر دەبــێ؛ کاتێــک دەزانیــن کارمەنــد و بنکــەی تەندروســتی وەک ئەوەیــە نەبــن لــە کوردســتان و شــوێنی چارەســەری نەخــۆشی و خۆپــاراستن ئێجــگار ســنووردارن. بــۆ ســەلماندنی ئــەوەی کــە چاودێریــی پزیشــکی ئێجــگار دەگمەنــە، بەســە ئــەوە بــە نموونــە بهێنینــەوە کــە بــۆ

هـەر ٢٥٠ هـەزار کـەس تەنیـا یـەک پزیشـک هەیـە و ژمارەیەکـی زۆر کـەم یاریـدەدەر و پەرسـتاری کـوڕ هـەن.

بەمهۆیـەوە لەسـەر شـۆڕشی کـورد پێویسـت دەبـێ؛ چوارچێـوەی کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییەکـەی بەرفـراوانتر بـکا. بـۆ ئەمـەش پێداگـرە، لەڕێـی پەرەپێـدانی کۆمەڵگـە لـەو ناوچانـەی پێویسـتییان بـە هاوکارییـە، ئەنجامـی بـدا. هەروەهـا لـەو بوارانـەی وەک تەندروسـتی و پـەروەردە کـە پێویسـتیان بـە پشـتگیریی ڕاسـتەوخۆ هەیـە، شـۆڕشی کـورد لـە هەوڵدایـە، لـە ڕێـی وەگەڕخسـتنی ئـەو قوتابخانـە و نەخۆشـخانانەی هـەن و کردنـەوەی قوتابخانـە و نەخۆشـخانەی نـوێ بەپێـی توانـا و هێنـانی پزیشـک و مامۆسـتا و دەسـتەبەرکردنی چاودێریـی پزیشـکی هـەرکات بەردەسـت بـوو، هاوکارییـان بـکا.

چەمکـی گەشـەپێدانی کۆمەڵگـە لـە دیـدی شـۆڕشی کـورد بریتییـە لـە؛ پشتبەسـتنی خەڵکـی بەخۆیـان. هـەزاران گونـدی ئـازاد لـە کوردسـتان تاکـە پێویسـتییان ئامێـرە بنەڕەتییـەکانی گەشـەپێدانن و زۆربـەی کات نازانـن چـۆن بارودۆخـی کۆمەڵایـەتی و ئابـووری خۆیـان بـە کەمتریـن تێچـوو و ماندووبـوون بگـۆڕن. لـەم سۆنگەیەشـەوە بەمدواییانـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان یەکەیەکـی کارگێـڕی بـۆ گەشـەپێدانی کۆمەڵایـەتی دانـا کـە هەوڵـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی لادێـکانی کوردسـتان دەدا، بەتایبـەتی لـە هـەردوو بـواری تەندروسـتی و پـەروەردە.

بێگومـان ویسـتی ئـەم بەشـە و خواسـتەکانی زۆر لەسـەرووی تواناکانیـەتی، چونکـە لقـی بزاڤێکـە کـە خـۆی بەرهەمـی کۆمەڵگەیەکـە؛ ماوەیەکـی دوورودرێـژە هـەژار و دواکەوتـووە. لەیـەک دابڕانـدنی

دانیشـــتووان و ڕاگواســـتنیان بەهـــۆی تەعریـــب و مانـــەوەی کێشـــەی سـیاسی ئێمـە بـێ چارەسـەر و ناچارکردنمـان بـەوەی چەنـد دەیەیـەک دەسـتبەرداری هەمـوو شـتێک ببیـن و چـەک بـۆ بەرگریکـردن لەخۆمـان هەڵبگریـن، هەمـوو ئەمانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی شـۆڕشی کـورد و دامـەزراوە جیـاوازەکانی نەتوانـن ڕێگـری لـە پتر تێکچـوونی بارودۆخـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی لـە کوردسـتان بکـەن، ئەمـە وێـڕای زیادبـوونی داواکاریـی بـۆ دەسـتەبەرکردنی پێداویسـتییە بنەڕەتییـەکان.

لەکاتێکـدا بـاوەڕی تەواومـان بـەوە هەیـە کـە چارەسـەریی ئاشـتیانەی دۆزی کـورد لـە عێـراق کەوتووەتـە سـەر جێبەجێکـردنی ڕێکەوتننامـەی ئـادار و پێـدانی حوکمـی زاتی بـە کوردسـتان و ئـەوە نموونەییتریـن ڕێگایـە بـۆ هێنانـەدی ئاشـتی و یەکێتـی نیشـتمانی، ئـەوا ئێمـە داوا لـە هەمـوو ئەوانـە دەکەیـن کـە بایـەخ بـە ئاشـتی دەدەن و خۆشـیان دەوێ، ئـەو پەیامـەی ئاشـتی کـە گـەلی کوردمـان هەڵیگرتـووە، بیگەیەننـە گـەل و حکومەتەکانیـان. هەروەهـا داواتـان لێـی دەکەیـن ڕێکخـراوە مرۆییـە جیـاوازەکانی وڵاتەکانتـان هـان بـدەن؛ بەپیـر بانگـەوازی گـەلی کوردسـتان بێـن و هاوکاریـی وەک خـۆراک و جلوبـەرگ و چاودێریـی پزیشـکی و پێداویسـتییە بنەڕەتییـەکانی دیکـەی پێشـکەش بـکا. لەکۆتاییشـدا داوا لـە نوێنـەرانی هەمـوو وڵاتـە دۆسـتەکانمان دەکەیـن سـەردانی کوردسـتان بکـەن و خۆیـان تێکۆشـانی سـەختی میللـەتی ئێمـە ببینـن کـە لەپێنـاو بـوونی نیشـتمانی دەیـدا و چەنـد پێویسـتی بەوەیـە ژیانێکـی بەڕێـز و هێمـن بژیـێ.


ADMINISTRATIVE MAP

# پاشکۆی B

**لەبارەی پاشخانی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**شاندی کورد لە دەرەوە**

**زانیاریی ژمارە I**

**پاشخانی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠**

**٢٣ی نیسانی ١٩٧٤، ٣ لاپەڕە**

**بزاڤی حوکمی زاتی کوردستانی عێراق**

**شاندی کورد لە دەرەوە**

**پاشخانی ڕێکەوتنی ئاداری ١٩٧٠**

دۆزە نیشتمانییەکەمان ویستێکی ڕەوای گەلێکی ڕەسەنە، تا لەسەر زەوییەکەی بژیێ و چارەنووسی خۆی دیاربکا. ئەم پێداگرییەی گەلی کورد؛ وایکردووە بە نەبەردی بژیێ و بەرگەی هەموو ئەو کارەستانە بگرێ کە بەدرێژایی مێژوو بەسەری هاتوون. دوایین کارەسات ئەو هەڵمەتە سەربازییە دڕندانە بوو کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٦١-١٩٧٠ کردیانە سەر کوردستانی عێراق. ئەم هەڵمەتانە بوونە هۆی لەناوبردنی کلتور و بوونی نیشتمانیمان، بەڵام هەڵمەتەکە شکستی هێنا و ویستی گەلی عێراق سەرکەوت و ڕێکەوتننامەی ئاداری مێژوویی لێکەوتەوە.

بزاڤــی حوکمــی زاتی لــە کوردســتانی عێــراق؛ جارێکــی دیکــە توانــای خــۆی دژی جیاکاریــی ڕەگــەزی و ئازادبــوون لــە زوڵمــی نەتەوەیــی ســەلماند. ڕێکەوتننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠مــوژدەی خێــر و گەشــبینی پێوەبــوو، چونکــە ڕێــگای خۆشــکرد بــەرەو دیموکــراتی بــوون و گەشــەپێدانی وڵات لەڕێــی هەوڵــی ڕشــت و بــەردەوام، هەربۆیــە ڕێکەوتنەکــە بــە ســەرکەوتن بــۆ گــەلی عێــراق بــە گشــتی و گــەلی کــورد بەتایبــەتی دادەنــرێ. ڕاســتەوخۆ دوای ڕاگەیانــدنی ڕێکەوتنەکــە؛ پەیوەندییەکانمــان لەگــەڵ حــزبی بــەعسی عەرەبیــی ئیشتراکــی پتەوکــرد، لــە ســۆنگەی باوەڕمــان بــەوەی؛ دڵســۆزیمان لــە کارکــردن لەپێنــاو ڕەخســاندنی حوکمــی زاتی بــۆ کوردســتان و دیموکــراتی بــۆ عێــراق، دەکــرێ لــە ڕێــی هاوکاریکــردنی نێــوان هــەردوو حــزب بــە باشتریــن شــێوە دەربکــەوێ.

شکست لە هێنانەئارای عێراقێکی نەتەوەیی و دیموکراتی

ڕێکەوتننامــە مێژووییەکــە کــە لــە ١٥مــاددە پێکــدێ، وەکــو هاوبەشــێکی ئــازاد و یەکســان بــە نەتــەوەی عــەرەب، دانی بــە گــەلی کــورددا نــاوە و مــاوەی چــوار ســاڵی بــۆ جێبەجێکــردنی ڕێکەوتننامەکــە دیارکــردووە کــە لەڕێگەیــەوە حوکمــی زاتی دەدرێتــە کوردســتانی عێــراق.

بەوپێیــەی بزاڤــی حوکمــی زاتی کــورد دەیەویســت وەکــو بەشــێکی دانەبــڕاو لــە عێــراق بمێنێتــەوە، مادەیەکــی بنچینەیــی لــە ڕێکەوتننامەکــە تایبەتکــراوە بــە ئەنجامــدانی ســەرژمێریی دانیشــتوان بــە فەرمــی لــە مــاوەی یــەک ســاڵ، بــۆ دەستنیشــانکردنی ســنووری ناوچــەی حوکمــی زاتیــی یەکگرتــوو لــە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق. حکومــەتی ناوەنــدی

شکستی هێنا لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە و مومارەسەی مافی نیشتمانی ڕاستەقینە بۆ گەلی کورد دەوەستێتە سەر ئەمە. بەبێ هەبوونی سەرژمێرییەکی ئازاد و پاک، ڕۆشنبیری و پەروەردەی کوردی و گەشەپێدانی ئابووری و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دەستەبەرنابن کە لە بەرژەوەندیی وڵاتی عێراقی گەشەسەندوو دابێ.

بە دڵگرانییەوە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنین کە کورد، لە ماوەی چوارساڵی ڕابردوودا، تووشی بێ ئومێدییەکی گەورە بووە کە ڕێکەوتننامەکە لەسەرەتاوە لەخۆی هەڵگرتبوو. حکومەتی ناوەندی هەر بەوەندە نەوەستا سەرژمێریی دانیشتوان بۆ کاتێکی نادیار دوابخا کە بڕیاروابوو سنووری کوردستانی عێراقی پێ دیاربکرێ، بگرە بەپێچەوانەوە؛ پەنای بۆ کۆمەڵێک ڕێکاری نایاسایی برد، بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی لە هەندێک ناوچەی کوردنشیندا. زیاتر لە ١٠٠ هەزار کورد لە شوێنی نیشتەجێبوونی باوانیان دەرکراون و بەشێکی زۆریان بەهۆی ئەوەی بۆ ناوچە شاخاوییەکان ڕاگوێزران، تەنانەت برانە سنوورەکانی ئێران و تورکیاش، مردن.

لەباتی نیشتمانێکی ئاسوودە، کورد کێشەی پەنابەربوونی هەیە، چونکە هەڵمەتی دەرکردن و ڕاگواستنی بەکۆمەڵی هۆز و عەشیرەت بە تۆقاندن و ڕێگەی نامرۆڤانەی دیکە جێبەجێکرا. بەمشێوەیە؛ حکومەتی بەعس جیاکاریی ڕەگەزیی لەڕێی دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ماڵەکانیان و ناچارکردنی ئەوانەی کورد نین تا لە ژینگەیەکی نوێ و نامۆ بژیێن، جێبەجێ دەکا. ئەمە بەتایبەتی لە خانەقین و شەنگار و پارێزگای کەرکووک کە بە نەوت دەوڵەمەندە، ڕوویداوە.

ئاسـاییە لـە بارودۆخێکـی لەمجـۆرەدا، زۆرینـەی هـەرە زۆری کـورد لـەدەوری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی جەنـەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی کۆببنـەوە. دوو هەوڵـی حاشـاهەڵنەگر بـۆ تیرۆرکـردنی بـارزانی دران کـە لەلایـەن بەرپرسـە دیـارەکانی حکومـەت ڕێکخرابـوون. هێشـتاش سیاسـەتی جیاکاریـی ڕەگـەزی دژی هاوڵاتیـانی کـوردی عێـراق لـە ئاسـتەکانی کۆمەڵایـەتی و ئابـووری ئەنجامـدەدرێ. هـەر بۆنموونـە؛ کـوردی عێـراق لـە کۆلێـژەکانی سـەربازی و پۆلیـس وەرناگیرێـن و لـە پۆسـتە گشـتییەکان و کورسـیی خوێنـدن جیاکارییـان لەگـەڵ دەکـرێ و بـە تونـدی بەدەسـت بـاری ناهەمـواری ئابـووری و نەبـوونی خزمەتگوزارییـەوە دەناڵێنـن، تەنانـەت حکومـەت لـە ئەیلـوولی ١٩٧٠دا دەسـتەوارەیەکی ١٠٠ ملیـۆن دۆلاریـی نەتەوەیەکگرتـووەکانی ڕەتکـردەوە کـە بـۆ پاڵپشـتیکردنی پـرۆژەکانی کوردسـتانی عێـراق دانرابـوون. هەروەهـا سـەرەڕای ئـەوەی سـەرچاوەی داهاتـە سـەرەکییەکانی عێـراق هـی کوردسـتانن، کەچـی گـەلی کـورد لـە هەمـوو خێروبێرێـک بێبـەش کـراوە.

ئـەو ڕاگەیاندنـە تاکلایەنـەی لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٤ لەلایـەن حکومـەتی بەعسـەوە دەرکـرا کـە تێیـدا بڕیـاری "حوکمـی زاتی"دا بـۆ کـورد، پێشـێلکردنی ڕێکەوتننامـەی ١٩٧٠یـە، چونکـە دەیـەوێ بزاڤـی کـورد کـە داوای مـافی چارەیخۆنووسـین دەکا، پەرگیـر بـکا و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانیش کـە ڕێکەوتننامـەی ئـاداری لەگـەڵ مۆرکـردووە، پشـتگوێی بخـا. دانوسـتاندنی چوارسـاڵی ڕابـردوو کـە بـۆ ئەوەبـوو پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان وەک هاوبەشـێک بـۆ بنیاتنـانی عێراقـی یەکگرتـوو و ئـارام و پێشـکەوتوو قبوڵبکـرێ، شکسـتی هێنـا و حکومـەت هەوڵـی

پەرتەوازەکـردنی گـەلی کـورد و تۆقانـدنی سـەرکردەکانی و خۆئامادەکـردن بـۆ کـردەی سـەربازیی دا.

بەداخـەوە؛ پـارتی دیموکـرانی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٢ەوە هەسـتی بـە گۆڕانکارییەکـی جێـی نیگـەرانی و ئیسـتیفزاز کـردووە لـە بـەرەی شـەڕدا. ئەویـش ئەوەیـە؛ حکومـەتی عێـراق بڕێکـی زۆری چەکـی کیمیایـی دەسـتکەوتووە. ئـەو گازە کوژەرانـەی دەسـتیکەوتوون – ئەوانـەن کـە یاسـای نێودەوڵـەتی قەدەغـەی کـردووە بەکاربێـن- دوو جـۆرن: یەکێکیـان لەڕێـی کۆئەندامـی هەناسـەوە جەسـتەی مـرۆڤ دەسـووتێنێ و دواتـر دەمـرێ. ئـەوەی دیکەشـیان لایـەنی کـەم مـرۆڤ بـۆ مـاوەی ٤٨ کاتژمێـر دەبوورێنێتـەوە. ئێسـتا ئـەو چەکـە لـە سـەربازگەی تاجـی لـە ڕۆژئـاوای بەغـدای پایتەخـت و بـارەگای فیرقـەی دوو لـە سـوپای عێـراق لـە کەرکـووک و لـە فیرقـەی چـوار لـە مووسـڵ کـۆگا دەکـرێ. سـوپای عێراقیـش بەبەکارهێنـانی ٥٠ هـەزار قیناعـی دژە گاز، مەشـق لەسـەر چەکـی بکـوژ و هەڕەمەکـی دەکا.

گـەلی کـورد لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە؛ لەوکاتـەی دانوسـتان بـۆ وەدەسـتهێنانی حوکمـی زاتی دەکـرا، ئامادەکاریـی بـۆ "چارەسـەری کۆتایـی" دەکـرا کـە بریتییـە لـە کۆمەڵکـوژی.

دەستپێکردنی کردەی دوژمنکارانە

مـاوەی دەیەیـەک زیاتـرە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و باڵـە سـەربازییەکەی کـە هێـزی پێشـمەرگەیە، نزیکـەی نیـوەی خاکـی کوردسـتانی عێـراق کـە دەگەیشـتە ٨٠ هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـە،

دەســـەڵاتی بەســـەردا دەشـــکا. لـــە بارودۆخـــی جەنـــگ و لەناوبـــردن، گـــەلی کـــورد حوکمـــی زاتی وەکـــو ئەمـــری واقیـــع دروســـت کـــرد و خزمەتگوزاریـــی ســـەرەکیی حکومـــی بنیاتنـــا. گـــەلی کـــورد چاوەڕێـــی دەکـرد دامـەزراوەکانی لـە بـوارەکانی تەندروسـتی و پـەروەردە و دادوەری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایـەتی دانیـان پێـدابنرێ و فـراوانتر بکرێـن، هەروەهـا لـــەڕووی یاساییشـــەوە؛ وەکـــو بەرەنجامـــی حوکمـــی زاتییەکـــی تـــەواو، دانـی پێـدابنرێ، کەچـی ئـەو دەسـتەوارە تاکلایەنـەی حکومـەتی عێـراق پێشـکەشی کـردووە و نـاوی "حوکمـی زاتییـە"، زۆر کـەمترە لـەوەی گـەل بـــە تێکۆشـــان و قوربانیدانـــەکانی وەدەســـتیهێناوە.

ســەرەڕای ئــەوەش، تاکــە زامــن بــۆ گونجاوتریــن ژینگــە کــە دەکــرێ لـە سـایەیدا حوکمـی زاتی و ئاسـایش و گەشـانەوە بێتـەدی، بریتییـە لـە چوارچێـوەی گشـتیی سسـتەمی حوکمـی دیموکـراتی لـە تـەواوی عێـراق. ژمارەیەکـــی زۆری گروپـــی ســـیاسی عـــەرەبی هـــەن کـــە هـــاوڕان لەگـــەڵ تێڕوانینـــی گـــەلی کـــورد لەبـــارەی حوکمـــی زاتی بـــۆ کوردســـتانی عێـــراق و دیموکـــراتی بـــۆ عێـــراق.

نوێبوونـــەوەی توندوتیژیـــی حوکمـــی بەعـــس لـــە دژی گـــەلی کـــورد، بـــووە هـــۆی خۆدەربازکـــردنی گـــەلی کـــورد لـــە هەمـــوو پابەندییـــەک بـــە حکومـەتی عێـراق وەک تاکـە بڕیـاردەر لـە بابـەتی حوکمـی زاتیـی کـورد. ئـــەو ڕاگەیەنـــراوەی پـــارتی دیموکـــراتی کوردســـتان لەبـــارەی حوکمـــی زاتی بــە گوێــرەی ڕیکەوتنــی ســاڵی ١٩٧٠ خەریکــە دەریــدەکا، ببێتــە هــۆی کۆتاییهێنـــان بـــەو ڕێبـــازە شـــۆڤێنییەی لەلایـــەن ڕژێمـــە یـــەک لـــەدوای یەکـەکانی عێـراق پەیڕەودەکـرا و ببێتـە هـۆی کردنـەوەی ڕێـگای دانوسـتان

و هاریکاریـی ڕاسـتەقینە لەنێـوان دوو گـەل بـۆ بنیاتنـانی دەوڵـەتی عێراقـی یەکگرتـوو و دادپـەروەر لــە ڕووی کۆمەڵایــەتی و دیموکــراتی.

نەبـوونی ویسـت لەلایـەن حکومـەتی ئێسـتای عێـراق و دەستەوەسـتانیی لــە مامەڵەکــردن لەگــەڵ خواســتەکانی کــورد بەشــێوەیەکی شــارەزایانە، بێگومـان دەبێتـە هـۆی هاتنەئـارای بارودۆخێکـی مەترسـیدار و دەرفـەتی ئاشــتیی هەمیشــەیی لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت کــەم دەکاتــەوە. تــا ئەوکاتـەی حکومـەتی عێـراق لـە فیتنەگێـڕی ناوخـۆ بـەردەوام بـێ، ئـەوا مەترسـی لەسـەر ئاشـتی و ئاسـایشی نێودەوڵـەتی دەمێنـێ.

# پاشکۆی C

**بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**ئەرکی بەدواداچوون لە باکووری عێراق**

**(٩ تا ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠)**

**"پوختەی ڕێکەوتنناتەی ئاشتیی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، لەو وەرگێڕانە وەرگیراوە کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و زانیاری عێراق وەرگیراوە"**

**کانوونی دووەمی ١٩٧١**

ئەنجوومەنی شۆڕش لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ چارەسەری تەواوەتی و دەستووری دۆزی کوردی ڕاگەیاند. ڕاگەیەنراوە مێژووییەکە لەلایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش لەڕێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا خوێندرایەوە. ئەمەی خوارەوە چەند کۆپلەیەکی ڕاگەیەنراوەکەیە:

ئەنجوومەنی شۆڕش پێداگرە لەسەر قووڵکردنەوە و فراوانکردنی چوارچێوەی تەواوی تەدابیرە چالاکەکان بۆ وەدەستهێنانی هەموو ڕێگاکانی ڕاپەڕینی کلتوری و ئابووری و گەشەی هەمەلایەن لە ناوچە کوردنشینەکان، تا لە هەنگاوی یەکەم؛ خەڵکی کورد بتوانن مومارەسەی مافە ڕەواکانیان بکەن و زامنی بەشداریی ڕاستەقینەیان بکرێ بۆ هەوڵە جدییەکانی بنیاتنانی نیشتمان و تێکۆشان لەپێناو وەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی نەتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی دا:

١. زمانی کوردی، هاوشان لەگەڵ زمانی عەرەبی، زمانی فەرمییە لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن. زمانی کوردیش دەبێتە زمانی خوێندن لەو ناوچانەدا. زمانی عەرەبی لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا دەخوێنرێ کە زمانی کوردییان تێدا دەخوێنرێ، بەڵام زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی عێراق وەکو زمانی دووەم و لە چوارچێوەی یاسادا دەخوێنرێ.

٢. بەشداریی برا کوردەکانمان لە حکومەت و جیاکاریی نەکردن لەنێوان کورد و ئەوانی دیکە لە وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان و لەناویشیاندا پۆستە هەستیار و گرنگەکانی دەوڵەت؛ لەوانە وەزیر و سەرکردەکانی سوپا و هی دیکەش، پێشتر و ئێستاش لە گرنگترین ئەو ئامانجانەن کە حکومەتی شۆڕش هەوڵی وەدەستهێنانیان دەدا.

حکومەتی شۆڕش ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دووپاتدەکاتەوە و داوای وەدیهێنانی دەکا بە ڕێژەیەکی دادوەرانە، بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای لێهاتوویی و دابەشکردنی گونجاو بەپێی دانیشتوان و چارەسەرکردنی ئەو نایەکسانییەی برایانی کوردمان لە ڕابردوو بەدەستییەوە دەیانناڵاند.

٣. بە لەبەرچاوگرتنی دواکەوتوویی کورد لە هەردوو لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی، پلانێک بۆ چارەسەری ئەم دواکەوتووییە دادەنرێ. ئەمەش لەم ڕێیەوە دەکرێ:

أ. پەلەکـردن لـە جێبەجێکـردنی بڕیـاری ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لەبـارەی زمـان و مـافی کلتوریـی گـەلی کـورد و ڕاسـپاردنی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کلتـور و ڕاگەیانـدنی کـوردی بـە ئامادەکـردن و ئاراسـتەکردنی بەرنامـەی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن کـە پەیوەندییـان بـە پرسـە نیشـتمانییە کوردییەکانـەوە هەیـە.

ب. گەڕاندنـەوەی تـەواوی ئـەو قوتابیانـەی لـە قوتابخانـە دەرکـراون، یـان بەهـۆی شـەڕ لەناوچەکـە ناچاربـوون بەجێبێڵـن، جـا تەمەنیـان هەرچەندێـک بـێ، یـان چارەسـەرێک بۆکێشـەکەیان بدۆزرێتـەوە.

ج. دروسـتکردنی قوتابخانـەی زیاتـر لەناوچـە کوردییـەکان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی و وەرگرتنـی قوتابیـانی کـورد لـە زانکـۆ و کۆلێـژە سـەربازییەکان و ناردنـەدەرەوە بـۆ خوێنـدن و زەمالـە بـە ڕێژەیەکـی دادپەروەرانـە.

٤. لـەو یەکـە کارگێڕییانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانی کـوردن، لێپـرسراوەکان یـان کـورد دەبـن، یـان دەبـێ زمـانی کـوردی بـە بـاشی بزانـن، بەمەرجێـک ژمـارەی پێویسـت بەردەسـت بـن. هەروەهـا بەرپـرسی بـاڵای وەک پارێـزگار، قایمقـام، بەرپـرسی پۆلیـس و بەڕێوبـەری ئاسـایش و هـی دیکـەش دەستنیشـان دەکرێـن. دەمودەسـتیش، بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ لێژنـەی بـاڵا کـە چاودێـرە لەسـەر جێبەجێکـردنی ئـەم ڕێکەوتنامەیـە، دەسـت بـە پەرەپێـدانی دەزگا ئەمنییـەکان دەکـرێ لـە ناوچەکـە، کـە زامنـی جێبەجێکـردنی دەکا و یەکێتـی نیشـتمانی بەهێـزدەکا و ئارامـی لەناوچەکـە دێنێتەئـارا.

٥. حکومـەت ئـەو مافـە بـە گـەلی کـورد دەدات یەکێتـی قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان و مامۆسـتایانی تایبـەت بەخـۆی دروسـت بـکا، بەمەرجێـک ئــەو یەکێتیانــە بەشــێک بــن لــە دامــەزراوەی هاوشــێوەیان لــە دامــەزراوە نیشــتیمانییەکانی عێــراق.

أ. بڕیــاری بڕگـــەی (١) و (٢) لــە بڕیــاری ئەنجوومــەنی هاریکاریــی هەرێمـی ژمـارە ٥٩ کـە لـە ڕێکـەوتی ٥ی ئـابی ١٩٦٨ دەرچـووە و تـا ڕێکـەوتی دەرچـوونی ئـەم ڕێکەوتننامەیـە کارپێکـردنی درێژدەکرێتـەوە و هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە بەشـداریيان لـە توندوتیژییـەکانی ناوچــە کوردییەکانــدا کــردووە.

ب. کرێــکار و بەرپــرس و کارمەنــدە مــەدەنی و ســەربازییەکان، بەبــێ ئــەوەی هیــچ مەرجێــک لەســەر کادیــرەکان هەبــێ، دەگەڕێنــەوە ســەر کارەکانیــان و لەناوچــە کوردنشینەکانیشــدا بەپێــی پێویســت پشــت بــە مەدەنییەکانیــان دەبەســترێ.

ج. دەســتەیەکی پســپۆر پێکدەهێــنرێ، تــا لــە هەمــوو بــوارەکان و بەخێرایـی کار بـۆ پەرەپێـدانی ناوچـە کوردییـەکان بـکا و لـەو زیانانـەی لەمــاوەی ســاڵانی ڕابــردوو پێــی گەیشــتووە، قەرەبووبکرێتــەوە. بــۆ ئـەم مەسـتەش بودجـەی پێویسـت دادەنـرێ. دەسـتەی ناوبـراو سـەر بــە وەزارەتی کاروبــاری باکــوور دەبــێ.

د. پــلانی ئابــووری بــەو شــێوەیە دادەڕێــژرێ کــە تــەواوی ناوچــەکانی عێـراق تێیـدا یەکسـان بـن، لەگـەڵ بایەخـدانی پێویسـت بـە ناوچـە کوردنشــینەکان.

هـ. مووچەی خانەنشینی بۆ ماڵباتی شەهیدان، ئەوانەی لە بارودۆخی شەڕی نەخوازراو شەهیدبوون، دەبڕێتەوە، جا ئەندامی بزاڤی چەکداریی کورد بووبن یان نا، هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە لە بەرەنجامی ئەو بارودۆخە کەمئەندام بوون یان جەستەیان شێوابێ. ئەمەش یاسایەکی تایبەتی بۆ دەردەکرێ، هاوشێوەی یاسا کارپێکراوەکانی دیکە.

و. هەوڵی بە پەلە دەدرێ بۆ گەیاندنی هاوکاریی بە زیانلێکەوتوو و موحتاجان لەڕێی بەجێگەیاندنی پرۆژەی نیشتەجێکردن و ئەو پرۆژانەی هەلی کار بۆ بێ کاران دەڕەخسێنن. هەروەک چاودێری بەرچاو و ماددی گونجاو پێشکەشدەکرێن، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی لەگوینی ئەو زیانلێکەوتووانەی پێویستییان بە یارمەتی هەیە. بۆ ئەمەش بەڵێن بە لیژنەی باڵا دەدا و ئەو کەسانەشی لێ دەردەهێنرێ کە بڕگەکانی پێشوو دەیانگرێتەوە.

٦. دانیشتووانی گوندە کوردی و عەرەبییەکان دەگەڕێنرێنەوە سەر ماڵ و حاڵی پێشووی خۆیان، هەرچی ئەو شوێنانەیە کە قەدەغەن، یەکەی نیشتەجێبوونی تێدا دروست بکرێ و حکومەت بەپێی یاسا و بۆ خزمەتگوزاریی گشتی دەستیبەسەر داگرتوون، ئەوا لەنزیک ناوچەکانیان نیشتەجێ دەکرێنەوە و بەشێوەیەکی دادپەروەرانەش قەرەبوو دەکرێنەوە.

٧. ڕێکاری خێرا بۆ جێبەجێکردنی یاسای ئیسڵاحی زراعی لەناوچە کوردییەکان دەگیرێتەبەر و بەوشێوەیە هەمواردەکرێتەوە کە کۆتایی بە دەرەبەگایەتی بێت و ببنە خاوەنی پارچەیەکی گونجاوی زەوی، لەپاڵ ئەمەشدا؛ لە باجی کشتوکاڵی لێیان خۆشدەبن کە لەماوەی شەڕی نەخوازراودا لەسەریان کەڵەکەبووە.

٨. لەبارەی هەموارکردنەوەی دەستووری کاتی، بەمشێوەیە ڕێکەوتن کراوە:

أ. گـەلی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێکـدێ: نەتـەوەی عـەرەب و نەتـەوەی کـورد. ئـەم دەسـتووورە مـافی گـەلی کـورد و تـەواوی پێکهاتەکانی دیکـە لـە چوارچێـوەی یەکێتـی عێـراق دەسـتەبەر دەکا.

ب. ئـەم بڕگەیـە بـۆ مـادەی (٤)ی دەسـتوور زیـاد دەکـرێ: زمـانی کـوردی، لەپـاڵ زمـانی عـەرەبی دەبێتـە زمـانی فەرمـی لەناوچـە کوردییـەکان

ج. ئەوەی پێشەوە لە دەستووری هەمیشەییشدا جێ دەگرێ.

٩. ئیزگـە و چەکـی قـوڕس ڕادەسـتی حکومـەت دەکرێـن و ئەمـەش پەیوەسـتە بـە جێبەجێکـردنی قۆناغـەکانی کۆتایـی ڕێکەوتنەکـە.

١٠.یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کورد دەبێت.

١١.یاسای پارێزگاکان بەپێی ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتنە هەمواردەکرێتەوە.

١٢.دوابـەدوای ڕاگەیانـدنی ئـەم ڕێکەوتنـە، ڕێـکاری پێویسـت، بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ لیژنـەی سەرپەرشـتیاری جێبەجێـکار دەگیرێتەبـەر، بـۆ یەکخسـتنی پارێـزگا و ئـەو یەکـە کارگێڕییانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانی کـوردن بەپێـی سـەرژمێریی فەرمیـی دانیشـتوان کـە دواتـر ئەنجامـدەدرێ. دەوڵەتیـش هەوڵـی پەرەپێـدانی ئـەو یەکـە کارگێڕییـە دەدا، تـا گـەلی کـورد مومارەسـەی تـەواوی مافـە نیشـتمانییەکانی خـۆی بـکا، وەکـو زامنێـک بـۆ مانـەوەی حوکمـی زاتی. تـا ئەوکاتـەی ئـەو یەکـە کارگێڕییانـە یـەک دەخرێـن، کاروبـاری نیشـتمانیی کـوردی لەڕێـی کۆبوونـەوە دەورییـەکانی نێـوان لیژنـەی بـاڵا و پارێـزگارەکانی

ناوچـەی باکـوور هەماهەنگـی دەکا. هەروەهـا بـەو پێیـەی حوکمـی زاتی لەچوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا وەدی دێ، ئـەوا کەڵـک وەرگرتـن لـە سـامانە نیشـتمانییەکانی ناوچەکـە، بەشـێوەیەکی بنـەڕەتی، لەژێـر دەسـەڵاتی کۆمارەکـەدا دەبـێ.

١٣. گـەلی کـورد بەپێـی ڕێـژەی دانیشـتووانی لـە عێـراق؛ بەشـداریی لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان دەکا. هـۆ گـەلی کـورد، ئەو دەسـتکەوتانەی شـۆڕش وەدەسـتهێناون، چەنـد هەنگاوێکـن بـەرەو دەسـتەبەرکردنی ئامانجـە نیشـتمانییەکانتان بەتـەواوی لـە سـایەی ئـەو نیشـتمانە خۆشەویسـتە و یەکێتـی گەلـە مەزنەکـەی. مێـژوو شـایەتی دەدا کـە ئێـوە نـە برایەکـی دڵسـۆز و تەبـای وەکـو عەرەبتـان دەبـێ و نـە لـە ڕابردووشـدا هەتانبـووە.

ئـەی جەمـاوەری مـەزن، بەتەنیـا ویسـتی بەهێـزی ئێـوە لەپێنـاو یەکێتی نیشـتیمان سـەردەکەوێ. هەمـوو هەوڵێـک بـۆ تێکشـکاندنی پێگیریتـان بـە تێکۆشـانەکەتان لەبەرانبـەر ورەی بەردینتـان شکسـت دەهێنـێ. تەمـی ئۆینـی دوژمنەکانتـان و ئـەو گروپانـەی چاویـان لێتانـە ڕەوییـەوە و خەڵکـە تێکۆشـەرەکەتان بەیەکـەوە و بەیـەک گـروپ بـۆ کار و تێکۆشـان بـە هێـز و ئاگایـی و پێداگـری بـەرەو پێـش دەچـن، تـا دۆزە گەورەکـەی گـەلی عـەرەب کـە پـرسی فەلەسـتینە، سـەربخەن، هەروەهـا بـۆ بـە ئەنجامگەیانـدنی ئامانجـە ڕاسـتەقینەکانتان لـە یەکێتـی و ئـازادی و ئیشـتیراکیبوون.

ئـەی جەمـاوەری میللـەتی تێکۆشـەری عـەرەب، پەڕێـک لـە مێـژووی ئەم وڵاتـە تێکۆشـەرە هەڵدرایـەوە و بەشـێکی نوێـی ڕوونـاک بەهـۆی شـۆڕش و تـەواوی خەباتـکارە ئازادیخـوازەکانی ئـەم نیشـتمانە دەسـتپێکرد. لـەم بەشـە نوێیـەدا؛ مەرجـی خۆشەویسـتی و ئاشـتی و برایەتیـی لەنێـوان دوو گـەل

نـویێ دەبێتـەوە کـە مێـژووی تێکۆشـانی بەیەکەوەیـان شـۆڕدەبێتەوە قووڵایی مێــژوو. ئەمــڕۆ و بەیــانی و بــۆ هەتاهەتایــی شــەرەفی زیندووکردنــەوەی تێکۆشـانی هاوبەشـیان بـۆ کۆتاییهێنـان بـە دوژمنـی هـەردوو گەلەکـە پـێ دەبــڕێ. هەروەهــا شــەرەفی پاڵپشــتیکردنی تێکۆشــانی مرۆڤیشــیان لەپێنــاو ئـازادی و پێشـکەوتن و ڕسـکاندنی شارسـتانیی ئـەم چەرخـە لەسـەر بنەمـای مــاف و یەکســانی و دادپــەروەری لەنێــوان تــەواوی گــەلان پێدەبــڕێ. بــۆ پێشــەوە لەپێنــاو خەباتێکــی هاوبــەش و ئامانــج و دواڕۆژێکــی هاوبــەش و ســەرکەوتنی نیشــتمانی و مرۆڤایــەتی هاوبــەش.

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

# پاشکۆی D

پارتی دیموکرانی کوردستان

وەفدی کورد لە دەرەوەی وڵات

زانیاریی ژمارە.٢

"لـە چـوار سـاڵ بـە دامەزراوەییکـردنی حوکمـی زاتیـی کـورد (١٩٧٠-١٩٧٤) چـی ڕوویـدا؟"

٢٤ی نیسانی ١٩٧٤

بزاڤی حوکمی زاتی کوردستانی عێراق

شاندی کورد لە دەرەوەی وڵات

"لەمـاوەی چـوار سـاڵ بـە دامەزراوەییکـردنی حوکمـی زاتیـی کـورد (١٩٧٠-١٩٧٤) چـی ڕوویـدا؟

**١٩٧٠**

**کانـوونی یەکـەم:** دوای شکسـتی هێـرشی سـوپا بـۆ سـەر کـورد لەلایـەن عێراقـەوە، دانوسـتان لەنێـوان حـزبی بـەعسی عـەرەبی و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان دەسـتیپێکرد.

**١٩٧١**

**١١ی مـارس:** ڕێکەوتـن لـە نێـوان حکومـەتی حـزبی بەعـس و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای حوکمـی زاتی لـە کوردسـتان.

**کۆتایـی کانـوونی دووەم:** حکومـەت دەسـتوری نوێـی عێراقـی ڕاگەیانـد. ماددەیەکـی پەیوەنـدی بـە گـەلی کـوردەوە هەیـە، داننـانی بـە نەتـەوەی سـەربەخۆ لەناوەخـۆی عێـراق لاوازکـردووە.

**١-١٠ تەمـــوز:** کۆنگـــرەی هەشـــتی پـــارتی دیموکـــراتی کوردســـتان لەناوپـردان بـەسترا و دەرکەوتـەکانی بـێ ئومێدیـی کـورد لـە بارودۆخـی ئێســتا هەســتیان پــێ دەکــرا.

**ناوەڕاسـتی کانـوونی یەکـەم:** هەوڵی تیرۆرکـردنی ئیدریس بـارزانی لەوکاتەی لـە بەغـدا بوو بـۆ پیرۆزبایی لە سـەرۆک بەکر بەبۆنەی جەژنی پیـرۆزی قوربان.

**١١ەی ئـازار:** ڕێکـەوتی کۆتایـی ئەنجامـدانی سـەرژمێریی دانیشـتوان بـۆ دیارکـردنی ناوچـەی حوکمـی زاتی پشـتگوێ خـراوە.

**٢٩ی ئەیلـوول:** هەوڵـی تیرۆرکـردنی جەنـەڕاڵ بـارزانی: بۆمبـی چـێنراو کـە ئەندامـانی شـاندی ئایینـی هێنابوویـان، تەقییـەوە. جەنـەراڵ بـارزانی بەبـێ زیـان لێـی دەرچـوو.

**کۆتایـی ئەیلـوول:** چـل هـەزار کـوردی فـەیلی دەرکـران و نێردرانـە سـەر سـنووری ئێـران. ژمارەیەکـی زۆری ماڵباتـەکان بـە پەنابەریـی لـە چـادرەکان مانــەوە. ســوپای عێــراق دەســتی بەســەر ڕەگەزنامــەی عێراقــی زۆربــەی دەرکـراوەکان داگرتـوو و لەنـاوی بـرد.

**١٦ی ئەیلـوول:** هەوڵـی دووەمـی تیرۆکـردنی جەنـەڕاڵ بـارزانی (دوای لەسـێدارەدانی نـازم گـزاری سـەرۆکی دەزگای ئەمنـی عێـراق، حـزبی بەعـس بـە فەرمـی دانی نـا بـە ڕۆڵـی گـزار لـە هەوڵـدانی بـۆ تیرۆرکـردنی بـارزانی)

**١٩٧٣**

**١٧ی ئەیلـوول:** ڕاگەیانـدنی بـەرەی نیشـتمانی لـە نێـوان حـزبی بەعـس و حــزبی شــیوعی عێــراق. بەرەکــە بــۆ تۆخکــردنی شــەرعیەت دانبــوو بــە دەستبەســەرداگرتنی دەســەڵات لەلایــەن بەعســەوە. پــارتی دیموکــراتی کوردســتان لەبــارەی پێکهێنــانی بەرەکــە پــرسی پــێ نەکــرا.

**١٩٧٤**

**١٧ی کانــوونی دووەم:** دەســتپێکردنی دانوســتان لــە نێــوان حکومــەتی بەعـس و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لەبـارەی ڕەشـنووسی کۆتایـی حوکمـی زاتی لـە کوردسـتان.

**شـوبات:** عەمیـد تەهـا شـەکرچی کـە ناوبانگێکـی زۆر خراپـی هەیـە لـە دڕندەیـی و کوشـتنی هاوڵاتیـان لـە شـارۆچکەی کۆیـە لە سـاڵی ١٩٦٣، کرا بە بەرپرسی فیرقەی هەشـت کە لەنوێوە دروسـتکراوە و بنکە سـەرەکییەکەی لە هەولێـرە.٤٠٠ کرێـکار و هونەرییەکان کە لە کێڵگەی نـەوتی کەرکووک کاریان دەکـرد، بەکۆمـەڵ ڕاژەیـان گوێزراوەتـەوە و بـە ماڵباتەکانیشـیان گوتـراوە؛ دەمودەسـت پارێـزگای کەرکـووک بەجێبهێڵـن. ئـەم ڕێـکارە هەڵکشـانێکی ڕوونـە بـۆ پلانی گۆڕینـی پێکهاتـەی نەتەوەیـی دانیشـتووانی کەرکووک.

**٨ی شـوبات:** بـە فەرمـانی ڕاسـتەوخۆی پارێزگاری کەرکـووک و فەرماندەی فیرقــەی دووو، دانیشــتوانی ١٥ گونــدی کوردنشــین لــە چــواردەوری شــاری کەرکـووک ناچارکـراون گوندەکانیـان چۆڵبکـەن.

**١٨ی شـوبات:** دوو هەلیکۆپتـەری جـۆری 8-MI هەوڵیانـدا لـە ناوچـەی کەرکـووک بنیشـنەوە، بـەڵام بـە تەقـەی پێشـمەرگە خرانـە خـوارەوە.

**٢١ی شــوبات:** یەکەیەکــی ســوپای عێــراق چــووە نــاو کفــری و سـەربازگەیەکی لـەوێ دانـا و فەرمـانی بـە ٢٠٠ لـە دانیشـتووان کـرد ناوچەکە چۆڵبکـەن و بـە شـۆفەڵ ماڵەکانیـانی لەگـەڵ زەوی تەخـت کـرد.

**٢٢ی شوبات:** شـاندی کـورد بـۆ تواندنـەوەی بەسـەتەڵەکی دانوسـتان گەڕایەوە بەغدا، بەڵام پێشـوازی لێ نەکرا و بەبێ ئەنجام گەڕایەوە کوردسـتان.

**١ی ئــادار:** بۆمبێکـی چـێنراو لـەو چایەخانەیـەدا تەقییـەوە کـە ببـووە عـادەت ئەندامـانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و قوتابیـان لێـی دادەنیـشتن کـە سـێ قوتـابی کـوژران و هەشـتی دیکـەش برینداربـوون. لێکۆڵینـەوەکان دەریانخسـت ئەندامـانی ئەمنـی عێـراق لـە ڕووداوەکـە تێـوەگلاون.

**٣ی ئــادار:** لەکاتێکـدا شــاندی کــورد خــۆی ئامادەدەکــرد، تــا بــەرەو بەغــدا بەڕێبکــەوێ، بــۆ گەڕێکــی دیکــەی دانوســتان، بــەرەی نیشــتمانی کــە لەلایــەن حکومەتــەوە پاڵپشــتیی لــێ دەکــرێ، هەمــووانی تــووشی سەرسـوڕمان کـرد بـە ڕاگەیانـدنی نیـازی حکومـەت، بـۆ ڕاگەیانـدنی پلانی تایبــەت بــە "حوکمــی زاتی"ی کــورد.

**٥-٧ی ئــادار:** ســەرۆک بەکــر لەڕێــی ئیزگــە و تەلەفزیۆنــەوە ڕاپــۆرتی سیاسـیی کۆنگـرەی هەشـتی حـزبی بـەعسی عـەرەبی ئیشتراکـی خوێنـدەوە و ڕاپۆرتەکــە هێــرشی بــۆ ســەر پــارتی دیموکــراتی کوردســتان تێدابــوو و ئامــاژەی بــە ویســتی حکومــەت دا بــۆ ڕاگەیانــدنی تاکلایەنــەی پلانی تایبــەت بــە "حوکمــی زاتی".

**٨ی ئــادار:** ئیدریــس بــارزانی بــە ئەرکێــک کــە ٢٤ کاتژمێــری خایانــد بــەرەو بەغــدا بەڕێکــەوت، تــا لەگــەڵ ســەدام تکریتــی دانوســتان بــکات.

کۆبوونەوەکـە هیچـی لـێ وەدەسـت نەهـات. هاوڵاتیـانی کـورد و جەماوەری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، ئەوانـەی خەمـی ئیدریـس بارزانییـان بـوو، ئـەو سـەردانەیان زۆر پـێ ناخـۆش بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا جەنـەڕاڵ بـارزانی وای بەچـاک زانی؛ دوا هەوڵـی ڕشـت بـدا بـۆ چارەسـەری کێشـەکان.

**١١ی ئادار:** سەرۆک بەکر تاکلایەنە یاسای "حوکمی زاتی" ڕاگەیاند.

لێکەوتەکانی ڕاگەیاندنی تکلایەنەی "حوکمی زاتی" لەلایەن حکومەتی عێراقەوە

**١٢ی ئـادار:** وەزیـر و پارێـزگار و کاربەدەسـتە بـاڵاکانی کـورد دەسـتیان لەکارکێشـایەوە.

سـەدام تکریتـی کـوردی بـۆ دواجـار ئاگادارکـردەوە و مـاوەی ١٥ ڕۆژی پێـدان، تـا بـە پلانی حکومـەت قایـل بـن. هاوڵاتیـانی کـورد لـەو ناوچانـەی لەدەسـت حکومـەتی عێراقـدا بـوون، بـەرەو ناوچـە ئازادکـراوەکانی بـن دەسـتی پێشـمەرگە چـوون.

**١٤ی ئــادار:** ســەرکردە دیــارەکانی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان لەگەڵاڵـە؛ کۆبوونەوەیەکـی بەرفراوانیـان بـۆ هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی ئێسـتا و گفتوگۆکـردن لەبـارەی پلانی داهاتـوودا کـرد. لـە گفتوگۆکانـدا بـاسی هـۆکاری ڕەتکردنـەوەی ئـەو "حوکمـی زاتی"یـە کـرا کـە حکومـەت ڕایگەیانــدووە، لەگــەڵ پلان و ڕێبەریــی تایبــەتی پــارتی دیموکــراتی کوردسـتان بـۆ حوکمـی زاتی بـۆ دەسـتەبەری سـەلامەتی و خۆشـگوزەرانی دانیشـتووان لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان لـە سـایەی بارودۆخـی سـەخت کـە زۆر بەخێرایـی تێکچـوو، هەروەهـا پلانی لێـدانی کونەتەیـارە بـۆ هێرشـە ئاسمانییـەکان و خۆدوورگرتـن لـە بەرکەوتنـی هـۆکاری دەرەکـی

بــە ڕۆژ و ئیشــکردن بەشــەو و کار ڕاوەســتاندن بــە شــێوەیەکی ناتــەواو و پلانی گەشـــەپێدان.

**٢٤ی ئـادار:** وەزیـری بەرگـری سـۆڤیەت چـووە بەغـدا و ئەرکـی ئەوەبوو نەهێڵـێ شـەڕ لـە نێـوان هێـزی پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق ڕووبدا.

**٢٦ی ئادار:** مۆڵەتی ئاگادارکردنەوەکەی حکومەت کۆتایی هات.

**٢٧ی ئــادار:** ســەرۆک بەکــر لێبــوردنی گشــتی بــۆ مــاوەی ٣٠ ڕۆژ بــۆ فەرمانبــەرانی حکومــەت ڕاگەیانــد، تــا بگەڕێنــەوە ســەر کارەکانیــان. حکومــەتی بەعــس ڕۆژنامەیەکـی بەنـاوی "تەئاخـی" بڵاوکـردەوە و بـە درۆ نــاوی نابــوو زمانحاڵــی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان (ڕۆژنامــەی فەرمیــی "تەئاخــی" پــارتی دیموکــراتی کوردســتان لــە ١٢ی ئــاداری ١٩٧٤ بەهــۆی بارودۆخــی سیاســیی ئێســتا وەســتێنرا).

**٢٩ی ئادار:** پەخشی ڕادیۆی کوردستان دەستپێکرد.

## گـــەلی کـــورد بـــۆ بەرگریکـــردن لـــە مانـــەوەی وەک هاونیشـــتمانی کۆدەبێتـــەوە

کۆچـی کـوردانی دانیشـتووی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان کـە لەژێـر دەسـەڵاتی حکومـەت دان، شـێوەی خۆپیشـاندانێکی سـیاسی بـوو لـە دژی ڕاگەیانـدنی "حوکمـی زاتی" تاکلایەنـە لەلایـەن حـزبی بەعسـەوە بـۆ کـورد، هەروەهـا وەکـو پشـتگیرییەک لـە هەڵوێسـتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـە سـەرکردایەتی جەنـەڕاڵ بـارزانی. هـاوکات لەگـەڵ هاتنـی ١٠٠ هـەزار کـەس، لـە چەنـد هەفتـەی ڕابـردوو ئەمانـەش هاتـوون:

- زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی پۆلیسی شارە سەرەکییەکانی کورد (٥٠٠٠)
- ٣٠ پرۆفیسـۆر و ٦٠٠ قوتـابی لـە زانکـۆی سـلێمانی (زانکـۆ داخـرا و وانـە لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان دەخوێنرێ)
- ٧٠ پزیشـک (بـەر لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٤ تەنیـا شـەش پزیشـک لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان هەبوون)
- ١٥٠ ئەندازیار
- ٤٢٠٠ مامۆستا
- ٢٥٠ ئەفسەری پۆلیس
- ١٠٠ ئەفسەر و سەربازی عەرەبی پلەداری نزم
- کرێکار و تێبینەر، بەتایبەتی ئەوانەی بەزۆر دەرکران و دوورخرانەوە.

کادیـر و چالاکوانـەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، لەگـەڵ ئەندامـانی ڕێکخـراوە کوردییـەکانی سـەر بـە ئـەوان.

پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لێژنـەی جیـاوازی بـۆ وەرگرتنـی ئـەو جەمـاوەرە و چاودێرکردنیـان پێکهێنـاوە. بارودۆخێکـی زۆر سـەخت لـە ئارادایـە بەهـۆی نەبـوونی شـوێنی نیشـتەجێبوون و ئازووقـە و چاودێریـی پزیشـکی، هەروەهـا بەهـۆی سـەختیی کەشـوهەوا کـە بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی ژمارەیەکـی زۆری منـداڵ و بەتەمـەن.

یەکێتیـی ئافرەتـانی کوردسـتانیش داوایـان لـە ڕێکخـراوە نێودەوڵـەتی و مرۆییـەکان کـرد هاوکاریـی پێشـکەش بکـەن.

ئیسماعیـل مـەلا عەزیـز یەکێـک لـە سـێ ئەندامەکـەی لێژنـەی مەرکەزیـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە بەغدایـان جێهێشـت، گەڕایـەوە ناوچـە ئازادکـراوەکان و پیلانێکـی حکومـەتی بـۆ لەناوبـردنی سـەرکردەکانی حـزب کەشـف کـرد.

سـێ حـزبی سـیاسی عـەرەب بەیانێکیـان دەرکـرد و بەنهێنـی لـە بەغـدا بڵاویـان کـردەوە و لـە ڕادیۆی کوردسـتانیش خوێندرایـەوە، تێیدا هەڵوێسـتی حـزبی بەعسـیان لەبەرانبـەر دۆزی کـورد ئیدانـە کـرد و پاڵپشـتیی خۆیـان بـۆ هەڵوێسـتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ڕاگەیانـد. ئـەم حزبانـە ئـەو "حوکمـی زاتی"یـەی لەلایـەن حکومەتـەوە ڕاگەیەنـراوە، بـە هەنگاوێکـی دواکەوتـوو و دادەنێـن و پێانوایـە ئەنجامـی خراپـی بـۆ هـەردوو گـەلی عـەرەب و کـورد دەبـێ لـە عێـراق. حزبەکانیـش ئەمانـەن: پـارتی کرێـکارانی شۆڕشـگێڕ بـە سـەرۆکایەتی عـەلی سـاڵح سـەعدیی ئەمینـداری گشـتیی پێشـووی حـزبی بەعـس و جێگـری سـەرۆک وەزیـرانی پێشـوو لـە حکومـەتی عێـراق، کۆنگـرەی نەتەوەیـی سۆسیالیسـتی، بـزاوتی سۆسیالیسـتی عـەرەبی.

### شەڕ لە کوردستان دەستپێدەکاتەوە

**١-٢ نیسـان:** لەسـەر ڕێـگای سـلێمانی-دوکان پێکـدادان لەنێـوان هێـزی پێشـمەرگە و هێـزی زرێپـۆش و میکانیکـی سـوپای عێـراق کـە پێشـڕەوییان کردبـوو، ڕوویـدا. پێشـمەرگە ڕێگاکـەی گـرت و پێشـڤەچوونی عێراقـی ڕاگـرت. هێـزە عێراقییەکـە مەزنـدە کـرا پێکهاتبـێ لـە کەتیبەیەکـی پیـادە کـە یەکەیەکـی تانـک و زرێپـۆش پاڵپشـتیی دەکـرد. عێراقییـەکان زیانێکـی گەورەیـان لێکـەوت، دوو تانـک و دوو زرێپـۆش لەکارخـران و نزیکـەی ١٠٠ سـەربازیش کـوژران و برینداربـوون. هەرچـی زیـانی کوردانـە، شـەهیدبوونی سـێ کـەس و یـەک برینداربـوو.

هێزێکـی عێراقـی هەوڵـی گرتنـی پێگەیەکـی پێشـمەرگەی دا لـە زنجیـرە چیـای سـپیلک و پێشـمەرگەش بەرگـری کـرد. هێزەکـەی عێـراق پاشەکشـەی کـرد و چـوار کـوژراو و چەکـی سـوک و ژمارەیـەک ئامێـری بـێ تـەلی لـەدوای خۆیـدا بەجێهێشـت.

**٨ نیســان:** هێـرشی ئاسمانیـی چـڕ بـۆ سـەر گونـدە کوردییـەکان لـە گـەلی عـەلی بەگـی نزیـک ڕوانـدز. سـێ فڕۆکـەی عێراقـی خرانـە خـوارەوە کـە یەکێـکان هەلیکۆپتەرێکـی گواسـتنەوەی سـەرباز بـوو.


**٩ی نیســان:** پێکـدادانی سـەربازیی لـە چیمـەنی نزیـک کەرکـووک، شـەڕەکە لـە بەیانییـەوە تـا کاتژمێـر سـێی دوای نیـوەڕۆ بـەردەوام بـوو. عێـراق گەمـارۆی ئابـووری بەسـەر ناوچـە ئازادکـراوەکانی کوردسـتان سـەپاندووە، تـا ئەوەنـدەی دەکـرێ بەتـەواوی نەهێڵێـن هیـچ شـتێک بگاتـە کوردسـتانی عێـراق.

**١٥ی نیسـان:** سـوپای عێـراق هێـرشی کـردە سـەر سـپیلک لـە نزیـک ڕوانـدز و هەوڵیـدا بـە فڕۆکـە پشـتەوانیی بـۆ سـەربازگە گەمارۆدراوەکـە کـە ٣٠٠٠ سـەربازی تێدایـە، بگوازێتـەوە. هەوڵەکەیـان شکسـتی هێنـا.

**١٨ی نیسـان:** لـە نزیـک کێڵگـەکانی نـەوتی کەرکـووک؛ فڕۆکـەکانی عێـراق ١١ گوندیـان خاپـوور کـرد.

**شاندی کورد لەدەرەوەی وڵات**





**نموونەی گوندە خاپوورکراوەکانی کوردستان**



**خاپوورکردنی گەڕەکێک لە قەڵادزێ**



**پاشماوەی قوتابخانە و ڕەحلەی قوتابیان**

# پاشکۆی E

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەشی زانیاریی**

**"بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق لە دژی کوردستان"**

**ئاداری ١٩٧٤**

**بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق لە دژی کوردستان**

لە ١٦ی نیسانی ١٩٧٤ بەشی گەورەی سوپای عێراق ڕێکخرابوو و بڵاوەی پێکرابوو و تایبەت کرابوو بە لەناوبردنی گەلی کوردستان.

**فیرقەی یەکەم لە دیوانیە جێگیرکرابوو و لە سێ لیوا پێکهاتبوو:**

١. لیوای یەکەم لە دیوانیە.

٢. لیوای ١٤ لە خانەقین.

٣. لیوای ٢٧ لە کوت و بەدرە لەگەڵ دوو فەوج، فەوجێکیش لە بەلەدروز.

**فیرقەی دوو لە کەرکووک جێگیرکراوە و لەمانە پێکدێ:**

١. لیوای ٢ لە سلێمانی لەگەڵ فەوجێکی دیکە و دوو فەوجی دیکەش لە سەیدسادق و قلیاسان.

٢. لیوای ١٠٢ لە شاری کەرکووک و دبس.

٣. لیوای ٤ لە کەرکووک و دوو فەوج لە کۆیە.

٤. لیوای ٣٦ لە کەرکووک.

٥. فەوجی پاسەوان لە دوکان و دەربەندیخان.

**فیرقەی سێ لە تکریت جێگیرکراوە و پێکهاتووە لە:**

١. لیوای هەشت لەگەڵ دوو فەوج لە وەڕاڕ.

٢. لیوای شەش بە دوو فەوجەوە لە مەسیلە و عەزیزیە.

٣. لیوای ١٢ لە تکریت.

**فیرقەی چوار لە موسڵ:**

١. لیوای ٥ لە موسڵ لەگەڵ دوو فەوج لە ناوچەی ئاکرێ.

٢. لیـوای ١٨ لـە دهـۆک بـە فەوجێکـەوە لـە شـێخ شـیم و فەوجێکـی دیکـە لـە زاخـۆ.

٣. لیوای ٢٩ لە شەنگار و عەین زالە.

٤. لیوای ٣٨ لە ئاکرێ.

**فیرقەی پێنج:**

١. لیوای ١٩ لە سیپە و سەبهان.

٢. لیوای ٢٠ لە عومری.

٣. لیوای ١٥ لە شوعەیبە و دوو فەوجیش لە بلجانیە.

**فیرقەی شەش:**

١. لیوای ١٦ لە گوڵاڵە.

٢. لیوای ٣٠ لە مەنسوریە.

٣. لیوای ٢٥ لە مەندەلی و خانەقین.

**فیرقەی حەفت:**

١. لیوای ١٧ لە تاجی.

٢. لیوای ١٠ لە ئەبوغرێب.

٣. لیوای ٢٤ لە سوێرە.

**فیرقەی هەشت پێکدێ لە:**

١. لیـوای سـێ کـە لە هەولێـر جێگیرکـراوە لەگـەڵ دوو فەوج لە شـەقڵاوە و سـەفین. ئـەو فەوجـەی لە سـەفینە، بـۆ کۆنترۆڵ کـردنی دەهێنرێتـە هەولێر.

٢. لیـوای بیسـت و دوو لـە ڕوانـدز جێگیرکـراوە لەگـەڵ سـێ فەوجـی دیکـە لـە هەریـەک لـە سـپیلک و خەلیفـان و کـۆڕەک.

٣. لیـوای بیسـت و سـێ لـە هەولێـر جێگیرکـراوە لەگـەڵ سـێ فـەوج لـە هەریـەک لـە شـەقڵاوە و پیرمـام و سـەفین.

پلاندارێژراوە فیرقەی نۆش دروستبکرێ و بارەگاکەی لە سلێمانی بێ.



پێشمەرگەیەک و کچەکەی؛ کۆبوونەوەی ماڵبات



هێزی پێشمەرگە لە بەرەی جەنگ چەکەکەی پێشاندەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی عێراق

وێنەی؛ دەیڤد گریم- بەکر/ سیپە پرێس



**پێشمەرگەیەک ئەو چەکەی گرتوویەتی، هەڵیگرتووە**



سـەرەڕای هەڵچـوونی زۆر لـە کوردسـتان، دوای ئـەوەی حکومـەت گونـدی هاوڵاتیـانی بۆمبـاران کـرد، بـەڵام زیندانییـەکان مامەڵـەی دروسـتیان لەگـەڵ کـراوە. یەکێکیـان گـوتی "ئێـرە دەڵێـی ماڵـی خۆمانـە"، یەکێکـی دیکـە خـۆی تێهەڵقورتانـد و گـوتی "نەخێـر ئێـرە باشتریشـە". زۆر زینـدانی هەبـوون ئارەزوویـان ئەوەبـوو لەلایـەن پێشـمەرگەوە دەسـتگیر بکرێـن، چونکـە لـە سـوپای عێـراق بـێ ئومێـد بـوون و باوەڕیشـیان وایـە کـورد مـافی ئـەوەی هەیـە ئۆتۆنۆمـی وەدەسـتبێنێ. وێنـەی دەیڤـد گـریما/ بەکـر- سـیپا پرێـس

# پاشکۆی F

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەشی زانیاری و شاندی کورد لە دەرەوە**

**لیستی ناوی ١٥ شارەدێ و ٢٠٤ گوندی بۆمباران کراو**

**لە ناوەڕاستی نیسانەوە تا کۆتایی ئایاری ١٩٧٤**

**٣٠ی ئایاری ١٩٧٤**

**لیستی ناوی ١٥ شارەدێ و ٢٠٥ گوندی بۆمباران کراو لە کوردستانی عێراق لە ئایاری ١٩٧٤**

**لیستی شارەدێ بۆمباران کراوەکان:**

١. قەڵادزە

٢. هەڵەبجە

٣. ڕانیە

٤. زاخۆ

٥. ئامێدی

٦. گەڵاڵە

٧. مانگێش

٨. بامەڕنێ

٩. چۆمان

١٠.ئاکرێ

١١.ڕواندز

١٢.دیانا

١٣.ئانجیلار

١٤.سەنگەسەر

• لیستی گوندە بۆمب بارانکراوەکان:

| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیداریەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ١. کانی سارد | دەربەندیخان |
| ٢. فەقێ ژینە | دەربەندیخان |
| ٣. گۆلان | دەربەندیخان |
| ٤. سماقە | تەق تەق |
| ٥. قەرەنە | تەق تەق |
| ٦. بانی خێڵان | دەربەندیخان |
| ٧. جەمێرگە | دەربەندیخان |
| ٨. ئەوبەرە | دەربەندیخان |
| ٩. ژاڵە | دەربەندیخان |
| ١٠.گەرک | دەربەندیخان |
| ١١.بانی بی | دەربەندیخان |
| ١٢.گورگەی چۆسوور | چەمچەماڵ |
| ١٣.جوتێرە | ڕواندوز |
| ١٤.بجیل | ئاکرێ |
| ١٥.نەهلە | ئاکرێ |
| ١٦.کالاش کەرەم | سلێمانی |
| ١٧.بی بی | سلێمانی |

| ئـەو ناوچەیـەی گوندەکـە لـەڕووی ئیداریـەوە دەکەوێتـە سـەری | گوند |
|---|---|
| ئاکرێ | ١٨.خانەکا |
| ئاکرێ | ١٩.زانا |
| ئاکرێ | ٢٠.جونا |
| ئاکرێ | ٢١.خرپێ |
| ئاکرێ | ٢٢.خاروس |
| ئاکرێ | ٢٣.سمقوق |
| شەقلاوە | ٢٤.مەوارا |
| شەقلاوە | ٢٥.دەربەندی شەقڵاوە |
| شەقلاوە | ٢٦.میراوا |
| شەقلاوە | ٢٧.مامە جەلکە |
| شەقلاوە | ٢٨.دارقەسپ |
| شەقلاوە | ٢٩.کوڤانووک |
| چۆمان | ٣٠.دیلمان |
| چۆمان | ٣١.قەسرێ |
| چۆمان | ٣٢.واڵاش |
| چۆمان | ٣٣.مێرگە |
| چۆمان | ٣٤.شیوەلۆک |
| چۆمان | ٣٥.وڵزێ |

| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ٣٦.مامی خالان | چۆمان |
| ٣٧.خۆشکان | چۆمان |
| ٣٨.بن دایزان | چۆمان |
| ٣٩.ناوپردان | چۆمان |
| ٤٠.شێخ وەتمان | چۆمان |
| ٤١.حاجی ئۆمەران | چۆمان |
| ٤٢.دێڵزیا | چۆمان |
| ٤٣.داروسەلام | چۆمان |
| ٤٤.بایشای | چۆمان |
| ٤٥.کەوەرتێ | چۆمان |
| ٤٦.خانەک | چۆمان |
| ٤٧.بەرسیرین | چۆمان |
| ٤٨.ڕێزان | چۆمان |
| ٤٩.وەسان | چۆمان |
| ٥٠.زینوێ | چۆمان |
| ٥١.دەربەند | چۆمان |
| ٥٢.دۆلا | زاخۆ |
| ٥٣.بایزیهای | زاخۆ |

| گوند | ئـەو ناوچەیـەی گوندەکـە لـەڕووی ئیداریـەوە دەکەوێتـە سـەری |
|---|---|
| ٥٤.شڕانش | زاخۆ |
| ٥٥.ڕەزگاری | زاخۆ |
| ٥٦.بایڤا | زاخۆ |
| ٥٧.سکرین | ئامێدی |
| ٥٨.دایرێی | ئامێدی |
| ٥٩.کانی ماسێ | ئامێدی |
| ٦٠.قومری | ئامێدی |
| ٦١.بەیبۆ | ئامێدی |
| ٦٢.زاویتە | دهۆک |
| ٦٣.سوارەتووکا | زاخۆ |
| ٦٤.بیستانە گەورە | هەولێر |
| ٦٥.بیستانە گچکە | هەولێر |
| ٦٦.چەمەرگە | هەولێر |
| ٦٧.کوونە گورگ | هەولێر |
| ٦٨.باییز ئاغا | کۆیە |
| ٦٩.گۆمە شین | کۆیە |
| ٧٠.سماقووڵی سەروو | کۆیە |
| ٧١.سماقووڵی خواروو | کۆیە |

| گوند | ئـەو ناوچەیـەی گوندەکـە لـەڕووی ئیداریـەوە دەکەوێتـە سـەری |
| --- | --- |
| ٧٢.جەلی | کۆیە |
| ٧٣.حاجی قەڵا | کۆیە |
| ٧٤.تورکمان باخ | کەرکوک |
| ٧٥.هۆمەرمەندان | کەرکوک |
| ٧٦.ڕایدار | کەرکوک |
| ٧٧.باپیلان | کەرکوک |
| ٧٨.کارایزا | کەرکوک |
| ٧٩.کەر دز | هەولێر |
| ٨٠.ڕەسووڵ بچکۆل | کۆیە |
| ٨١.ئاخۆرا | کۆیە |
| ٨٢.تالەبان | کۆیە |
| ٨٣.شاخەپیسکە | کۆیە |
| ٨٤.دەربەسەر | کۆیە |
| ٨٥.ئەشکەفت سەقە | کۆیە |
| ٨٦.دێگەڵە | کۆیە |
| ٨٧.پیروور | کۆیە |
| ٨٨.هەرمۆتە | کۆیە |
| ٨٩.شیوەشان | کۆیە |

| گوند | ئـەو ناوچەیـەی گوندەکـە لـەڕووی ئیداریـەوە دەکەوێتـە سـەری |
|---|---|
| ٩٠.قەشقە | هەولێر |
| ٩١.خوڕخوڕ | هەولێر |
| ٩٢.هەلەجە | هەولێر |
| ٩٣.بیرە ژینە | هەولێر |
| ٩٤.لاجان | هەولێر |
| ٩٥.نازەنین | هەولێر |
| ٩٦.گەرۆتە | شەقلاوە |
| ٩٧.بالیسان | شەقلاوە |
| ٩٨.کونە فلووسە | شەقلاوە |
| ٩٩.سکتان | شەقلاوە |
| ١٠٠.کانی ماران | کۆیە |
| ١٠١.سورداش | سلێمانی |
| ١٠٢.هۆمەر قۆم | سلێمانی |
| ١٠٣.سەرگەڵو | سلێمانی |
| ١٠٤.قەلەم پاشا | دۆکان |
| ١٠٥.هەڵەدن | سلێمانی |
| ١٠٦.قەمچۆغە | سلێمانی |
| ١٠٧.مەرگە | قەڵادزە |

| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ١٠٨.سەرسیان | قەڵادزە |
| ١٠٩.شەدەلا | سلێمانی |
| ١١٠.چۆغماغ | سلێمانی |
| ١١١.مەلوومە | سلێمانی |
| ١١٢.قامیش | چوارتا |
| ١١٣.ئیساوە | چوارتا |
| ١١٤.خێزانە | چوارتا |
| ١١٥.ئاوە کورتە | چوارتا |
| ١١٦.بانالی | چوارتا |
| ١١٧.سەفرە | چاورتا |
| ١١٨.زەروون | چوارتا |
| ١١٩.گاپیلۆن | سلێمانی |
| ١٢٠.بەرزنجە | چوارتا |
| ١٢١.سۆرەبان | هەڵەبجە |
| ١٢٢.بیارە | هەڵەبجە |
| ١٢٣.شۆڕش | هەڵەبجە |
| ١٢٤.خانەسۆر | هەڵەبجە |
| ١٢٥.سەرشاتە | هەڵەبجە |


| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ١٢٦.قاشان | چوارتا |
| ١٢٧.مەوکەبە | چوارتا |
| ١٢٨.کونەماسی | چوارتا |
| ١٢٩.زەڕایەت | هەڵەبجە |
| ١٣٠.خێڵی بەبە | هەڵەبجە |
| ١٣١.هەڵشۆ | قەڵادزە |
| ١٣٢.سونە | قەڵادزە |
| ١٣٣.شێنێ | قەڵادزە |
| ١٣٤.ماکۆ بزنان | قەڵادزە |
| ١٣٥.بێشیر | قەڵادزە |
| ١٣٦.سیندۆڵان | قەڵادزە |
| ١٣٧.لاوژە | قەڵادزە |
| ١٣٨.عەین دزێ | قەڵادزە |
| ١٣٩.بۆڵێ | قەڵادزە |
| ١٤٠.سینەمۆکە | قەڵادزە |
| ١٤١.کۆمتان | قەڵادزە |
| ١٤٢.دۆڵە | قەڵادزە |
| ١٤٣.رەبەت | قەڵادزە |

| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیداریەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ١٤٤.خەڵۆ بازێنی | کەرکووک |
| ١٤٥.قادر کەرەم | کەرکووک |
| ١٤٦.سۆدکە | کەرکووک |
| ١٤٧.عەسکەر | کەرکووک |
| ١٤٨.حەیدەر ئاباد | کەرکووک |
| ١٤٩.سەنگاو | کەرکووک |
| ١٥٠.هۆرێن | خانەقین |
| ١٥١.شێخە | خانەقین |
| ١٥٢.پیرۆزخان | خانەقین |
| ١٥٣.سەرتەک | خانەقین |
| ١٥٤.باخە هەناران | خانەقین |
| ١٥٥.پێلنگان | ڕانیە |
| ١٥٦.بێتواتە | ڕانیە |
| ١٥٧.سەروچاوە | ڕانیە |
| ١٥٨.گۆلان | ڕانیە |
| ١٥٩.بەردەنگ | ڕانیە |
| ١٦٠.نۆرێ | ڕانیە |
| ١٦١.وەرتێ | ڕانیە |

| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ١٦٢.سیلێ | قەڵادزە |
| ١٦٣.بۆ گریسکان | قەڵادزە |
| ١٦٤.زارگەلی | قەڵادزە |
| ١٦٥.سیدەکان | ڕواندوز |
| ١٦٦.ڕۆست | چۆمان |
| ١٦٧.ئەرەدن | ئامێدی |
| ١٦٨.ئەتروش | ئێسڤنێ |
| ١٦٩.شیوەشۆق | کۆیە |
| ١٧٠.لالە | کۆیە |
| ١٧١.شەوگێر | کۆیە |
| ١٧٢.دار بەڕوو | کۆیە |
| ١٧٣.کانی بزرە | کۆیە |
| ١٧٤.ئاوە کورتە | چوارتا |
| ١٧٥.کفرە دۆلە | ڕانیە |
| ١٧٦.قەمەر | کەرکووک |
| ١٧٧.کاموسەک | شەقلاوە |
| ١٧٨.قەرەداغ | سلێمانی |
| ١٧٩.تاڵزەیت | سلێمانی |

| گوند | ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەری |
|---|---|
| ١٨٠.جافەران | سلێمانی |
| ١٨١.شەمەویلاک | هەڵەبجە |
| ١٨٢.شەمێران | هەڵەبجە |
| ١٨٣.شیوەسۆر | هەڵەبجە |
| ١٨٤.کانی مانگا | پێنجوێن |
| ١٨٥.جیل بەسەر | کۆیە |
| ١٨٦.ناڵپارێز | پێنجوێن |
| ١٨٧.تووتمە | شەقڵاوە |
| ١٨٨.چیوە | شەقڵاوە |
| ١٨٩.بێمووش | قەڵادزە |
| ١٩٠.گەنەو | قەڵادزە |
| ١٩١.سەیمەلا | قەڵادزە |
| ١٩٢.گردەسپێن | قەڵادزە |
| ١٩٣.چێچەرمگ | کەرکووک |
| ١٩٤.گەورە دێ | چەمچەماڵ |
| ١٩٥.چناران | ڕانیە |
| ١٩٦.خدران | ڕانیە |
| ١٩٧.هیزۆپ | ڕانیە |


| ئەو ناوچەیەی گوندەکە لەڕووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەری | گوند |
| --- | --- |
| ڕانیە | ١٩٨.خەلەکان |
| قەڵادزە | ١٩٩.بەرگردکان |
| چۆمان | ٢٠٠.مەکۆسێن |
| چۆمان | ٢٠١.وەردێ |
| چۆمان | ٢٠٢.عەینە |
| چۆمان | ٢٠٣.ناوەندێ |



**خۆشحاڵم دوای ئەم هێرشە ئاسمانییە منداڵێکم ساغە**



**ئەوەی لە ماڵ و ماڵباتێکەوە بەجێماوە دوای هێرشێکی ئاسمانی**



شـارۆچکەی قـەڵادزێ کـە ژمـارەی دانیشـتووانی ٢٥ هـەزار کەسـە، لـە کاتژمێـر ٩:١٥ ی بەیانیـی ڕۆژی ٢٤ی نیسـان هێـرشی ئـاسمانی کرایـە سـەر و سێ خولەکـی خایانـد. دوو فڕۆکـەی جـۆری سـیخۆی سـەر بـە حکومـەتی عێـراق هێرشـێکیان لـە نزمییەکـی زۆر کـردە سـەر شـارێکی نەپارێـزراو. سـەرەتا بـە بۆمـب دەسـتیان پێکـرد، دواتـر هـاژەک و پاشـانیش تۆپبـاران. هێرشـەکە زانکـۆ و قوتابخانـە و نەخۆشـخانە و گونـدەکانی دەوربەریـانی گرتـەوە، ١٣١ کـەس کـوژران کـە هەموویـان هاوڵاتیـی ئاسـایی بـوون ژمارەیەکـی زۆریـش برینداربـوون. باوکێـک کـە نـۆ سـەر خێزان بـوو، بەهۆی هێرشـەکەوە هەموویـانی لەدەسـت دا و بێجگـە لـە کـەزی کچەکـەی، هـی چـی دیکـەی لـێ نەدۆزییـەوە.

# پاشکۆی G

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەشی زانیاری**

**چەند نموونەیەکی کۆمەڵکوژی لە دژی هاوڵاتیانی کورد؛ بۆمباران، گۆڕی بەکۆمەڵ، ئابڕووچوون، دەرکردن، ڕاگواستن و کاری تیرۆرستی**

**٢٠ی ئایاری ١٩٧٤**

چەند نموونەیەکی کۆمەڵکوژی لە دژی هاوڵاتیانی کورد؛ بۆمباران، گۆڕی بەکۆمەڵ، ئابڕووچوون، دەرکردن، ڕاگواستن و کاری تیرۆرستی

لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ حکومەتی بەعس بڕیاری گرتنی ١٢٨ کوردی بێ تاوانی شاری سلێمانی دەرکرد و ڕاپێچی دەرەوەی شاریان کرد و هەموویان لە سێدارەدان و لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا ناشتنیان.

لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣

لە نیوەی حوزەیرانی ١٩٦٣گەڕەکی کۆماری لە دبس کە دەکەوێتە باکووری شاری کەرکووک کە ١٢٠٠ ماڵ و ٢٤ گوندی بەسەرەوەن، بە زرێپۆش هێرشی کرایە سەر و لەگەڵ زەوی تەختیان کرد، ژمارەیەکی زۆر خەڵک کوژران و ئەوانەی دیکەش بەبێ ماڵ و سامان و لە ترسی ڕۆحی خۆیان ڕایانکرد. تا ئایاری ١٩٧٤ هێشتا حکومەت ڕەتیدەکاتەوە دووبارە خانووەکانیان دروستبکەنەوە. وێڕای ئەوەی بەندێکی ڕوون

هەیـە لـە ڕێکەوتننامـەی ئاشـتیی سـاڵی ١٩٧٠ کـە زامنـی گەڕانـەوەی گوندنشـینان دەکا بـۆ سـەر زەوییەکانیـان، هێشـتا زەوییەکانیـان لەلایـەن خەڵکـی دیکـەوە دەستیبەسـەر داگیـراوە. پەیامنێـری ڕۆژنامـەی تەلەگـرافی لەنـدەنی شـایەتی گەواهیدەرێکـی لەبـارەی کۆمەڵکوژییەکـە خسـتبووە ڕوو. بـۆ زانینـی نـاوی گونـدەکا تەماشـای پاشـکۆی F و I بکـە.

لــە کۆتایــی حوزەیــرانی ١٩٦٣ و بــە فەرمــانی حکومــەتی بەعــس، لــە شــارۆچکەی کۆیــە شــەش کــوردی بــێ تــاوان بــە ســتوونی تەلەفۆنــەوە هەڵــواسران و لەســێدارە دران. لــە تەمــوزی ١٩٦٣ تەهــا شــەکرچی (لــە شــوباتی ١٩٧٤ کرایــە فەرمانــدەی فیرقــەی هەشــتی ســوپای عێــراق) فەرمانـدەی یەکەیەکـی سـەربازیی بـوو لـە نزیـک کۆیـە، لـە نزیـک چنارۆک پـازدە زابـت سـەفی کـوردی لـە یەکەکـەی خـۆی کۆکردنـەوە و ناچاریکـردن بچنـە نـاو چایەخانەیەکـەوە و دواتـر بـە زرێپۆشـەکانی شـوێنەکەی بەسـەردا ڕووخانــدن و شــەش مانــگ دوای ڕووخــانی ڕژێمــی بەعــس*، تەرمــی ئەفســـەرەکان دۆزرایـــەوە.

---

* بەعـس لـە ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ دەسـەڵاتی وەرگـرت و لـە ١٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٣ دەسـەڵاتیان لـێ وەرگیرایەوە.(وەرگێـڕ)

لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی سـەروچاوەی نزیـک شـاری ڕانیـە، کاتێک یەکەیەکی سـەربازیی سـوپای عێراق بە هەڕەشـەوە نزیک دەبوونەوە، پیـرەکانی گوندەکـە بـە پێشـەوایەتی مـەلای گونـد، قورئانیان لەدەسـت گرت و لەبـاتی تـەواوی دانیشـتووانی گوندەکـە داوای بەزەییـان کـرد، وەڵامـی ئـەوان کوشـتنی هەموویـان بـوو بـە ڕەشـاش و لـە گۆڕێکی بـە کۆمەڵدا ناشـتنیان.

لـە ١٩ی ئـابی ١٩٦٩ گونـدی دەکانی سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی شـێخان (پارێـزگای مووسـڵ) کەوتـە دەسـت یەکەیەکـی سـوپای عێـراق. ئافـرەت و منداڵـی گوندەکـە پەنایـان بـۆ ئەشـکەوتێکی نزیـک بردبـوو. بـە فەرمـان و چاودێریـی ڕاسـتەوخۆی فەرمانـدەی فیرقـەی چـوار و بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایـەتی شـێخان، سـوپای عێـراق ئەشـکەوتەکەیان گەمـارۆ دا و ٦٧ ئافـرەت و منـداڵ کـە لە ئەشـکەوتەکە گیرببـوون، بـە زیندوویی سـووتاندنیان.

لـە ئەیلـوولی ١٩٦٩ گونـدی سـوریای کرستیاننشـین کـە دەکەوێتـە ناوچـەی زاخـۆ، لـە هەمـوو لایەکـەوە بـە زرێپـۆش گەمـارۆدرا و تـا هەمـوو دانیشـتووانیان نەکوشـت، لـە تۆپبارانکـردنی نەوەسـتان.

لـە ٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٩ نوێنەرێکـی کـورد سـەرۆکی کۆمەڵـەی گشـتیی نەتەوەیەکگرتـووەکانی لـە نیویـۆرک بینـی، یاداشـتنامەیەکی پالپشـتیکراو بـە بەڵگـە و وێنـە پێشـکەش کـرد کـە کارە دڕندانـەکانی حکومـەت لـە گونـدی دەکان کـردی، دەخاتـەڕوو.

لـــە ٩ی شـــوباتی ١٩٧٣، تۆپـــەکانی عێـــراق گونـــدی یوســـفانیان لـــە ناوچـــەی ســـنیار بۆردومانکـــرد. هـــۆکاری ئـــەو تۆپبارانـــە هەڕەمەکـــی و نامرۆڤانەیـــە ئەوەبـــوو؛ دانیشـــتووانی گوندەکـــە ڕەتیانکردبـــووەوە ببنـــە بـــەعسی. تۆپبارانەکـــە بـــووە هـــۆی کـــوژرانی دە ئافـــرەت و پێنـــج منـــداڵ. یـازدە ئەندامـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـە سـەرپێیی لێکۆڵینەوەیـان لەگـەڵ کـراو، لـە سـەر شـەقام کـوژران.

لـە ٢٦ی شـوباتی ١٩٧٣ سـەربازی عێـراق دڕندانـە خانـووی کـوردەکانی شـەنگاریان پشـکنی.

لــە ٦ی ئــاداری ١٩٧٣، ٤٦ جووتیــاری کــورد لــە گونــدی گیــری لــە ناوچــەی کەرکــووک دەرکــران و لــە شــوێنی ئــەوان پیــاوانی عەشــیرەتی عــەرەب دانــران.

لــە ٧ی ئــاداری ١٩٧٣ حــزبی بەعــس لەبــارەی دانیشــتووانی گونــدی قازانــج بلاج لــە قەرەحەســەنی پارێــزگای کەرکــووک فەرمــانی دەرکــرد، بــە پاســاوی بەرژەوەندیــی نیشــتمانی دەبــێ گوندەکــە چــۆڵ بکــرێ. گوندەکــە نــە نزیکــی هیــچ کێڵگەیەکــی نەوتــە و نــە دامــەزراوەی ســەربازی.

لــە ٢٦ی ئــاداری ١٩٧٣ ژمارەیــەک ســەربازی عێــراق کــە ســەر بــە یەکەیــەک بــوون لــە فیرقــەی چــوار و خەریکــی کێومــاڵ بــوون، هەوڵیانــدا گێچەڵــی ســێکسی بــە فرمــا محەمــەدی ١٢ ســاڵان بکــەن لــە دینارتــە لــە ناوچــەی ئاکــرێ. منداڵەکــە بەرگــری کردبــوو، بــەڵام ئــەوان لــە دەســتدرێژیان بــەردەوام بــوون و بەهــۆی دەســتدرێژییەوە لەهــۆش خۆیــان چوانــد. دوای ئــەوەش ســەربازە عێراقییــەکان هــەردوو لاقیــان لــە ئێسترێــک بەســتبووەوە تــا بــەدوای خۆیــدا بەســەر زەوی ڕایبکێشــێ.

لــە ٢٧ی ئــاداری ١٩٧٣ هەمــان یەکــە؛ هێــرشی کــردە ســەر گونــدی دینارتــە و دانیشــتووانەکەیان ناچارکــرد مــاڵ و حاڵیــان بەجێبێڵــن. نــۆ پیــاو لــەکاتی بەرگریکــردن لــە دانیشــتووان کــوژران کــە یەکێکیــان حاجــی عــەلی ئەمــەدای ڕیشســپی گوندەکــە و تەمــەن ٦٥ ســاڵان بــوو.

لــە ٢٤ی نیســانی ١٩٧٣ بروســکەیەک لــە ناوچــەی زاخــۆ، پــارتی دیموکــراتی کوردســتانی لــە ئاوارەبــوونی ژمارەیەکــی زۆر زیاتــری کۆچبــەران ئاگادارکردووەتــەوە کــە لــە شــەنگارەوە هاتــوون، بەهــۆی ئــەو تۆقاندنــە

بەردەوامـەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـەوێ دەیکـەن. ئـاوارەکان گرفتـی کەمـی ئازووقـە و پەناگەیـان هەیـە.

لـە ١٥ی ئایـاری ١٩٧٣ فیرقەیـەک لـە سـوپای عێـراق چـووە نـاو گونـدی تەقتـک لـە ناوچـەی شـێخان، دووسـەت ماڵبـات دووچـاری تۆقانـدن و ئاوارەکـردن بوونـەوە و پەنایـان بـۆ چیـاکان بـرد.

لـە ٢٢ی ئایـاری ١٩٧٣ زیاتـر لـە دووسـەت ماڵبـات دووچـاری تۆقانـدن و ئاوارەبـوون بوونـەوە لـە ناوچـەی عەیـن سـفین لەسەردەسـتی سـوپای عێـراق. ماڵباتـەکان بـێ پەناگـە ماونەتـەوە و هیـچ نییـە بیخـۆن. هەروەهـا سـەرەڕای بڵاوبوونـەوە پەتـای ترسـناکی کۆکـە لەنێـو منـداڵان، بنکـەکانی تەندروسـتی عێـراق، ئەوانـەی لـە ناوچـەکان، ڕەتیانکـردەوە چارەسـەریان بکـەن و زیاتـر لـە سـەت منـداڵ مـردن.

لـە ٢٤ی ئایـاری ١٩٧٣ دوو تـەرم لەنـاو ڕووبـاری ئەڵوەنـد لـە خانەقیـن دۆزرانـەوە. هێـزە ئەمنییـەکانی سـەر بـە حکومـەتی عێـراق وایـان بڵاوکـردەوە، لافـاو دوو جەسـتەکەی هێناوەتـە کەنـار ڕووبـار، بـەڵام دواتـر ڕوونبـووەوە دوو تەرمەکـە هـی دوو کـەسی ناوچەکـەن و لەلایـەن هێـزی تەجنیـدی سـەر بـە سـوپا ئەشـکەنجە دراون و دواتـر تەقەیـان لێکـراوە و تەرمەکانیشـیان فڕێدراوەتـە نـاو ڕووبارەکـە.

لـە ٨ی حوزەیـرانی ١٩٧٣ هێزێکـی پۆلیـس بـۆ دەسـتگیرکردنی هەشـت ئەندامـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان چـووە هـەردوو گونـدی ئەنـاری و تـەل عـادس. ئـەو گوندنشـینانەی لـەوێ بـوون، تۆقـێنران و دواتـر هەموویانیـان دەرکـرد.

لـە ٢٨ی حوزەیـرانی ١٩٧٣ هێـزی پۆلـیسی عێـراق گونـدی قامیشـەڵانیان لـە ناوچـەی خانەقیـن داگیرکـرد. دانیشـتووانەکەی دەرکـران و بـەرەو ناوچـە ئازادکـراوەکان هەڵاتـن کە بووە هۆی فشـاری زیاتر لەسـەر خـۆراک و پەناگە.

لــە ١ی تەمــوزی ١٩٧٣ یەکەیەکــی ســوپای عێــراق کــە لەلایــەن تۆپەکانـەوە پاڵپشـتی دەکـرا، هێرشـێکی توندیـان کـردە سـەر خانەقیـن کـە بــووە هــۆی کەوتنــەوەی قوربــانی زۆر لەنێــو هاوڵاتیانــدا.

لــە ١٢ی ئەیلــوولی ١٩٧٣ هێــزی پۆلــیسی عێراقــی ســەر بــە بــارەگای کەرکــووک... کــە دە زرێپــۆشی نەفــەر هەڵگــر پاڵپشــتیان دەکــرد، گونــدی زەردکیـان گەمـارۆدا و ژمارەیەکیـان لـێ دەسـتگیرکردن و ئەوانـەی دیـش ئاوارەبــوون و چارەنووســیان نادیــارە.

لــە ٢٩ی کانــوونی دووەمــی ١٩٧٤ هێــزی ئاســایشی عێــراق چوونــە ناوچــەی دووزخورماتــوو لــە کەرکــووک و هەشــت هاوڵاتیــی تــورکمانی عێراقییــان دەســتگیرکرد کــە تــا ئێســتا چارەنووســیان نادیــارە.

لــە ٨ی شــوباتی ١٩٧٤ حکومــەتی عێــراق فەرمــانی بــۆ دانیشــتووانی گونـدەکانی قریـدی و قتراس و کارنمنـد و قوشـقانجی دەرکـرد، تـا لەمـاوەی ٢٤ کاتژمێــردا گوندەکانیــان چۆڵبکــەن.

لـــە ١٠ی شـــوباتی ١٩٧٤ فەرمـــانی زیاتـــری چۆڵکـــردن لەمـــاوەی ٢٤ کاتژمێـر بـۆ ئـەم گوندانـە دەرچـوون. پارێـزگاری کەرکـووک و فەرمانـدەی فیرقـەی دوو بـە پاسـاوی ئاسـایشی سـەربازی، فەرمانەکەیـان واژووکـردووە. دانیشـتووانی گونـدی محـوالی و بیلهـانی و سـارەلو و وسـوی و سیربیشـاک و ئولافــات عەولاســوور جەبــەل بــۆر و ماتــاری و تــەل شــاراو شــاروک

بــەزۆر لەمــاوەی پێنــج کاتژمێــردا گوندەکانیــان پــێ چۆڵکــردن. دوای هەڵگیرســانی جەنگــی گشــتگیر لــە نیســاندا، ئــەم نموونانــە دۆخــی کۆمەڵکــوژی دەخەنــەڕوو:

لــە ١٤ی نیســانی ١٩٧٤، ١١ نیشــتیمانپەروەری کــورد لــە هەولێــر لەســێدارەدران، دوای ئــەوەی لــە بەغــدا حوکمیــان لەبــارەوە درابــوو و ئەشــکەنجەدرابوون، بگــرە هەندێکیــان دەســتیان بڕابــووەوە یــان چاویــان هەڵکۆڵرابــوو. هەندێــک لــەو شــەهیدانە بــۆ مــاوەی ســاڵێک یــان دوو ســاڵ بــە تۆمــەتی نــاڕەوا دەســتگیرکرابوون و لەســێدارەدانیش لــەوکات ئیســتیفزازکردنی بــە ئەنقەســتی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان بــوو.

لــە ١٦ی نیســانی ١٩٧٤ شــاری ئاکــرێ کــە ژمــارەی دانیشــتووانەکەی ٧٠٠٠ کەســە، بــە ســەختی تۆپبــاران کــرا. ژمارەیەکــی زۆری مــاڵ و کڵێســا و مزگــەوت خاپــوور کــران و بەســەر جەســتەی دانیشــتووانەکەی کــە هەموویــان ســڤیل بــوون، داڕووخــان.

لــە ٢٤ی نیســانی ١٩٧٤ شــاری قــەڵادزێ کــە ژمــارەی دانیشــتووانەکەی دەگاتــە ٢٠٠٠٠ کــەس بــە ســەختی تۆپبــاران کــرا. ١٣١ هــاوڵاتی کــوژران و ٣٠٠ی دیکــەش برینداربــوون و زۆربەشــیان لــەو منداڵانەبــوون کــە لــە قوتابخانــە بــوون، چونکــە دوو قوتابخانــە بــە ئەنقەســت تۆپبــاران کــران.

لەنێــوان ٢٣ و ٢٧ی نیســانی ١٩٧٤، ناوچــەی چۆمــان و لەگەڵیشــیدا شــارۆچکەی گەڵاڵــە کــە ژمــارەی دانیشــتووانی ٥٠٠٠ کەســە تۆپبــاران کــران و بــووە هــۆی کــوژرانی ٤٠ کــەس و برینداربــوونی یــەک کــەس. بڕوانــە وێنەکــە لــە پاشــکۆی (F).


لــە ٢٥ و ٢٦ نیســانی ١٩٧٤ شــاری دهــۆک کــە ژمــارەی دانیشــتووانی دەگاتــە ٤٠٠٠٠ کــەس، تۆپبــاران کــرا و بــووە هــۆی کــوژران و برینداربــوونی ژمارەیەکــی زۆری خەڵــک.

لــە ٢٨ی نیســانی ١٩٧٤ شــارۆچکەی هەڵەبجــە کــە ٨٠ کیلۆمەتــر لــە مەیــدانی جەنگــەوە دوورە، تۆپارانکــرا و بــووە هــۆی خاپووربــوونی ١٠٠ مــاڵ و کــوژرانی ٤٢ کــەس و برینداربــوونی زیاتــر لــە ١٠٠ کــەسی دیکــە. دانیشــتووانەکەشی ناچاربــوون شــارەکە چۆڵبکــەن و بــەرەو چیــاکان بــڕۆن.

لــە نێــوان ٢١ی نیســان و ١٠ی ئایــاری ١٩٧٤ شــاری زاخــۆ کــە ژمــارەی دانیشــتووانەکەی ٢٥ هــەزار کەســە، لــە ئــاسمان و لــە ئــاو هێــرشی کرایــە ســەر و ئــەو ئاگــرەی کەوتبــووەوە لەمــاوەی ئــەو بیســت ڕۆژەدا هــەر بــەردەوام بــوو. لــە ٣٠ی نیســانی ١٩٧٤ پێنــج قوتــابی کــورد کــە لــە کۆلێــژی ئــادابی زانکــۆی بەغــدا دەخوێنــن، فەرمــانی لەســێدارەدانیان بــۆ دەرچــوو کــە ئافرەتێکیشــیان لەگەڵدایــە نــاوی لــەیلا قاســمە.

لــە ١ی ئایــاری ١٩٧٤ ســوپای عێــراق چــووە نــاو شــاری زاخــۆ و بەهەڕەمەکــی تەقــەی لــە هەمــوو ئــەو کەســانە کــرد کــە دەکەوتــە بەرچاویــان، شەســت و ســێ کــەس کــوژران و ١٠٠ی دیکــەش برینداربــوون کــە زۆربەیــان ئافــرەت و منــداڵ بــوون.

لە ٨ی ئایاری ١٩٧٤ شەش قوتابی دیکەی زانکۆ لەسێدارەدران.



٢٥ی نیسانی ١٩٧٤، گەڵاڵە- کوردستان. لە ٥:١٥ بەرەبەیان هێرشی فڕۆکە دەستیپێکرد. لە هێرشەکە ١٥ کەس کوژران، زۆربەیان هاوڵاتی بوون و خەڵکێکی زۆریش برینداربوون. هێرشەکە بە فڕۆکەی سیخۆ-٧ ئەنجامدرا کە ژمارەیەک بۆمبی ٥٠٠ کیلۆیی بەسەر گوندەکە بەردایەوە. وێنەکە لەلایەن دەیڤد گرارنێ-بەکر/ سیپە پرێس گیراوە.



٢٥ی نیسانی ١٩٧٤، گەڵاڵە- کوردستان. لە ٥:١٥ بەرەبەیان هێرشی فڕۆکە دەستیپێکرد. لە هێرشەکە ١٥ کەس کوژران، زۆربەیان هاوڵاتی بوون و خەڵکێکی زۆریش برینداربوون. هێرشەکە بە فڕۆکەی سیخۆ-٧ ئەنجامدرا کە ژمارەیەک بۆمبی ٥٠٠ کیلۆیی بەسەر گوندەکە بەردایەوە. وێنەکە لەلایەن دەیڤد گرارنێ-بەکر/ سیپە پرێس گیراوە.

# پاشکۆی H

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**شاندی کورد لە دەرەوە**

**"چەند نموونەیەکی قوربانیانی تیرۆری سیاسی"**

**٣٠ی مەی ١٩٧٤**

**"چەند نموونەیەکی قوربانیانی تیرۆری سیاسی"**

١. ئەم نموونانەی خوارەوە ئەوە ڕوون دەکەنەوە، چۆن تیرۆری سیاسی ڕوودەچێتە ناو هەموو بوارەکانی ژیان.

لە ١٤ی نیسانی ١٩٧٠ لە مووسڵ هێرشێکی دڕندانە کرایە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی درا، لەوکاتەی بۆ پیرۆزباییکردن لە سەرۆک بەکر، بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی قوربان لە بەغدا بوو.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٧١ مستەفا جەمیلی هاوولاتی کوردی عێراق دەستگیرکرا و داوای لێکرا زانیاریی لەبارەی سەرکردەکانی کورد بدا. بەهۆی ئەشکەنجەوە پەنجەی پێیەکانی لەدەستدا و ناچارکرابوو بەسەر شووشەدا بڕوا.

لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ هەوڵی تیرۆرکردنی جەنەڕاڵ بارزانی درا.

لـە بەهــاری ١٩٧٢ لــەکاتی وەرگرتنــی پۆســتی پارێــزگاری هەولێــر، هەوڵــی تیرۆرکــردنی عەبدولوەهــاب ئەتــرووشی درا.

لــە ١٦ی تەمــوزی ١٩٧٢ بــۆ جــاری دووەم هەوڵــی تیرۆرکــردنی جەنــەڕاڵ مســتەفا بــارزانی درا.

٢. هەروەهــا کــردەی تیرۆرســتی لــە دژی ئەندامــانی حــزبی بەعــس و کۆمەڵــە سیاســییەکانی دیکــە لــە پێکهاتــەکان جێبەجــێ دەکــرا.

تیرۆرکـردنی حـەردان تکریتی؛جێگـری سـەرۆکی حـزبی بەعـس و وەزیـری پێشـووی بەرگـری لەسـەر دەسـتی بەکرێگیـراوانی حـزب لـە کوێـت.

تەرمــی نــاسر ئەلعــانی باڵیــۆزی پێشــوو لــە واشــتنن لــە کەندێکــی بەغــدا دۆزرایــەوە و شــێوێندرابوو.

عەتـا عەبدولوەهـابی ئەندامـی دیـاری پـارتی نیشـتیمانیی دیموکـراتی لـە کوێـت بـێ سەروشـوێن کـرا و بـە بێهۆشـکراوی گەڕێنرایـەوە بەغـدا و فەرمـانی لـە سـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو و هەنووکـەش دیـار نییـە چـی بەسـەر هاتـووە.

فــواد ڕوکابی ئەمینــداری گشــتیی حــزبی بەعــس کــە بــاوەڕی بــە سســتەمی نـاسری هێنابـوو، فەرمـانی زیندانکـردنی سـێ سـاڵی بـۆ دەرچـوو و چەنـد ڕۆژێـک پێـش ئـەوەی ئـازاد بکـرێ، بـە کـوژراوی دۆزرایـەوە.

٣. کـردەی تیرۆرسـتی دیکـە لـە دەرەوە؛ لـە بەریتانیـا و میـسر و پاکسـتان جێبەجێکراوە.

# پاشکۆی I

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەشی زانیاری**

**ڕاپۆرتی کوردە فەیلییەکان لەبارەی**

**"لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە"**

**ڕاپۆرتی کوردانی فەیلی لەبارەی لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە**

١. لە ماوەی ساڵی ١٩٦٩ و بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩٧١ەوە حکومەتی عێراق سیاسەتێکی بەرنامەبۆدارێژراوی بۆ ڕاگواستنی بە کۆمەڵی کورد لە چەند ناوچەیەکی عێراق دەستپێکردووە. دەیان هەزار کوردی فەیلیان لە کوچەوکۆڵانەکان و ماڵەکانیان و شوێنی کاریان بەهەڕەمەکی دەستگیرکرد و وەکو کۆیلە کەلەپچەیان لەدەستکردن و لێیاندان و سەرکۆنەیان کردن، پاشان خرانە ترێلەی سەربازی و بردرانە سەر سنووری عێراق و ئێران و لەوێش دەرکران. لە زستانی ساڵی ١٩٧١ ڕاگواستنی بەکۆمەڵ گەیشتە ئەوپەڕی، خەڵکی ئازاری زۆریان بەدەست ساردترین وەرزی ساڵ چەشت. ئەوانەی ڕاگوێزران، شتە زۆر زۆر پێویستەکانیان نەبێ، ڕێگەیان پێ نەدرا هیچی دیکە ببەن. لە بەرەنجامی ئەمەدا؛ چەندین منداڵی شیرخۆر و منداڵی دیکەش بەهۆی سەرما و برسیەتی و ئەو هێدمەیەی دایکەکانیان تووشی ببوون گیانیان لەدەستدا.

زۆرینـەی ئـەو پیاوانـەی ڕاگوێـزران؛ خزمـەتی سـەربازییان لـە عێـراق تەواوکردبــوو و ئــەوان و ئافرەتەکانیــش، یــان ڕەگەزنامــەی عێراقیــان هەبـوو یـان مۆڵـەتی نیشـتەجێبوون. کاتێـک هەوڵیانـدا ئـەو بەڵگەنامانـە پێشــانی پۆلیــس بــدەن، پۆلیــس و میلیشــیاکان بەڵگەنامەکانیــان دڕانــد و فڕەیــان دا. هەروەهــا زۆربــەی ئەوانــەی دەرکــران، لــە عێــراق لەدایکببــوون و هــەر لەوێــش نیشــتەجێبوون.

٢. لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٧٤ ڕژێــم بڕیــاری ڕاگواســتنی ٣٠ هــەزار کـوردی لـە پارێـزگای نەینـەوا دا بـە پاسـاوی ئـەوەی ڕەگەزنامەیـان نییـە. ئـەو خەڵکـەش بـەردەوام لـە عێـراق نیشـتەجێبوون، تەنانـەت بـەر لـەوەی لـە سـاڵی ١٩٢٢ دەوڵـەتی عێـراق دروسـت بکـرێ، لـەوێ نیشـتەجێبوون. بەشـێکی زۆریـان خزمـەتی سـەربازییان تەواوکردبـوو، حکومـەتی تورکیـاش ڕەتیکـردەوە وەریانبگـرێ، چونکـە ڕەگەزنامـەی تورکییـان نەبـوو، بۆیـە تـا ئێسـتا داهاتوویـان نادیـارە.

٣. یاسـای ڕێکخـراوی تایبـەت بـە کاروبـاری بێگانـە لـە عێـراق، یاسـای ژمــارە ٣٦ی ســاڵی ١٩٦١ و ئــەو هەموارکردنــەوەی بــەم دواییــە، تێیــدا هاتــووە کــە عــەرەب لــە هــەر کوێیەکــی ئــەم دونیایــە بــن، بــە بێگانــە دانانرێــن، ئەمــە لەکاتێکدایــە ئــەو کوردانــەی لــە عێـراق لەدایکبـوون و بەدرێژایـی تەمنیـان تێیـدا ژیـاون، بـە بێگانـە دادەنرێــن. ئێمــە لەوکاتــەی پێشــوازیی لــەو مافــە دەکەیــن کــە پێشــکەشی بــرا عەرەبــەکان کــراوە، پێویســتە هەمــان شــتیش لەگــەڵ کـورد بکـرێ. هەنووکـە؛ بەهـۆی ئـەم ڕاسـتییانەوە، ئـەو جیاکارییـەی بەرانبــەر کــورد دەکــرێ بــە تــەواوەتی ڕوونــە.

٤. لــە شــوباتی ١٩٧٤ ئەنجوومــەنی ســەرکردایەتیی شــۆڕش یاســایەکی دەرکـرد، تێیـدا جەختدەکاتـەوە؛ هـەر قوتابییەکـی عێراقـی هاوژینێکـی بێگانــە بهێنــێ، نابــێ لــە کــەرتی گشــتیی عێراقــدا کاربــکا، کەچــی ئەگــەر بێگانەکــە بــە ڕەچەڵــەک عــەرەب بــوو، لــە هــەر شــوێنێکی دونیــا بــوو، ئــەوا ئــەو یاســایەی لەســەر جێبەجــێ نابــێ. ڕوونــە کــە ئــەم یاســایە جیــاکاری ڕەگەزپەرســتیی ڕوونی تێدایــە و کــۆک نییــە لەگــەڵ مــافی بنەڕەتیــی مــرۆڤ کــە تاکێــک خــۆی هاوژینێــک هەڵبژێــرێ و ماڵباتێــک پێکبێنــێ.

## پاشکۆی J

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەشی زانیاری**

**"نامەیەک لە گوندنشینانی جەبەل بۆر"**

**٩ی ئەیلوولی ١٩٧٣**

**وەرگێڕانی نامەیەک کە لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٧٣ لەلایەن گوندنشینانی جەبەل بۆر نووسراوە**

**بۆ: لیژنەی سەرکردایەتی شۆڕش**

**وەزارەتی کاروباری ناوخۆ**

**پارێزگاری پارێزگای کەرکووک**

**وەزارەتی ئیسڵاحی زراعی**

**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**لقی سێی پ.د.ک**

ئێمە، ئەوانەی لەخوارەوە واژوومان کردووە، دانیشتووی گوندی چیای بۆرین لە پارێزگای کەرکووک، فەرمانێکمان لە پارێزگاری پارێزگای کەرکووک پێگەیشتووە کە بە پاساوی ئەوەی گوندەکەمان کەوتووەتە ناوچەی قەدەغەکراو، دەبێ بە تەواوی چۆڵی بکەین. ڕوونە؛ ئێمە

چەندین پشتە و زیاتر لە سەت ساڵە لەم گوندە دەژییین. ئێمە چل و پێنج خانەوادەین و بەدرێژایی ژیانمان کارمان لەگەڵ یەک کردووە، هیچ شوێنێکی دیکە شک نابەین کارێکی تێدا بدۆزینەوە.

داوای بەزەییتان لێ دەکەین

دەمانەوێ ڕێگەمان بدەن لە گوندەکەمان بمێنینەوە تا بتوانین لەسەر کارەکانمان بەردەوام بین و خزمەتی نیشتمان بکەین، هەروەک چۆن لە ڕابردوو کردووەمانە.

سەرۆکی گوندی جەبەل بۆر لە پارێزگای کەرکووک

عەبدولڕەحمان کەریم و واژووی ٤٥ کەسی دیکە

## پاشکۆی K

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**شاندی کورد لە دەرەوە**

**زانیاریی ژمارە ٣٠**

**"پلانە ڕەگەزپەرستانەکانی حکومەتی بەعس" ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤**

**زانیاریی ژمارە ٣٠ ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤**

**پلانە ڕەگەزپەرستانەکانی حکومەتی بەعس**

ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە باشووری کوردستان بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانی عێراقە. ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و شەنگار، هەروەها ژمارەیەک ناوچە لە پارێزگاکانی نەینەواو دهۆک، بەشێکن لە خاکی کورد و دوای کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانی و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق خرایە سەری. لەم ناوچانەش پێکهاتەی وەک تورکمان و ئاشووری و عەرەب هەن کە لەگەڵ کورد بەڕێزەوە بەیەکەوە دەژیێن.

حکومەت و حزبی بەعس ئەو ڕاستییانە دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا؛ بە ئەنقەست هەنگاوی نایاساییان نا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی ڕاستەقینەی ئەو ناوچانە، لەڕێی بەرنامەی دووبارە نیشتەجێکردنەوەی بەرفراوان؛ کوردە ڕەسەنەکان دەرکران و ئەوانەی لە نوێشەوە هێنران

نامۆن بـە ژینگەکـەی. هەریـەک لە دەرکـراو و هـێنراوە نوێیەکان، بەدەسـت گۆڕانکاریـی نایاسـایی و بەخـورتی دەناڵێنـن لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونیان.

حکومەتی بەعس ئەو سیاسەتانە دەگرێتەبەر:

١. خەڵکێـک کـە کـورد نیـن بەژمارەیـەک کـە بـەردەوام لـە زیادبوونـە، دەهێنرێنــە ســەر خاکــی کــورد.

٢. ململانێـی نێـوان گـەلی کـورد و ئـەو پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییانـەی دانیشـتووی کوردسـتانی عێراقـن، لـە زیادبوونـە.

٣. هەڵمـەتی ڕاگواسـتنی بـە کۆمەڵـی ماڵبـات و عەشـایری کـورد، بەتایبـەتی کـوردی فەیـلی و هـۆزی گۆیـان و ئۆمەریـان لـە پارێـزگای نەینـەوا.

٤. دەستبەسەرداگرتنی زەوی و موڵکی خاوەن موڵکە کوردەکان.

وێـڕای ئـەوەی چەندیـن جـار لەڕێـی نوێنـەری پارتەکەمـان پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان؛ لـە کۆبوونـوەکانی لیژنـەی دانوسـتانی ئاشـتی بەپێـی ڕێکەوتنـی ئـاداری ١٩٧٠، هۆشـداریمان داوە لـە نامرۆڤایـەتی و لێکەوتـە مەترسـیدارەکانی ئـەم سیاسـەتە، بـەڵام دۆخەکـە بـەردەوام بـەرەو خراپییـە بەپێـی پلانێکـی تۆکمـە بـۆ جیاکاریـی ڕەگـەزی و کۆمەڵکوژیـی گەلەکەمـان لـە کوردسـتانی نیشـتمانی خۆیـدا.

ئێمـە لەسـەرکۆنەکردنی ئـەو سیاسـەتە ڕەگەزپەرسـتانەیە بـەردەوام دەبیـن و داوا لـە حکومەتەکەمـان دەکەیـن بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی نەتەوەیـی و هەرێمـی، بیوەسـتێنێ. ئێمـە ڕوومـان لـە ڕای گشـتیی عێـراق و عـەرەبی و جیهانییـە؛ تـا بێنـە کوردسـتانی عێـراق و ڕاسـتیی ئـەم پرسـە بسـەلمێنن. هەروەهـا ڕوو لـە تـەواوی ڕێکخـراوە مرۆیـی و سیاسـییە عـەرەبی و

نێودەوڵەتییـەکان دەکەیـن بـۆ نێوەندگیـری و هاوکاریکـردنی قوربانیـان.

دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ و خاپوورکردنی گوندەکانی کورد

لـە قـەزای شـەنگاری پارێـزگای نەینـەوا، ژمـارەی ئـەو گوندانـەی دوای ڕێکەوتننامـەی ئـاداری ١٩٧٠ عێـراق تۆپبـارانی کـردوون، مایـەی نیگەرانیـن. ڕێنمایـی بـۆ یەکـەی تۆپهاوێـژی عێراقـی نێـردراوە بـۆ خاپوورکـردن و وەزیـرەکانی عێراقیـش ڕەزامەنـد بـوون، بـە ئامانجـی ناچارکـردنی کـورد تـا گوندەکانیـان چۆڵبکـەن:

١. گریشک
٢. هەیالی
٣. خیزانۆک
٤. بشارکۆ
٥. زۆراڤا
٦. هیرکێ
٧. قهیل
٨. شۆرکان
٩. قینی
١٠. چمی جێڤرا
١١. یوسفا
١٢. یۆرک
١٣. رەشید
١٤. تۆریک

١٥.قارسی

١٦.شەڕیفەددین

١٧.قۆرماق

١٨.قزەل قەند

١٩.ئۆرڤا

٢٠.جێڤرۆق

٢١.زۆیانی

٢٢.جۆلان

٢٣.قەی عبدی

ئـەو گوندانـەی لەمـاوەی سـاڵانی "ئاشـتی" لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە خاپـوور کـراون:

١. هەردان

٢. باخلیف

٣. تاهیزە

٤. زاکرۆدە

٥. بیتوانی

٦. هەسین

٧. عەلدانی

٨. نیسیری

٩. کەواسی

١٠.گەری زەرکا

١١.دوو هۆلی

١٢.سنونێ

١٣.ماهێز

١٤.کچە حاجی

١٥.بارا

١٦.گەری مار

١٧.تەل قەرەچ

١٨.تەل خەشەب

١٩.تەنکە

٢٠.سیدەری

٢١.عەین غەزال

٢٢.عەین فاتی

٢٣.کانی مەنکان

٢٤.عەلی سەرکا

٢٥.تەپە

ژمارەی ئەو کەسانەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن و زەوییەکانیان دەستیبەسەرداگیراوە لە زیادبووندان. ئەمەی خوارەوە ناوی ئەو گوندانەی کوردە کە زەویەکانیان دەستیبەسەرداگیراوە:

١. کاوێسی سەروو

٢. کاوێسی خواروو

٣. کانی عەبدی

٤. سەنعان

٥. چیمی

٦. زۆمانی

٧. گەر زەریگ

٨. کەزەلکەند

٩. ئۆشپا

١٠.هریکۆ

١١.گۆهبەل

١٢.گۆهبەلی رۆژهەلات

١٣.چەمی جەڤرا

١٤.کینی خواروو

١٥.کینی سەروو

١٦.هەردان

١٧.زۆراڤا

١٨.بۆریک

١٩.ڕەشید

٢٠.کینیی

٢١.یوسفان

٢٢.شەڕیفەددین

٢٣.شرێبکا

٢٤.بشارکۆ

٢٥.گریشکی ڕۆژهەلات

٢٦.خزانی

٢٧.بەرانا

٢٨.کۆچا چەمی

٢٩.زەروان

ژمارەیەک نموونە سیاسەتی پەیڕەوکراو ڕوون دەکەنەوە. لە قەزای شێخان گوندی کانی کۆنێ لە ٥ی فێبریوەری ١٩٧٣ بە فەرمانی حکومەت تۆپباران کرا. لە ٢٥ی ئاداری ١٩٧٣ سوپای عێراق گوندی شفری لە قەزای زومار گەمارۆدا، دانشتووانەکەی ترسان و ڕایانکرد. سەربازی عێراق ماڵ و سامانی جووتیارانیان تالانکرد و دواتر گوندەکەیان خاپوورکرد کە بووە هۆی کوژرانی چەند کوردێک و برینداربوونی هەندێکی دیکە. لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٣ و لەوکاتەی کورد خەریک بوون خۆیان بۆ ئاهەنگی نەورۆز، جەژنی نەتەوەیی کورد، ئامادەدەکرد، پۆلیس و هێزی ئاسایش گەمارۆی ڕێکخراوە کوردستانییەکانیان دا و تەقەیان کرد.

کەرکووک گەورەترین شاری کوردییە و پێکهاتەی دیکەشی تێدان. ڕێکەوتن لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس کرا بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە بە هاوبەشی، بەڵام لە ڕاستیدا؛ شارەکە تەنیا لەلایەن بەعسەوە بەڕێوەدەبرێ. سەرەڕای ئەوەش، شەش گەڕەکی نوێ لە کەرکووک دروستکراون: کەرامە و حوریە و ١٤ی ڕەمەزان و وەحدە و یەرموک و ئەندەلوس. ڕێگە نادرێ کورد لەم گەڕەکانە نیشتەجێ بن، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کورد نین

و لـەدەرەوە هـێنراون. لـە بەڕێوەبەرایەتییـە حکومییـەکان ڕێگـە بـە بەکارهێنـانی زمـانی کـوردی نـادرێ، بـە هەمانشـێوە لـە قوتابخانەکانیـش بەکارهێنـانی زمـانی کـوردی قەدەغەیـە.

لـە قـەزای دبـس ژمارەیەکـی زۆر گونـد بـەزۆر چۆڵکـراون. وێـڕای گەیـشتن بـە ڕێکەوتـن لـەکاتی دانوسـتانەکانی ئاشـتی و حوکمـی زاتی لەنێـوان حکومـەتی بەعـس و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە بڕیـار لـە گەڕانـەوەی دانیشـتووانە ڕەسـەنەکان بـۆ سـەر زێدیـان درابـوو، کەچـی تـا ئێسـتا دەسـەڵاتدارانی حکومـەت ڕێگرییـان لـە جێبەجێکـردنی کـردووە. کـورد ناتوانـن بگەڕێنـەوە ئـەم گوندانـە:

١. ئەمشا
٢. قەرە دەرە
٣. قەرە عەربەت
٤. قۆش قایا
٥. مەرعی
٦. کۆتانی گەورە
٧. کۆتانی خەلیفە
٨. خانەقا
٩. هەنجیرە
١٠. گرکەچەل
١١. کۆپلیچە
١٢. سەیکانیان

١٣.گۆرمەیل

١٤.سۆنا گۆلای

١٥.یارسلی

١٦.قەرگەتۆ

١٧.شێراو

١٨.باجوان

١٩.ئیسماعیل ئاوا

٢٠.عەلیاوا

٢١.مەلحی

٢٢.پەنجا عەلی

٢٣.گارا

٢٤.ئیدریس بابۆج

لە ناوچەکانی کفری و توز و داوەدا، دانیشتووانی کورد بەخورتی لە گوندەکانیان دەردەکرێن:

١. دۆلسی گەورە

٢. دۆلسی بچووک

٣. حەشیشە

٤. تەل رەبا

٥. گۆمپۆس

٦. کەریمیە

٧. سەیکەنیان

٨. سەیید وەلی سەیید عەلی
٩. عەلبۆ سیراج
١٠.عەلبۆ محمد
١١.عەلی بەیلی
١٢.زانکار
١٣.تەپە بەسەل

لـەم ناوچەیـەدا بەڕێوەبەرایـەتی چاکسـازیی زەوی و زار؛ مـافی ئـەوە بـە کـورد نـادا زەوییەکانیـان بەکاربهێنـن. جووتیـاری کـورد دەتۆقێنرێـن. لـە ناوچـەی تـوز چەتـە بـۆ هێرشـکردنە سـەر جووتیـاری کـورد بەکـرێ گیـراون کـە ئەمـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆریـان لـە تـرسی ڕۆحـی خۆیـان ڕابکـەن و تـا ئاسـایی بوونـەوە نەگەڕێنـەوە سـەر زەویەکانیـان. سـەرەڕای ئـەوەش ئـەم زەوییانـە لەلایـەن خەڵکـی غەیـرە کـورد دەستیانبەسـەرداگیراوە.

لــە هــەردوو ناوچــەی خانەقیــن و مەنــدەلی، ژمارەیەکــی زۆری دانیشـتووان بـۆ سـنووری ئێـران ڕاگوێـزراون و ئـەوانی دیکـەش بـەرەو ناوچـە "ئازادکـراوەکان" لـە کوردسـتانی عێـراق هەڵاتـوون. بەکارهێنـانی زمــانی کــوردی لــە بەڕێوەبەرایەتییــە حکومییــەکان و قوتابخانــەکان قەدەغەیـە و کـورد بـێ بـەش دەکرێـن لـە ڕەگەزنامـەی عێراقـی.

پێشێلکردنی ڕوونی مافی مرۆڤ

ئـەوەی پێـشتر گوتـرا، کەمێـک لـەو نەهامەتییانـە پێشـاندەدا کـە کـورد لـە عێـراق چەشـتوویانە، هـەر لەبـەر ئـەوەی دەیانـەوێ هاوڵاتیـی عێراقـی

بــن و کــورد بــن، هەروەهــا وەکــو هــاوڵاتی پلــە یــەک لــە بنیاتنــانی ئــەو نیشــتمانەی لەگــەڵ عــەرەب و ئــەوانی دیکــە بــەشی دەکــەن، بەشــداری بکــەن. ئــەو دووژمنایەتییــە بــە ئەنقەســتە لــە دژی نەتەوەیــەک بــەڕوونی پــەردە لەســەر پێشــێلکارییە ســەختەکان دژی مــافی مــرۆڤ هەڵدەماڵــن.

شاندی کورد لە دەرەوە

# پاشکۆی L

**پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**بەدواداچوون لە باکووری عێراق**

**(٩ تا ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠)**

**ڕاپۆرت، بەرگی I**

**پاشکۆ، پوختە و پێشنیاز، بەرگی II**

**پێشنیاز و هاوکاریکردن**

**پێشنیازە گشتییەکان**

**هاوکاریی نێودەوڵەتی**

**پوختە**

باکووری عێراق پێویستی بە پلانی ئابووری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازیی هەنووکەیی هەیە.

عێراق بە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێ لە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی گشتی، بەڵام هێشتا لە پلانی هەرێمی دەستەوەستانە. ئەگەر ئەم پلانانە ئامادەکران، وەک ئەوەی لە بەشی "پلاندانانی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن" پێشنیازکراوە لەم ڕاپۆرتەدا، ئەوا پێویست دەکا بەتەواوی بخرێتە چوارچێوەی سستەمی ئێستا. نێردراوان وای دەبینن کە ئەمە دەرفەتێکە بۆ عێراق هاتووەتە پێش، تا کەڵک لە هەوڵە هاوبەشەکانی هەموو ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی نەتەوە

یەکگرتـووە وەربگـرێ، بـۆ جێبەجێکـردنی پلانی پەرەپێدانەکە. ئەمـەش دەبێتە پلانێکـی هەرێمیـی تۆکمـە و دەبێتـە نموونەیەک بۆ بەشـەکانی دیکـەی عێراق و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و وڵاتـانی دیکەش.

پێشنیاز

داواکاریـــی دەســـتەی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان و ڕێکخـــراوە تایبەتمەنـدەکان بـۆ هاوکاریکـردن لـە داڕشـتنەوەی پلان و جێبەجێکـردنی بەشـێوەیەکی نموونەیـی. ئەمـەش پێویسـتی بـە پشـتیوانییەکی چـڕ هەیـە کـە ئەمانــە دەگرێتــەوە:

هاوکاریی تەکنیکی

ئامادەکردنی ڕاپرسیی جیاواز و توێژینەوەی جەدوا بۆ ئەم پرۆگرامە پێویستن

- ڕەخسـاندنی کەوادیـری هونەریـی پێویسـت لەسـەر بنەمـای بودجـەی بەکاربــەری بــۆ پاڵپشــتیکردنی کادیــری تەکنیکــی و جێبەجێــکار، تــا ئەوکاتـەی کەوادیـری ناوخۆیـی دەسـت بـە کارکـردن دەکـەن. دەکـرێ چـاو لـە هەوڵـی عێـراق بکـرێ بـۆ هەوڵـی شانشـینی عـەرەبی سـعودیە و لیبیـا لەسـەر بنەمـای سـندوقی دڵنیایـی.
- پێشکەشـکردنی هاوکاریـی لەسـەر بنەمـای ڕاوێژکاریـی بـۆ کادیـرانی ئێسـتای تەکنیکـی و کارگێـڕی.

هاوکاریی دارایی

- داواکاردنی هـاوکاری لـە ڕێکخـراوە تایبەتـەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، بەتایبـەتی سـندوقی تایبـەتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و پرۆگرامـی خۆراکی جیهـانی بـۆ جێبەجێکـردنی پرۆگرامەکـە.

- داواکردنی هاوکاریی دارایی لە بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرۆژانەی داهاتێکی زۆریان هەیە، لەوانە بەکارهێنانی ئاوی سازگار و بەرهەمهێنانی بەروبوومی ئاژەڵی و پشەسازییە بنەڕەتییەکان و هی دیکەش
- داوای پشکداریکردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دیکەی هاوکاری، بەتایبەتی لە ڕێی هاوکارییە دوولایەنەکان.

هاوکاریی دووسەرە

**أ. پوختە**

نێردەکە تێبینی ئەوەی کردووە، ژمارەیەک وڵاتی پێشکەوتوو بایەخێکی زۆر بە هاوکاریکردنی عێراق دەدەن لەپێناو بە ئەنجامگەیاندنی پێشکەوتنی تەواوەتی هەرێمی. هەندێک لەو دەوڵەتانە پێشنیازی هاوکاریی دوولایەنە دەکەن لە ڕێی قەرزی بێ قازانجی درێژخایەنی هاریکاریی، یان سستەمی ئاڵوگۆڕ بۆ دانی پارەی کەرەستەی هاوردەکراو، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بەرانبەر بەرهەمەکانی عێراق بەتایبەتی نەفت و تووتن و دانەوێڵە.

ڕەنگە ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە لەوەدابێ؛ نموونەیەکە دەکرێ وەک پرۆژەیەکی سەرکەوتوو لە ناوچەکانی دیکەی عێراق یان وڵاتانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەڵکی لێ وەربگیرێ.

لەسەر ئەم بنەمایە پێشنیازی دابەشکردنی ئەم ناوچەیە دەکرێ (کە ڕووبەرەکەی لە ٧٠٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە زیاترە) بۆ چەند بەشێک، واش بە باش دەزانرێ، بەپێی ئەو دابەشکردنە کارگێڕییەی ئێستا بەپێی پارێزگاکان بێ. دواتریش بەپێی ئەمە هاریکاریی دەرەکی ڕێکبخرێ،

بەجۆرێـک دەرفـەت بـە هـەر وڵاتێکـی بێگانـە بـدرێ پارێزگایـەک پێشـبخا لەڕێـی ڕێکەوتنێکـی دوولایەنـە لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق.

ئــەم ڕێکخســاتە ئاڵنگارییەکــی گــەورە بــۆ وڵاتــانی بەشــدار کــە بەیەکـەوە هەوڵـی چارەسـەری هەمـان کێشـە دەدەن، دروسـت دەکا کـە باشتریـن تەکنیـک و ئامـرازی خۆیـان بەکاردێنـن. هـەروەک کاربەدەسـتانی عێراقیــش باشتریــن هاوکاریــی دوولایەنــە و بەرزتریــن ئاســتی کار دەڕەخســێنن.

دەشـکرێ ئەمـەش نموونەیەکـی زۆر بەکەڵـک بـێ بـۆ بەشـەکانی دیکـەی عێـراق و تـەواوی وڵاتـانی دراوسـێی.

**ب. ڕاسپاردەکان**

**یەکەم:** لە چوارچێوەی پرۆگرامی فریاگوزاری کە ماوەکەی دوو ساڵە.

ئەنجامـدانی ڕووماڵێکـی گشـتگیر بـە هاوکاریـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، بـۆ ئەگـەری هاوکاریـی دوولایەنـە لەگـەڵ وڵاتـانی پێشـکەوتوو و دۆسـت.

دانوســتان لەڕێــی کاربەدەســتانی پســپۆڕی عێــراق بــۆ ڕێکەوتنــی دوولایەنــە بــۆ ئــەم هاریکارییــە.

**دووەم:** ئەنجامــدانی ڕێکەوتنــی درێژخایــەن لەپێنــاو دەســتەبەرکردنی ســوود بـۆ هــەردوولا لــە بــوارە جیاوازەکانــدا.

گەڕان بۆ لێکۆڵینەوە

بــە ڕوانیــن لــەو پــرۆژە جۆربەجۆرانــەی لــە بــوارە جیــاوازەکانی کارکردنــدا ڕێکدەخرێــن، ئــەوا بەرپرســە بــاڵاکانی بەشــدار لــەم پرۆژەیــە،

بەتایبـەتی وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان و ئەندامـانی ئەنجوومـەنی پەرەپێـدان و بەڕێوەبـەرە گشـتییەکان و بەرپرسـە بـاڵاکانی جێبەجێکـردن؛ سـوودێکی زۆر لـە سـەردانی ئـەو شـوێنانە وەردەگـرن کـە پێـشتر بـە سـەرکەوتوویی لـە وڵاتـانی دیکـە جێبەجـێ کـراون، بەتایبـەتی ئەوانـەی هەمـان کەشـوهەوا و بارودۆخـی هاوشـێوەیان هەیـە.

ڕاسپاردە

لەچوارچێوەی بەرنامەیەک کە بۆ دوو ساڵە

ڕێکخستنی سەردانێکی هونەری بۆ ئەم پرۆژانە:

میزوجیورنو (باشووری ئیتالیا)

باس رون لانگدوك (فەرەنسا)

بوداخوز (ئیسپانیا)

دەســـتەی دۆڵـــی تێـــنسی و کالیفۆرنیـــای ناوەڕاســـت (ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکانی ئەمریـــکا)

پلانی سەوز (لوبنان)

بیرۆکەیەکـی بـاشتر بـۆ پلانی سـەرکەوتووی گەشـەپێدانی هەرێمـی و ئەزمـوون و زانیاریـی زیاتـر، لەگـەڵ هاوکاریکردنیـان بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندیـی کـەسی تـا زانیـاری و ئەزمـوون و تەنانـەت کارمەندەکانیـش بەشـێوەیەکی بەرهەمهێنەرانـە لـە داهاتـوودا ئاڵوگۆڕبکـەن. هـەروەک ئـەم سـەردانانە لـە ڕێکخسـتنی یەکەمیـن پرۆگرامـی مەشـق بـۆ ئـەو پرۆژانـە هـاوکار دەبـن.

یاسا و تەشریعاتەکان

پوختە

عێراق خاوەنی یاسا و دامەزراوەی ئەوتۆیە؛ هی شارستانییە هەرە کۆنەکانن. بەغداش ناوەندی دەرکردنی چەندین یاسای ئیسلامی بووە کە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان بەکاردێن، بۆیە جێبەجێکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی تێروتەسەلی ئاوا، بە تەواوی کاریگەریی لەسەر بنیاتی کۆمەڵایەتی دەبێ کە بێگومان پێویستی بە دەرکردنی یاسا و دامەزراوەی نوێ دەبێ.

ڕاسپاردەکان

لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی فریاگوزار کە ماوەکەی دوو ساڵە

لێکۆڵینەوە لە یاسا بەرکارەکان و جێبەجێکردنیان لەسەر بنیاتی کۆمەڵایەتی نوێ کە لێکەوتەی: هاوکاریکردن، سستەمی فرۆشتنی نوێ، کەڵک وەرگرتن لە ئاوی سازگار..هتد

هەموارکردنەوەی یاساکانی ئێستا یان دەرکردنی یاسا و دامەزراوەی نوێ.

پوختە

بەشی باکووری عێراق، وەک ئەوەی لە نەخشەکەدا هاوپێچ کراوە، دووچاری کاولکارییەکی مەزن بووەتە بەهۆی هێرشە دوژمنکارییەکانی پێشوو کە بە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆتایی پێهات.

لەسەر داواکاریی حکومەتی عێراق کە ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٧٠ی لەسەرە، پرۆگرامی پەرەپێدان لە نەتەوە یەکگرتووەکان نێردەیەکی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارانە ناردووە:

لێکۆڵیەنــەوە و هەڵســەنگاندنی بارودۆخــی هەنووکەیــی باکــووری عێــراق و ئاییـنـدەی.

ئامادەکـردنی پلانێکـی تۆکمـە و هەمەلایـەنی پەرەپێـدان، کـە ڕێـکاری خێـرای تێـدان و دەبـێ لـە دوو سـاڵی یەکەمـدا جێبەجـێ بکرێـن، هەروەهـا ڕێـکاری مـاوە مانناوەنـدی بـۆ هاوکاریکـردنی ناوچەکـە، تـا بگاتـە قۆناغـی پەرەسـەندنی ئاسـایی.

دوای سـەردانکردنی ناوچەکـە کـە سـێ هەفتـەی خایانـد، شـاندکردنەکە تــەواو بــوو، بــەڵام بــەر لــەوەی دەســت بــە هیــچ بەرنامەیەکــی پەرەپێـدان بکـرێ، پێویسـتییەکی زۆر هەبـوو بـە بەرنامـەی فریاگـوزاری کــە تایبــەت بــێ بــە کێشــەی ئــاوارە و دەرکــراوەکان. تێبینــی ئــەوە کـرا، نزیکـەی حەفتسـەت گونـد بەهـۆی کارە دوژمنکارییـەکان زیانیـان بەرکەوتـووە و نزیکـەی ٤٠٠٠٠ مـاڵ وێـران کـراون. نزیکـەی ٣٠٠ هـەزار کـەس ئاوارەبـوون و بـێ مـاڵ مانـەوە.

ئـەم ژمارانـە بەنزیکەیین، دەسـەڵاتدارانی ناوچـەکان داویانەتە شـاندەکە. ئـەو بارودۆخـە ناجێگیـرە گرفتێکـی زۆر بـۆ ئـەو کەسـانە دروسـت دەکا کـە مـاڵ و زەوی و ئامێـر و پیشـەکانیان لەدەسـتداوە و پێویسـتیان بـە پێشکەشـکردنی هاوکارییـە، بەتایبـەتی لـەو بوارانـەی پێـشتر باسـیان کـرا.

بـە لەبەرچاوگرتنـی هەبـوونی پێشـنیازی هاوشـێوە لـەو بەرنامـە فریاگوزارییـەی ماوەکـەی دوو سـاڵە، شـاندەکە دەیـەوێ سـەرنج بدرێتـە خوێندنـەوەی ئـەم بەرنامـە فریاگوزارییـە لەگـەڵ ئـەو پێشـنیازانە.

## کێشەی جلوبەرگ و پێڵاو

پوختە

دابینکــردنی هەندێــک جلوبــەرگ، بەتایبــەتی پەســتەک، زۆر پێویســتە، وا باشــە پەســتەکی قــورسی بــاران بــن، چونکــە ئــەم ناوچەیــە زســتانێکی ســاردی هەیــە. ئاســانترین ڕێگــە بــۆ دابینکــردنی ئــەو پێداویســتیانە، هێنــانی قوماشــە، تــا دوورینەکــەی لەناوخــۆ بــێ و بەپێــی شــێواز و دابونەریتــی ناوچەکــە بدورێــن.

پێویســتییەکی زۆر هەیــە بــە پــێڵاو، بەتایبــەتی ئــەو پێڵاوانــەی دەتــوانی لەســەر ســەهۆڵ پێیــان بــڕۆی، چونکــە پــێڵاوەکانی پێــشتر کــە لــە لۆکــە و بــەن دروســت دەکرێــن، بەرگــەی تەڕێتــی ناگــرن. ڕەنگــە پــێڵاوی کــورت بــۆ کەشــوهەواکە و کاری جووتیــاری گونجاوتــر بــن.

**ڕاسپاردە**

پێــدانی جلوبــەرگ، بەتایبــەتی ئــەو قوماشــانەی بەرگــەی ئــاو دەگــرن، لەناویشــیاندا جلوبەرگــی زســتان.

پێدان و پەرەپێدانی بەکارهێنانی کەلوپەلی چنینی نوێ.

پێدانی پێڵاو، بەتایبەتی ئەوانەی لە مەتات یان لاستیک دروستکراون.

پەرەپێــدانی پرۆگرامــی چــڕی مەشــق لەســەر پیشەســازیی پــێڵاوی چــەرم و جــۆری جیــاوازی دیکــە.

**گرفتەکانی خۆراک**

پێداگـری لـە پێویسـت بـوونی خـۆراک دەکرێتـەوە، بەتایبـەتی ژەمـی خۆراکـی هاوسـەنگ. ڕەنگـە گرفتـی گـەورە لـە نەبـوونی ئـەو خۆراکانـە بـێ کـە پڕۆتینـی ئاژەڵیـان تێدایـە، وەک ئـەوەی لـە بـەشی "تەندروسـتی" خراوەتـەڕوو. کـەم خۆراکـی؛ هـۆکاری سـەرەکی پەیدابـوونی چەندیـن نەخـۆشی خۆراکیـن. بـاشترە فریاگوزارییـە خێراکـە بـۆ ئافـرەتی دووگیـان و منداڵـی شـیرخۆر و ئـەو منداڵانـە بـێ کـە دەچنـە قوتابخانـە.

ڕاسپاردە

لەچوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری کە بۆ دووساڵ بەردەوام دەبێ:

دەسـتەبەرکردنی هـاوکاری و دابەشـکردنی گونجـاوی خـۆراک و هاوکارییـەکان بـۆ ئاژانسـە تایبەتمەنـدەکان، بەتایبەتیـش یونسـێف و بەرنامـەی خۆراکـی جیهـانی و خاچـی سـوور و کاریتـاس و ڕێکخـراوی دیکـەی فریاگـوزاری.

بنیاتنـانی سسـتەمی دابەشـکردنی چـالاک، بـە بەکارهێنـانی نوێتریـن تەکنیکـی لێکدانـەوەی داتـاکان. دەشـکرێ داوای شـاندێکی تایبەتمەنـد لـە ئۆنـروا بکـرێ، بـۆ ڕێکخسـتنی کۆگاکـردن و ژمێریـاری و دابەشـکردن.

دابینکـردنی پێداویسـتیی خۆراکـی هاوسـەنگ لەڕێـی پرۆگرامـی خۆراکـی جیهـان و سـەرچاوەی دیکـە، وەک کرێـی ئـەو کرێکارانـەی لـە پـرۆژە چڕەکانـدا کاردەکـەن لـە بـوارەکانی دروسـتکردنی ڕێـگا و نیشـتەجێبوون و دووبـارە داچاندنـەوە.

**گرفتە تەندروستییەکان**

پوختە

وەک ئـەوەی لـە بـەشی تەندروسـتیدا ڕوونکراوەتـەوە، بارودۆخـی تەندروسـتی؛ پێویسـتی بـە هـاوکاری خێـرا هەیـە بـۆ کۆنترۆڵکـردنی بڵاوبوونـەوەی نەخـۆشی پەتایـی و نەخۆشـیە سـەرەکییەکانی دیکـەش کـە لـە ناوچەکـەدا زۆر بڵاون.

ڕاسپاردە

دەسـتەبەرکردنی داوودەرمـان و ڤیتامینـە بـە ڕێـژەی پێویسـت بـۆ نەخۆشـییە بـاوەکان.

ناردنی تیمە فریاگوزارییەکان لە کادیری پزیشکی لە هەموو ئاستەکان.

دەسـتەبەرکردنی یەکـەی گـوازراوە و ئەمبولانـس و ئامێـری تیشـکی سـینی و کەلوپـەلی پزیشـکیی دیکـە.

پێدانی کەلوپەل و کادیری پێویست بە نەخۆشخانە و بنکە پزیشکییەکان.

کێشەی دانیشتووان

پوختە

گوتـراوە کـە نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ کەس لەم ناوچەیە بێ ماڵ و حاڵن، پرۆژەی پلانی شـار و نیشـتەجێکردنیش، تەنانـەت گـەر بـە خێراییـش ئەنجامبـدرێ، هێشـتا کەمێـک کات دەخایەنـێ. پێویسـتە پەناگەیـەک و کەمتریـن کەلوپەلی ناومـاڵ کـە لەتوانادایـە بـۆ ئەم دەسـتەیە دەسـتەبەر بکرێ.

ڕاسپاردە

دانـانی بەرنامەیەکـی بەپەلـە بـە بەکارهێنـانی چـادری زسـتانەی تایبـەت، یـان کابینـە کـە دواتـر لـە کشـتوکاڵی کۆمەڵگـە و هاریکاریی(تەعـاون) بەکاردێنــەوە. ٢- پێــدانی بەتــانی گونجــاو. ڕەنگــە لەســەرەتادا پێویســت بــەو بــکا هــاوردە بکرێــن، بــەڵام دواتــر دەکــرێ لــەو خوریــەی لەناوخــۆ بەرهەمــدێ، دروســتبکرێن.

داوا لــە ڕێکخــراوی یونســێف و بەرنامــەی خۆراکــی جیهــانی کــراوە، بایەخـی زیاتـر بـەم بەرنامەیـە بـدرێ و هـاوکاری پتر بکرێـن بـەوەی لەگـەڵ بـڕی پێویسـتیی ئێسـتا بگونجـێ.

# پاشکۆی M

تەنیا لە هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەوا

ناوی ئەو قوتابخانانەی تا کۆتایی ١٩٧٠ داخران

| ناوی قوتابخانە | شارەدێ | قەزا |
|---|---|---|
| ئایتووت | زاویتە | دهۆک |
| شیزی | سێمێل | دهۆک |
| زاوا | سێمێل | دهۆک |
| بەرۆشکێ سەعدوون | دۆسکی | دهۆک |
| دەر کێژینک | دۆسکی | دهۆک |
| کێمکا | دۆسکی | دهۆک |
| بێسفکێ سوفلی | دۆسکی | دهۆک |
| بێندا | دۆسکی | دهۆک |
| کۆڤێل | دۆسکی | دهۆک |
| زێوکا عەبو | دۆسکی | دهۆک |
| کێلنازکێ | دۆسکی | دهۆک |
| مەژەلمینمات | دۆسکی | دهۆک |
| کەندکۆسا | دۆسکی | دهۆک |

| | | |
|---|---|---|
| عاسی | سلێڤانا | زاخۆ |
| بێژی | سلێڤانا | زاخۆ |
| بێتاس | سلێڤانا | زاخۆ |
| دێرابوون | سلێڤانا | زاخۆ |
| قەسر مەلا تەییب | سلێڤانا | زاخۆ |
| بیجەک سوفلی | سلێڤانا | زاخۆ |
| سەروکانی | سلێڤانا | زاخۆ |
| ئارمێشت | سلێڤانا | زاخۆ |
| کۆلی | سلێڤانا | زاخۆ |
| باقیا | سلێڤانا | زاخۆ |
| دۆڵا | سلێڤانا | زاخۆ |
| قارا والسا | سلێڤانا | زاخۆ |
| بیرسێڤی | سندی | زاخۆ |
| بۆساڵ | سندی | زاخۆ |
| شێرەش ئیسلام | سندی | زاخۆ |
| سنات | سندی | زاخۆ |
| مەرسیس | سندی | زاخۆ |
| کۆرک | سندی | زاخۆ |
| دێرەشیش | سندی | زاخۆ |

| | | |
|---|---|---|
| نور دینا | سندی | زاخۆ |
| دار هۆزان | سندی | زاخۆ |
| بارزار | سندی | زاخۆ |
| باتیفا | گەلی | زاخۆ |
| لیفۆ | گەلی | زاخۆ |
| نافکێدال | گەلی | زاخۆ |
| ئافکەنی | گەلی | زاخۆ |
| مەلا عەرەب | گەلی | زاخۆ |
| دێمکا | گەلی | زاخۆ |
| دەربات تەیموور | گەلی | زاخۆ |
| سەرگەلی | گەلی | ئامێدی |
| رەشاوا | گەلی | ئامێدی |
| بامەڕنێ (کوڕان) | سەرسەنگ | ئامێدی |
| بامەرنێ (کچان) | سەرسەنگ | ئامێدی |
| ئەرەدن(کوڕان) | سەرسەنگ | ئامێدی |
| ئەرەدن(کچان) | سەرسەنگ | ئامێدی |
| داوودیە | سەرسەنگ | ئامێدی |
| ئەسپیندار | سەرسەنگ | ئامێدی |
| سەکرین | سەرسەنگ | ئامێدی |

| | | |
|---|---|---|
| دەهی | سەرسەنگ | ئامێدی |
| ئێنیشکێ | سەرسەنگ | ئامێدی |
| سوار | سەرسەنگ | ئامێدی |
| شێخ بەرمووس | سەرسەنگ | ئامێدی |
| هێزانکە زێڕ | سەرسەنگ | ئامێدی |
| کورەمارک | سەرسەنگ | ئامێدی |
| ئەسپیندار خەلفی | سەرسەنگ | ئامێدی |
| گێوانی | سەرسەنگ | ئامێدی |
| نیروک سیتوو | سەرسەنگ | ئامێدی |
| جی | سەرسەنگ | ئامێدی |
| کیریادیری | سەرسەنگ | ئامێدی |
| میزی | سەرسەنگ | ئامێدی |
| ئەیسان | سەرسەنگ | ئامێدی |
| کانی ماسێ | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| تڕوانش | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| بێدەوا | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| هروور | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| حەلوا ئیسلام | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| نەعی ئیسلام | بەرواری باڵا | ئامێدی |

| | | |
|---|---|---|
| رافێنا | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| بێنافی | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| ئۆرمیل | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| دۆرێ | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| لۆرا | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| جەلکی ئولیا | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| ئورمان | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| هیسی | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| کۆکا | بەرواری باڵا | ئامێدی |
| دەرکەنی | نەراواریکان | ئامێدی |
| بیبۆ | نەراواریکان | ئامێدی |
| دۆتازا | نەراواریکان | ئامێدی |
| نەروا ئۆلیا | نەراواریکان | ئامێدی |
| هۆرا | نەراواریکان | ئامێدی |
| سێدنی | نەراواریکان | ئامێدی |
| هێشی | نەراواریکان | ئامێدی |
| رەزکا | نەراواریکان | ئامێدی |
| کۆخی | ئێسڤنێ | ناوەندی قەزا |
| شکەفت هێدوان | ئێسڤنێ | ناوەندی قەزا |

| | | |
|---|---|---|
| دۆشفان | ئێسڤنێ | ناوەندی قەزا |
| شێخکێ | ئێسڤنێ | مرێبا |
| مێرسیدا | ئێسڤنێ | مرێبا |
| ئەتروش | ئێسڤنێ | مزووری |
| هەسنکا | ئێسڤنێ | مزووری |
| نەسرا | ئێسڤنێ | مزووری |
| خۆرکێ | ئێسڤنێ | مزووری |
| بێدا | ئێسڤنێ | مزووری |
| رەبتەکێ | ئێسڤنێ | مزووری |
| بەربرور ئولیا | ئێسڤنێ | مزووری |
| شێخ حەسەن | ئێسڤنێ | مزووری |
| بەلتا | ئێسڤنێ | مزووری |
| شوش | ئێسڤنێ | شۆرجیە |
| باکرمان | ئاکرێ | شۆرجیە |
| بیرا کەپرا | ئاکرێ | نەهلێ |
| کەشکاوا | ئاکرێ | نەهلێ |
| چەمسێنێ | ئاکرێ | نەهلێ |
| هەرت | ئاکرێ | نەهلێ |
| بەناخی | ئاکرێ | نەهلێ |

| هووکێ | ئاکرێ | نەهلێ |
|---|---|---|
| بەنێنان | ئاکرێ | عەشاییر سەبعە |